**نامەکان بەر لە مردن**
**ناخوێنرێنەوە**

کازیوه سالّح



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە

## کورتە چیرۆک

## نووسینی: کازیوە ساڵح



ناوی کتێب: نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە - کورتە چیرۆک
نووسینی: کازیوە ساڵح
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٤٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەمیر داوود
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی فیستڤالی (ئامیتا)ی پێ بەخشرا کە لە ئیتاڵیا سازکرا لە ساڵی ٢٠٠١*

پەنجەرەی خانووە کەڵەگەتەکە، کەوتووەتە سەر ئەو شەقامە قەرەباڵغ و پڕ ژاوەژاوەی کە بەلای ڕاستیدا بازاڕێکی ئاساییە وەکو هەموو بازاڕەکانی جیهان، لای چەپیشی بازاڕێکی دوور و درێژی لەسەر دروست کراوە پێی دەڵێن بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان، ڕیزی یەکەمی لای ڕاست تەنیا ژنان شتی تێدا دەفرۆشن، دیوی ئەو دیویش هەتا دەگاتەوە بەردەمی خانووە بەرزەکە جمەی دێت لە پیاو و بەهەردوو ڕەگەز هەریەک بەشێوەیەک هاوار دەکات: بەردی ڕەنگاوڕەنگی شوێنەوارەکان، ناسنامە، کتێب و فەرهەنگە دانسقە و کۆنەکان، عەینەکەکەی مەولەوی، سەبیلەکەی باپیرە، مناڵ بەپێی تەمەنەکان نرخیان لەسەر دانراوە، لەیەک ساڵەوە بۆ چوار لەسەر تیشێرتەکەی نووسراوەماڵی قاچاخچییە بۆ ژیان، لە چوارەوە بۆ دە ساڵان، ماڵی بۆیاخە بۆ پارە، لە (دە)وە بۆ پازدە ساڵان، لەسەری نووسراوە ماڵی سێکسە ئەم وەنەوشە، ژنەکانیش بەڕیز یەکی شەرواڵێکی پیاوانەیان لێ هەڵکێشاوە و هەموو شتێکی ژنان دەفرۆشن، ستیان، ئەتەک، تاقمی دەمی داپیرە و هەندێکیشیان ئەو پارچە پەڕۆیە دەفرۆشن کە چەند ساڵە



وەکو پەساپۆرتی شەرەف هەڵی گرتبوو، لەوێ هەموو شتێک دەفرۆشرێت تەنانەت دەڵێن مشکییەکەی یاشێخ و، کەشیدەکەی مام عەزیزی گەڕەکی قەزازەکانیش بینراوە لەوێ هەراج کراوە، ئەو شتانەش لێرەن هەموو ئەنتیکەن، تانەت هەوشاریش کە لە نێوان هەردوو بازاڕەکەدا دەوەستێ بەشێوەیەکی ئەنتیکە شتەکان دەفرۆشرێت، سندووقێکی نایلۆنی کراوەتە مل و لەسەر سندووقەکە نووسراوە دانەی بەدینارێک و، هەر مناڵێک ئەم دیمەنە سەرسوڕهێنە دەبینێ قاچی لێ دەکوتێ بەزەویدا هەتا بۆی نەکڕن ژێر نابێتەوە، بەو شێوەیەش ڕۆژانە زۆرترین ژمارەی میزڵدان دەفرۆشرێت.

ئەم بازاڕە تەنیا بەر پەنجەرەکەی نەگرتووە، بگرە بەهەر چوار لای خانووەکەدا نەخشەی کێشاوە و ژاوەژاوی بێزارکەری بازاڕەکە، ماڵەکەی کردووە بەمەملەکەتی نائارامی، بەتایبەت کە پاش سەرئێشەی بازاڕەکە لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێت، بەرامبەرت ئەو ژوورە دەبینیت کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا و بەبنمیچەکەیەوە چەترێک هەڵواسراوە و تەرمێکیش لەژێریدا بێ هاودەم و چاودێر کەوتووە.

گەرچی ڕاهاتووە بەو ژاوەژاو و دیمەنە دڵتەزێنە، زۆربەی کات بەتەماشاکردنی دەباتە سەر، یان با بڵێم هاتووتە ناو پەنجەرەکە و خەیاڵی هەڵواسراوە بەپەڵەهەور و گەڵا و دار و درەختەکانی دەوروبەریدا، وەکو ئەوەی بیەوێ بەوە ڕابردووی بیربچێتەوە بەڵام کام ڕابردوو کە هەست بەوە دەکات خۆ هەڵخەڵەتاندنە، وەک ئەوەی هەموو دیوار و سروشت، یادگارەکانی ئەویان هەڵگرتبێ. بەردەوامیش لەگەڵ گەواڵەهەورەکاندا دەبارێ و دوا هەنسکی هاوین بەفرمێسک دەڕژێ کەس نازانێ بروسکە و گەواڵەهەور و باران و چەتر، چ مەودایەکی بەرفراوانیان لە ژیان و هزری ئەمدا گرتووە.

هەور دەناڵێنێ و ئەمیش بەدوایدا، باران دەبارێ ئەمیش دەگری.

بروسکە دەدا و ئەم دەڵێ "کێ دەڵێ ئاسمانیش بۆ دووریی زەوی ناگری

که مرۆڤ لێی داگیر کردووە و، خەریکە ئەوەندەی بەدەرەوە ناهێڵێ ئاسمان تینوێتیی بشکێ... بۆ نا؟ مرۆڤ لە هەموو زیندەوەرێک زیاتر حەز بەداگیر کردن دەکات، هەتا شتێکیشمان لێ داگیر نەکەن بەخۆماندا ناچینەوە بزانین داخۆ داگیرکارین یا نە، نا... باوەڕ ناکەم ئەو کاتەش بپرسین، دەنا ئەو چەند ساڵەش باکیان دەبوو. لەوەی کە بەرامبەر من کردیان، جارێک دەهاتەوە بەبیریاندا کە هەموو شتێک و ژیانی منیان زەوت کردووە، بردیانەوە بۆ نادیار... بۆ سەرەتا... ئاخر هەر هیچ نەبێ هێندەی هەوشاریان پێ نەکرا. ها؟... منیش لەخۆمەوە شتی هەلەق و مەلەق ئەڵێم ئاخر کێ هێندەی هەوشاری پێ کراوە، هەتا ئەوان بیکەن؟ لەم کاتەدا وەکو ئەوەی زیاتر سۆزی جوولابێ، بەچاوێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ کەوتە چاودێری بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە بازاڕدایە، یا هیچ نەبێ کەس ئازاری نادات، ئیتر هەر لە پەنجەرەکەوە دەیبینی سەلامەتە و زمانی لاڵ و چاوی پڕ پرسیار، میزڵدانە ڕەنگاوڕەنگەکانیشی بەبەرزیی مەترێک لەسەروو خۆیەوە وێنەی کریستاڵێکی سەری ساڵی دەهێنایە پێش چاو، بەناو خەڵکەکەدا دەسووڕێتەوە، ئەوانیش هەندێکیان خۆیانی لێ لادەدەن و هەندێکیشیان بەسەرسامی و سۆزەوە لێی دەنواڕن، خێرا لەسەروو پەتەکەی دەمیەوە، میزڵدانێک لێ دەکەنەوە و دینارێک دەخەنە سندووقەکەی ملیەوە و هەتا تێ دەپەڕێ دوو سێ جار ئاوڕی بۆ دەداتەوە، هەندێکی تریشیان بەبێزەوە سەیری دەکەن و منداڵەکەیان دەدەنە بەر چەپۆک و بەدەم پەلکێشکرنییەوە، سێ چوار جنێو بەخاوەنەکەی دەدەن. ئەویش بەدڵشکاوی دەگەڕایەوە لای ئەو منداڵانەی سەرسامی ببوون و بەجووڵە و نمایشی جوان و سەرسوڕهێن زیاتر سەرسامی دەکردن و بەوشێوەیەش ڕۆژی بیست میزڵدان کەمتری نەدەفرۆشت "ئاخر خۆ هەر یەک لەو منداڵە ماندووانە ڕۆژی دە دینار پەیدا ناکەن، بەڵام ئەم بژێوی ماڵەکەی خراوەتە سەر و ئیتر بۆچی ماڵی باوکم هەمیشە سەرزەنشتم دەکەن و دەڵێن: تۆیەکی وەجاخکوێر بەدیار چییەوە دانیشتووی، نەمناڵێکت هەیە بیکەیت بەبیانوو، نەمێردەکەشت ئەوەندەی



سەروەت و سامانی بۆ بەجێهێشتووی بەئارامی پێی بژیت" ئاخر خۆ دڵسۆزی و هەوڵدانی هەوشار یارمەتی شەرمەزار دەکات، لەوانەشە لە ئاکارەکانی ئەوان تێ بگات بۆیە ئەوەندە خۆی ماندوو دەکات.

تەرمێک لەژێر ئەو چەترەی لەژووری بەرامبەر پلیکانەکە هەڵواسراوە کپ کەوتووە، تەرمێکە بۆگەن ناکات، تەنیا بەچاو دەبینرێ، بەدەست ناگیرێ و لانابرێ، نانێژرێ و فڕێ نادرێ، کۆن نابێ و لەبیر ناچێتەوە، تەرمێکە تەنیا خۆی لەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر سیمایدا دێت تێ دەگات، چەترەکەش هەمیشە لەوێدایە، بەڵام ئەو خۆی چەترەکە لانابات، چەترەکە لێ دەکرێتەوە و فڕێ دەدرێت، بەڵام لای نابات، چونکە یادگارێکی تاڵ بەو تەرمەوەی بەستووە، هەر چەندێکیش پێی دەڵێن تا چەند ساڵی تر ئەو چەترە تۆزگرتووە لەوێ دەبێت، ئەو دەڵێ "هەتا چەترێک دەبێت بۆ حەوانەوە و ئەو تەرمەش ماندوو دەبێ لەمانگرتن لەوێدا" هەر جارەی خەیاڵی بەلای ڕووداوێکدا دەڕۆیشت کە لەگەڵ ئەو تەرمەدا تۆماری کردووە، ئەو ڕۆژەشی بەتەواوی بیر کەوتەوە کە باوکی هات بەشوێنیدا بەزۆر بردیەوە، لەبەر خۆشیەوە هەر دەیگوت (بۆ ئێمە جوان نییە خۆت بەتەنیا لە خانوویەکدا بیت و تەرمێکی نێرینەشی تێدا بێت منیش هەر دەپاڕامەوە دەمگوت: "ئەم خانووە شەش بێوەژن هەر یەک بەکۆمەڵێ منداڵەوەی تێدایە ئیتر بۆچی جوان نییە، هەوشاریش زۆر یاریدەرمە".

باوکم گوتی: ئەی دەردم دا لە خۆت و لە هەوشاریش، چیت لەم شەیتانەدا دۆزیوەتەوە وا هێندە هۆگری ئەم ماڵە بووە، ئاخر من دڵنیام ئەم شەیتان و دێو و جنۆکەیە لەشێوەی ئەم جانەوەرەدا خۆی نیشان دەدات، دەبنواڕن سەیری کەن چۆن نیگامان تێ دەگرێ و، مۆڕەمان لێ دەکات کە باسی دەکەین، کە باوکم منی بردەوە ئەویش دوامان کەوت.

ئەویش زانی لەگەڵ کەسماندا سوودی نییە، بێ دەنگ بوو، بەڵام لە ماڵەوە هەوشاری بەستەوە بەپەرژینی باخچەکەوە، کەچی بەیانی هەستاین، لەوێدا نەمابوو، بۆیە منیش خۆم پێ ڕەنگیرا و لەگەڵ هەموو هەڕەشە و

چاو سوورکردنەوەکانی باوکم بۆ زانینی نهێنیی ئەو تەرمە و نەگەڕانەوەشم بەڵام بێ سێ و دوو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم، بۆ لای هەوشار و تەرمەکەی هاوەڵم. دراوسێیەکەمان تا ئەو کاتە لە وتنی گۆرانییە غەمناکەکەی نەبووەوە گوتی: هەر سەعات یازدەی شەو گەڕاوەتەوە و لەوێ شەوی ڕۆژ نەکردووەتەوە، منیش وەکو خووی هەمیشەی خۆم هەر لە پەنجەرەکەوە کەوتمە پشکنینی بازاڕە جەنجاڵەکە. لە دووڕا بینیم، ئەو میزڵدانانەی لەبەرئەوەی ڕۆژی پێشوو باوکمی بینیبوو گەڕابوو و نەیفرۆشتبوو، مابووەوە، ئەوانەی بردبووە بازاڕ و نیوەی فرۆشتبوو، چاوێکیشی هەر لە پەنجەرەکە بوو کە بینیی من پەنجەرەکەم کردەوە لەگەڵ تروسکەیەکی پڕ شادیدا، نمایش و سەمایەکی جوانی کرد، زیاتر کەوتە گوڕ و زۆری پێ نەچوو ئەو چەند دانەی تریشی کە مابوو فرۆشت و گەڕایەوە، منیش دە میزڵدانی ترم بۆ ئامادە کرد.

ئەویش پاش سەعاتێک ڕۆیشتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە بەئاسوودەییەکی زیاترەوە کاسبیی دەکرد، وەکو ئەوەی لەو ڕۆژەوە بەتەواوی لە نرخی خۆی دڵنیا بووبێت لەلای من، هەرچەندە خۆشی هەتا ئێستاش هەر یەک کاتژمێر لە ماڵەوە دەبێت دووبارە دەگەڕێتەوە لای کارەکەی، تەنانەت ڕۆژانی هەینیش ئەوەندە زوو دەچێت بۆ سەر قەبران، هەتا خەڵک لە خەو هەڵدەستێت ئەو دەگەڕێتەوە، ئاخر ئەو ئاکارەشی لەو ئەزموونەوە وەرگرتبوو، کە سەرەتا ڕۆژێک لە کاتی ڕۆیشتنی مندا ئەویش هات بۆ سەر قەبران، لەوێ ئەو هەوڵ و ماندووبونەی ئەو دەیدا بۆ ئەوەی میزڵدانێک لەسەر قەبرەکە جێگیر بکات دەخزا و دەکەوت ، هەڵدەستایەوە و جارێکی دی خەریک دەبوو، بەردی دەکرد بەئاو، کەچی مناڵانی گەڕەک بەردبارانیان کردین، خۆ هەر خەریک بوو بە هۆی ئەوەوە سەری خۆشم بشکێت ، ئەوەندەیان بەرد پیاکێشاین ئەگەر خڕبوونەوەی خەڵک و سەرسامییان بەئاکارەکانی هەوشار نەبووایە، مناڵەکانیان دوور نەخستایەتەوە، ئەو ڕۆژە ئەویش دەبوو بەقوربانی، یان هیچ نەبێ ئەگەر



مێ نەبووایە تەنانەت بۆ ئەویش دەیانگوت لەگەڵ ژنێکدا گیراوە ، بۆیە ئێستا بەیانیان ئەوەندە زوو دەڕوات کە مناڵان لە خەو هەڵنەسابن بگەڕێتەوە.

تەرمێک لە ژوورەکەدا بێ خەمخۆر کەوتووە، چەترێک بەبنمیچەکەی سەریەوە هەڵواسراوە و بەدیارییەوە شەونخوونی دەکات، تەرمێکی نادیاری نەناسراو هەمیشە لەوێدایە، کەچی تەرمی یەک کەسیش نییە، تەرمێک هەرگیز زیندوو نابێتەوە. کەچی هەمیشە لە گۆڕاندایە، کەس لە نهێنی ئەو چەتر و تەرمە تێ ناگات ئەو نەبێ، بۆیە باوکی دەهری دەبوو:

– کچێ شێتم مەکە، من کە ماڵەکەی تۆ دەبینم دەڵێی لە جیهانێکی تردا دەژیم، نهێنیی چەتر و تەرم و هەوشار لەم ماڵەدا چین؟

ئەویش دەیداتە دەست نیگایەکی تاساو و هیچ نالێ، جا چ پێویست دەکات باوکی بزانێت، ئەو خۆی دەزانێ چ دەردێک ئاڵوودەی کردووە، ئەوەتا دیسان بەر پەنجەرەکە بەر نادات و چاودێریی هەوشار دەکات، نەوەک مناڵێک بەردێکی پیا مالێ و ئازاری بدات، کاڵبوونەوەی یادگارەکانی ڕابردووشی ئاسان نەبوو.

"دێتەوە بیرم ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بەئاگا هاتمەوە، باس هەر باسی هەوشار بوو، دەیانگوت لە بەیانییەوە هەتا عەسر من هۆشم هاتووتەوە سەرخۆ، ئەو لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ تروسکەیەکی کز و لاوازدا، گریانێکی بەکوڵ گریابوو، ئەوەشی زیاتر خەڵکەکەی سەرسام کردبوو گریانەکەی بوو، بۆ یەکەم جار بوو ببینن سەگێک دەگری، بەڵام لەلای من شتێکی نامۆ نەبوو، ڕاستە پێشتر من نەمبینیوە سەگێک بگری، بەڵام ئێمە کاتێک (مێجر) ئەم سەگەی بەدیاری بۆ هینایین و گوتی: "لە یەکێک لە لادێکاندا هێناومانە، کە زیندەوەری تێدا نەمابوو جگە لەم سەگە، بەڵام خوویەکی سەیری هەیە، هەمیشە کزە، کزییەکی سەیر کە بەئاشکرا پێوەی دیارە، بەهەموو توانا هەوڵدەدەین ئولفەتمان پێوە بگرێ

کەچی بێ سوودە، من وای بۆ دەچم ئەم سەگە دڵی بەبێگانە نەکرێتەوە بۆیە پێشکەشی تۆی دەکەم".

ئێمەش ناومان نا هەوشار، ئومێدیش شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەکردنی ئاژەڵدا هەبوو، بۆیە هەر پاش ماوەیەک ئەم هاوشارەی لێ دەرچوو، بەڵام زۆر هۆگری ئومێد بووبوو، بەڕادەیەک زۆر جار، وام هەست دەکرد ئێرەییم پێ دەبات و هەرچەندە گەر ڕاستگۆ بم، منیش ئێرەییم بەو دەبرد، زۆر جاریش بەئومێدم دەگوت: تۆ لە من زیاتر بایەخ بەهەوشار دەدەیت بەڵام ئەو ڕۆژەی ئومێد تووشی نەخۆشی بوو، هێندە بەدەوروپشتیدا هات و سەری لە سنگی هەسووی و فرمێسکی بۆ ڕشت، بەخۆدا شکامەوە و ئیتر لەو ڕۆژەوە مافی ئەوەم دایە چەند خزمەتی یەکتری بکەن. چونکە ئەو لە من بەکوڵتر بوو، هەتا ئومێدیش لە جێگادا هەستا و نانی خوارد ئەو مانی لە خواردن گرت و بەتەنیشتیەوە گریا و هەڵنەستا بچێتە دەرەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بەفرمێسک و گریانی ڕاهاتبووین، بەڵام دیارە هەرگیز گریانی بەکوڵی وەکو ئەو ڕۆژەم نەدیبوو، ئاخر من بێ هۆش بوونەکەم، لە زانینی باقی کارەساتەکەی کردبووم، هەتا دوایی خەڵکەکە پێیان گوتم، ئەگەر هەوشار نەبووایە کەس نەیدەزانی ئەو کارەساتەتان بەسەر هاتووە.

ئەو ڕۆژە بەجۆرێکی دی و ئارەزوویەکی تر خۆم گۆڕیبوو، بەتایبەت کە بەیانییەکەی بەدەم نانخواردن و خۆگۆڕینەوە، باسی هەموو شتە سەیرەکانی سێ ساڵ پێوەندی و ساڵێ هاوسەرایەتیمان کرد، بڕیاربوو کۆمەڵێ شیرینی و دیاری بۆ یەکتر ئامادە بکەین، چونکە تەنیا دوو ڕۆژی تر جەژنی ڕۆژی هاوسەرێتیمان بوو، بەدەم ئەو خەون و یادگارانەوە گەشتبووین بەسەر شەقامەکە لە ڕۆخی شەقامەکەدا و هەردووکمان لەژێر یەک چەتردا، باران دەیکوتین و تەڕی دەکردین، هەر ئەوەندە دەزانم لە شیرینترین یادەوەریدا زرمەیەک بەئاگای هێنامەوە و ئومێدیش لە تەنیشتمەوە خەڵتانی خوێن بوو، بەبینینی ئەو دیمەنە، منیش لەهۆش خۆم چووم، دواجار لە



نەخۆشخانەدا خۆم بینییەوە و زانیم ئێمەش بووین بەیەکێک لە حیکایەتە سەیر و سەمەرەکانی ئەو سەردەمە، ئەو حیکایەتەی کە ئێمە لەوەتەی لەو گوندەدا بە مامۆستا دامەزراین ، دێینە سەر ئەو شەقامە ڕێگایە دەوەستین بۆ ئۆتۆمبێل، ئەو ڕۆژەش لەوێدا بووین، کە دوو زەلامی ڕیشنی سەر گردەکەی بەرامبەرمان، گرەویان کردبوو لەسەر ئەوەی هەر کامیان دەستی لەویتر ڕاستر بوو ئاسنی سەر لوتکەی چەترەکە دەپێکێ کە بەسەر ئێمەوەیە و خۆی کردووە بەقەڵغانی باران نەک فیشەک، بەڵام ئەوەبوو دەستەکان ئیفلیج بوون و تفەنگەکانیش کوێر، نامەردانە کاسەسەری ئومێدیان پێکا، هەوشاریش کە ئەم دیمەنە دەبینێت بەگریانێکەوە، کە تا چەندین سەدە نەوە بۆ نەوەی دەگێڕێتەوە، خۆی لە خوێن و قوڕی دەوری ئومێد وەردابوو، ئیتر یەکسەر رای کردبوو هەتا قوتابخانەکە و بە دەم لێوی چاکەتەکەی بەڕێوەبەری گرتبوو ڕایکێشابوو بەرەو لای کارەساتەکە، ئەویش سەرەتا زۆری پێ کێشابوو کە لە خۆی دوور بخاتەوە و جنێوی بەمن و ئومێدیش دابوو کە شتی وا ڕادەگرین، ئەوە لەگەڵ داب و نەریت و دیانەتی ئێمەدا ناگونجێ، هەتا منالانی لێ وروژابوو، هەریەک بەجۆرێک ئازاریان دابوو و خستبوویانە تروسکە تروسک، بەڕێوەبەر هەر چۆنێک بێت خۆی بەهەوشار پەلکێش دەکات و زەنگی چوونە ژوورەوە لێ دەدات و بەو شێوەیە منداڵەکانی لێ دوور دەخاتەوە، لەو کاتەشدا ئەو قەیرە کچە چل ساڵەی کە بیست و دوو ساڵە کەس نەیبینووە وەلێ شتی زۆر ئەفسانە سەبارەت بەنان خواردن و گوزەرانی دەگێڕنەوە، دەڵێن ئەگەر گوێش بنێیت بەدەرگاکەوە، نەگوێت لە تەقەیەک، سووسەیەک دەبێت، نەخۆشی هەرگیز دێتە دەرەوە، بەڵام چاودێری قوتابخانەکەی گوتبووی بەڵێ هەموو شەوێک پاش دوازدەی شەو، دەنگی ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێ ژندا دەبیستم کە زکرێکی زۆر غەمناک دەکەن و ناویان ناوە گۆرانییە نەمرەکە، بەڵام هەرگیز لە یەکێک لە شەوەکاندا، کەسێکم نەبینی لەو ژوورە بێتە دەرێ.

بەڵام ئەو ڕۆژە هاتبووە دەرێ بەڕێوەبەریش هەر ئەوە نەبوو لەتاو قژی

سپی و سیمای سپی و بەرگی سپی سپیی ئەو نەبووریتەوە، کە ئەو زوو فریا کەوتبوو، گوتبووی دوای ئەو سەگە بکەوە، تەرم بەڕێوەیە، دەستێکی هێنابوو بەچاوی بەڕێوەبەردا و ئیتر پاش ئەو چاو سڕینەوەیە بەدەستی ڕاهیبە سپێکە، بینیبووی ئەو خوێنەی هەوشار خۆی تێدا گەوزاندووە، لێی دەبێتەوە و دەبێ بەهەڵم و لەسەرروو بەرزاییی قوتابخانەکەوە دەبێت بەتەرمێکی نادیار، بەو شێوەیە هەوشار مەرگی ئومێدی ئاشکرا کرد و هات بەهانای هەردوو لامانەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەمەی ئێستا بووە بە خووی هەمیشەی هەوشار ئەویش چەترەکەی سەرمان بوو کە ئاسنەکەی پێکرا، لەو ڕۆژەوە هەڵم واسیوە بەوێدا و لەو سەقفە نابێتەوە، بەردەوام لە ژێریدا تەرمێک دەبینرێت، هەر ڕۆژەی تەرمێکە جیاوازە، بەڵام لە هەموو ڕۆژێکی دووشەممەی مانگ و ساڵی مەرگیدا، دەبێ بەتەرمی ئومێد.

ئێستا ژووری چاوەڕوانییەکانی ئێمە ژووری تەرمەکانە، ئەو تەرمانەی هەرگیز نابرێتە بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان و هەراج ناکرێت.

تەرمێک ژوورەکەی بەرامبەری گرتووم، تەرمێکی بێ بۆن، بێ ڕەنگ، نادیار، منیش لە پەنجەرەکەوە تەماشای بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان دەکەم و بەدواهەمین ڕۆژی هەفتەش دەڵێم، لە وسڵ و تەڵقینی ئەو تەرمە مەترسە، ئەو تەرمە بۆگەن ناکات، چونکە ئەوانەی تۆیان کرد بەفەجری خواوەندەکان و بکوژانی ئەو گەورەکانی هەموومان بۆگەنن... بۆگەن...

*تێبینی: لە میزڵدان فرۆشتنەکەی هەوشاردا سوودم لە هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە.*



# تاوانبارەکەی کەنار دەریا

– تۆ کوشتت؟

– نازانم

لەوانەیە وابێت، دەکرێ بکوژبم. یان کوژراو بم... نازانم گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا پەتێک هەیە جەمسەری هەردولا دەبەستێتەوە بەیەکەوە لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەشدا لە هەندێ شتی لاوەکیدا ئازادیت، لە کەناری ئەو ئازادیەشدا فێڵباز پیاوچاکە و پێچەوانەکەشی بکوژ و کوژراوە.

بەڵام تێ ناگەم ئەو چێژی لە کوشتن وەردەگرت یان کوژراوی؟

گەرچی بۆ من جیاوازیی نییە، ئەگەر بەدەستی خۆم کوشتبێتم، یان من بووبم بەهۆی کوشتنی هەرچەندە، باوەڕ ناکەم کوژرابێت، یان نامەوێ باوەڕ بکەم...

ئاخر نەمانی ئەو بۆ من زۆر گرانە: چونکە زۆرم خۆش دەویست، زیاد لەوەی مەزەندە بکرێت، دەکرێت بە نرخترین شت بووبێت لە ژیانی مندا، هەرواش بوو تەنها ئەو لەم تەنیایی و غەریبییە کوشندەیەدا هاودەم و هاودەنگم بوو.

–کێ باوەڕ دەکات نزیکترین زیندەوەر لە خۆمەوە بکوژم؟

هەتا ئێستاش شێوەی چاوە پڕ ئاوە ئەفسوناوییەکانیم ساتێک لە چاو

ون نابیت، ئەو ساتەی لە گیانداندا بوو بە ماتی بۆی دەنواڕیم، لەوانەیە ئێرەییم پێ بردبێت، هەرواشە... ئێمە بە نیازی گەشتێکی دوو ڕۆژی بوین بۆ کەناری دەریا ، کاتێکیش کەوتینە ڕێ کاتژمێر دووی شەو بوو ، تارمایی ڕەشی شەو نەیدەهێشت ڕووی شتەکان بە جوانی ببینین، هەتا سپێدە دەرکەوت هەمووان پێکی میگایان پر بوو لە نووری جوانی، ئەو کاتەی سپێدە چاوی لە درەختەکان دادەگرت و جارجار لە نێو پەلەکانیەوە تیشکێکی زیوینی دەهاوێشت، هەموو گەڵاکان لە پەل و پۆ دەکەوتن و دواجار سەری کوڕنوشیان بۆ دەلەرزاند ، هەتا دەرکەوتنی ئەو تۆپەڵە بەفرەکانی سەر لوتکە چیاکەی بەرامبەر نازی سپیتی بەسەر شەودا دەکرد ، هەتا سپیتی ئەو کردی بە دڵۆپە شیری داچۆڕاو ، کە ئەستێرەکانیش وردە وردە بەرەو کوژاندنەوە ڕۆشتن و بە تەواوی جێگەی بە مانگ لێژ کرد ، ئەو کات تیشکی زیوینی ڕۆژ بە تەواوی سروشتی لە خۆ مارەبڕی، لەوێدا زانیم کازیوە هەوییەکی بێ ڕەحمی شەوە و بە دەرکەوتنی ئەو شەو پاشەکشە دەکات، ئەویش ئاوا هەوییەکی بۆمن هێنایە ئاراوە و دەبوو من پاشەکشە بکەم.

ئا ...وابوو کە بە ئاگاهاتمەوە ، هەردوکیان سەریان نابوو بە یەکەوە و لە ئێمە تامەزۆرتر سەیری تیشکە زیوینیەکانیان دەکرد ، لە شووشە ئوتۆمبیلەکەوە.

بۆ ئەوەندە بیر لە کوشتنی دەکەمەوە ، دەبێ مافی کوشتنیم نەبێت؟

لە چییەوە ئەو مافەم هەبێت؟ لەوەی لە هەموو شت زیاترم خۆش دەویست، ڕاستیشە دەڵێن خۆشەویستی لە کوشتن نزیکت دەکاتەوە؟

ئاخ بیرکردنەوە لەشێوەی مردنەکەی تەزووی مەرگێکی ترسناک بەڕۆحمدا دێنێت، ناتوانم باوەڕ بەخۆم بهێنم کە مردووە.

ناز و مەکر و خۆنواندنەکانی مەدام (کلۆدین)یش بردبوومیە نێو بیرکردنەوە لە جیهانەکەی ئەو ، ئەو جیهانەی جگە لەخۆسەپاندن و



سەرباركردن جێگەی هیچی دیی تێدا نابێتەوە................ خۆ شێوەی ڕۆشتنەکەی و خۆ بەم دیو ئەو دیو خستنەکەی و بەلووتبەرزی سەیرکردنەکەی شێتگیری دەکردم. ئەوەشی زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوم ئەو پۆشاکە بوو کە بۆ سەر دەریا پۆشیبوی، بەتەواوی پۆشاکی ئاهەنگێکی ڕۆژهەڵات بوو ، شارستۆنێکی درێژ، کەنزیەکی کەتان و هێلەکێکی شیفۆنی تەنک و درێژ هەتا سەر پاژنەی پێڵاوە پاژنە بەرز و نووک تیژەکانی قژی پەخش کردبوو و ئەو کچە هەرزەکارانەی کە لێی وروژابوون هەر جارەی یەکێکیان دەستیان بۆ تاڵێک لە پرچی دەبرد و دوایی دەیانگواستەوە بۆ خشڵ و زێڕەکانی و بۆ مەزندەی پۆشاکەکانی بەری، پەتێکیشی کردووەتە ملی سەگێکی بچووکی توکن و پێش خۆی داوە و هەندێ جار وردە ڕاکردنێکی پڕ مەکریشی بەدوادا دەکات، یەکێک لەو کچە هەرزەکارانەی لە دەوری بوو ، دەیگێڕایەوە کە دایکی گوتوویەتی مەدام کلۆدین لە نەوەی ئەو هندۆسییەیە کە لە گوندێکی دوور دەژیان و منداڵیان نەدەبوو ، پاش چەندین ساڵ لە حیاتی منداڵ مارێکیان بوو ، لەگەڵ ئەوەی هاوڕێ و ناسراوەکان زۆریان پێ گوتن کە مارە بکوژن و خۆیان ڕزگار بکەن، دایکەکە ڕازی نابێ و بەخۆشەویستیی دایکانە بەخێوی دەکات و سەرجەم جیهانیش دەگەڕێت هەتا ژنی بۆ دەهێنێ. بۆیە ئێستا ناز بەسەر زەوییەکەشدا دەکات.

ئەم جارەیان بەکەناری دەریادا بەپیاسە دەڕۆیشت و بەپەتێکی ڕەنگاوڕەنگی درێژ سەگەکەی بەدووی خۆیدا پەلکێش دەکرد ، ئەویش هەر خۆی ڕادەپسکاند بەرەو لای (تۆنی) هەتا دواجار هێندە هۆگری یەک بوون بەیەکەوە چوونە ژێر تاشە بەردەکانی کەنار دەریا ، مەدام کلۆدینیش نەئاگای لە ئیرەیی بردنی من بوو ، نە لە سەگەکەشی کە تەنیا هاودەمەکەی لێ داگیر کردبووم...

چۆن ئاگای لێ بێت کە مەدام خۆشی تەنیا کوڕێکی قۆز لەسەر دەریا بوو داگیر کرد و بەهۆی جیهانی خۆیانەوە ئاگایان لە بستێک ئەولا ترەوە

نەمابوو...

ئێی خۆ منیش لە داخی هەردوولا ئاگام لە هەستی خۆم نەمابوو کاتێکیش لێی چوومە پێشەوە تاشەبەردێک بەسەر سەریدا کەوتبوو سەگەکەی مەدامیش هەر بەدەوریدا دەجوولایەوە و دەینوزاند لەگەڵ ئەوەی دڵم توند توند دەگوشرا خۆمم تێک نەدا و ڕزگارم نەکرد، کاتێکیش بەتەواوی تاسا و دەریانهێنا گەرچی خوشکەکەم پێی گوتم ئەو کارە مەدام کردوویەتی بەڵام بەر لەوەی فریا بکەوم بەچرپە پێی بڵێم چۆن؟ مەدام کلۆدین منی تاوانبار کرد، دەیگوت:

– تۆ خۆشت نازانی چی دەڵێیت، تونی لەگەڵ سەگەکەی یەکیان دەلستەوە، تۆ هەڵت دایە سەرتاشە بەردەکە و خستت بەسەریاندا، ئەوەی منیش قەدەر ڕزگاری کرد.

– لە ڕاستیدا نازانم... لەوانەیە وابێت، بەڵام من نازانم چیم کردووە... تەنیا دەزانم لەو کاتەوە من لە کەنار دەریا دەژیم، پەتەکەی ملی هەتا مردن هەڵدەگرم، نایکەمە ملی هیچ سەگێکی تر چونکە بەوەفاتر نابێت.

*ئەوانەی خەتی بەژێردا هاتووە لە ئەفسانەیەکی هیندی وەرگیراوە*

*٢٠٠١/٦/٢١ دیمەشق*



# ژنێک لە پێکی ڕابردوودا

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی فیستڤاڵی دووەمی (ئەمیتا) ٢٠٠٢ی پێ بەخشرا کە ساڵانە لە ئیتاڵیا ساز دەکرێت.*

وەرزی بەهار گوڵپۆشی هەموو جیهانی کردووە تەنیا لە ماڵەکەی ئەودا نەبێ کۆچی کردووە گەڵاڕێزانی پایزە. تەنیایی ڕۆحی دەگوشی و ئەو سەردەمانەی وەبیر دەهێنێتەوە کە شارەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو، لەم شارەدا خۆی و دوو کچەکەی نیشتەجێ بوون.

بۆ یەکەم جارە وای هەست دەکرد کە دەست بەسەری کچە بچووکەکەیدا دەهێنیت، تووشی ڕاچەنین و دڵەڕاوکێ دەبێت، حەقیقەت و یادگارێکی تاڵ دەیباتەوە بۆ چەند ساڵێک بەر لە ئێستا و ئێوارەی دان پیادانانەکەی.

کاڵێ هەمیشە دەپرسێ:

– دایکە باوکم بۆچی زوو سەفەری کرد و نەگەڕایەوە؟

– کچم باوکت تۆی لەیاد کردووە، ئیتر بۆ ئەوەندە باسی دەکەیت؟

– نا... باوکم دێتەوە و شتی جوانیشم بۆ دەکڕێ!

– کێ پێی وتی؟

– بەخوا گیانم وت!

- چۆن؟

- هەموو ڕۆژێ نامەیەک بۆ خوا گیان دەنووسم دەیخەمە ژێر داری کۆلارەکەم و دوایش کۆلارەکەم بەرز هەڵدەدەم، دوای کە دایدەگرمەوە خوارەوە نامەکە نەماوە و خوا گیان وەری گرتووە.

- بەوشەی (زۆرباشە کچم) دەیخەڵەتێنێ، بەڵام بەخۆی نییە هەنگاوەکانی پەلکێشی دەکەن بۆ ژێر پێپلیکانەکان کە کۆلارەکەی تێدا حەشارداوە، سەیری دەکات و پارچە کاغەزێکی بچووک لەژێر داری کۆلارەکەدا دەردێنی، بەهەزار حاڵ پیت پیت دەیخوێنێتەوە کە لەسەری نووسراوە "خوایە گیان ئەوە هەزار جارم پێ گوتیت، باوکی منیش وەکو باوکی دەشنێ بێتەوە و یەک دنیا شتی جوانیشم بۆ بهێنێ".

پارچە کاغەزێکی تر لەژێر تەختەی لای ڕاستی کۆلارەکەدا دانراوە، ئەویش بەکۆششێکی زۆر دەخوێنێتەوە "خوایە گیان خەتای من نەبوو بەچکە پشیلەکە مرد، من تەنیا پاڵم بەبتڵە غازەکەوە نا، خۆی کەوت بەسەریدا، ئیتر بۆچی باوکم نانێریتەوە؟"

هەناسەیەکی قووڵ دەیباتەوە بۆ ئەو کاتەی دەیویست لەباری خۆی بەرێت بەڵام بێ سوود بوو، دەیبردەوە بۆ لای قسەی خوشکەکەی ئەو کاتەی پێی دەگوت "چاکتر وایە ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ خۆت بپارێزی و باسی نەکەیت بۆ کەس، بەتایبەت مێردەکەت، چونکە پیاوان هەمیشە خۆیان لە ژنەکانیان بەڕاستر دەزانن و ئەوەندەش ژن بەشەرەفی خۆیان ناوەزەرد دەکەن، ئەوەندە کەسوکاریان نزیکترە لێیانەوە هەتا ئەو شەرەفە، لەبەرئەوە خۆت مەخە ئەو داوەوە کە تۆ نێچیریت نەک ڕاوچی".

ئەویش ئازاری ڕۆژگار و شاردنەوەی ئەو نهێنییە گەورەیە زۆر گینگڵی پێ داوە و ئۆقرەی لەبەر بڕیوە چیدی شاردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە شاردنەوەی شەو دەچێت لە شەمشەمە کوێرە... قسەکانی ئەو ئێوارەیەش کە لە ژێر دار هەنجیرەکاندا دانیشتبوون دەیانکرد زیاتر دەبوو بەهاندەری.



- ژن ئەگەر هەر کێشە و قسەیەکی خۆی لە مێردەکەی شاردەوە، ئەوە متمانەی پێ ناکات و نرخی بۆ دانانێت.

- ئاخر پیاو هەموو جۆرە قسەیەکی ژنی قبووڵ نییە، هەموو کێشەیەکیشی بۆ چارەسەر ناکرێت.

- مرۆڤ لە هەموو کێشەیەک گەورەترە ...

ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ قسەکردن، بەتایبەت کە ئەمی گوندنشین و نەخوێندەوار بەهەزار ناری عەلی پیتەکانی دەخوێندەوە، هەمیشە وەکو خەڵکی گوندەکەیان سەری لە قسە و خوێندەواری و ئەو سەربارییەی ئەو سوڕ دەما، چونکە تەنیا پیاوێک بوو لە گوندەکەیاندا کە خوێندوارییەکەی گەیشتبوو بەئاستی بڕوانامەی برینپێچی و لە گوندەکەدا بە دکتۆر ناویان دەبرد.

- ئێ خۆ ئەگەر مرۆڤ لە هەموو کێشەکان گەورەتر بێت دکتۆری ئەم لەو هەموو مرۆڤانەی ئەو دەیناسێت ڕۆشنبیر تریشە ئیتر بۆچی نەیڵێت، ئەو سووکایەتی و خیانەت و خراپەکارییەی بۆچی قبوڵ بێت "بێگومان کە بەوەی زانی زۆر لە ئێستا زیاتر ڕێزم لێ دەگرێت، جگە لەوەی ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر خۆی دەزانێت ئیتر بۆچی خۆم بۆی باس نەکەم... خۆ نامکوژێت، دەبا بشمکوژێ خەریکە ئەوەندەی دی خۆم دەبەنگ دەکەم، ئەی ئەمە کوشتن نییە چییە؟ خۆ ئێستاش ڕۆژی سەدان جار دەمرم و زیندوو دەبمەوە، مردن هەر یەک جارە، دەی ئاکامی هەر چییەک بێت هەر لە ئێستا باشترە".

نازانێت چەند وشەی درکاندبوو، تەزووی ئازارێکی دژوار پشتی سەری سمی و هاواری گەیاندە ئاسمان و بەجارێ بەرچاوی ڕەش بوو، کە بەئاگا هاتەوە بەسەر و چاو و گیانی خلتانی خوێنەوە یەک کەسی خۆیی بەدەوردا نییە، هەرچەندە تەنیا دایک و خوشکێکی هەبوو، وەکو خوشکەکەشی دەیگوت:

– تۆ کەست نییە تۆڵەت بسێنی، یاخۆ بەرگریت لێ بکات.

بەڵام وا ئەمڕۆ لەبەردەمی حاکمدایە کە تۆڵەسێنی هەموو کەسێکە.

– ژن هێنان و جیابوونەوە بەرپرسیاریەتییە، تۆ دڵنیایت دەتەوێ جیابیتەوە؟

– زۆریش دڵنیام، لەوە دڵنیاتر کە ئێستا بەچاوی خۆم جەنابت دەبینم... ئاخر بۆ ئەو تۆمەتەش دەدەیتە پاڵی، دەبێ وەکو ئێستای من بیبینی، بەڵگەت هەبێ.

– زۆر چاک دڵنیام، ئەو شتانەش بەڵگەی وات نادەنە دەست، کە تۆ ئێستا بیبینی.

– ...........

– ئەوە شایانی کوشتنە بەڵام من دەستی خۆم بەو خیانتکارەوە پیس و تاوانبار ناکەم .

حاکم هەتا ئەو کاتە لەگەڵ ئەمدا وشەیەکی نەدرکاندبوو، لەژێرەوە بەچاوێکی پشکێنەر سەیری دەکرد، ئەویش ناڵێت دەستخۆش و لەگەڵیدا ناکەوێتە جنێودان، ئەم پیاوە بەسەنگین دێتە بەرچاو "خۆزگە لەبڕیاردانیشدا هەر وا دەبوو" لەناکاودا لێوە ئەستوورەکانی دەکاتەوە و چەند شتێک بەزمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە کە (ئەم) تەنیا وشەی (المتهمة)ی لێ تێ دەگات، ئەو وشەی سەردەمانێک بەعسییەکان بۆ کوردقڕان بەکاریان دەهێنا، هەموو ماناکەی فێر ببوون، ئێستا وا جارێکی دی بەزمانەکەی ئەوان بەر گوێی دەکەوێ، بەڵام هێشتا نازانێت بەچ مەبەستێک.

لێی دەپرسێ:

– – تۆ چۆن کارێکی وا دەکەیت، نازانیت ئەوە پێی دەگوترێت (خیانەتی زەوجی) و لە یاسادا سزای خۆی هەیە؟

– قوربان من خیانەتم نەکردووە، هەموو شتێکم بۆ خۆی باس کردووە،



ئەویش خۆشی...

– درۆ دەکات جەنابی حاکم، دیارە ئەمە هەر لە سەرەتاوە وابووە.

– – ژوورەکەی لەلا پڕ دەبێت لە ژاوەژاو، لەو وشانەی کە ئەوی خوێندەوار بەکاری دەهێنێ و ئەم لێی تێ نەدەگەیشت و لێی تێ ناگات، هەندێ جاریش بۆ گاڵتە پێکردن، هەندێ وشەی بەکار دەهێنا و بەمی دەگوت بیڵێتەوە، کاتێ ئەمیش لەسەر زمانی قورس بوو، بەهەڵە دەری دەبڕی پێی پێ دەکەنی و گاڵتەی پێ دەکرد، مێشکی پڕ بووە لە پێکەنین و وشە قورسەکانی و تەنیا گوێی لە گریان و پاڕانەوەی خۆیەتی.

– حاکم گیان، تۆ وەکو باوکێکی دڵسۆز و عادیل نەک وەکو باوکی خەڵک، ویژدانت سەرپشک کە.

– ...............

– هەزاران جار تۆراوم و ماڵم بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی جیابێتەوە و لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە.

– ...............

– دەیان جار ناڕاستەوخۆ لەم جۆرە خیانەتانەم بۆ باس کردووە، بۆ ئەوەی دڵی ختوورەیەک بکات و ڕزگارم بکات، وای دەزانی چیرۆکی بۆ دەگێڕمەوە.

– ...............

– گوناهی من نەبوو لە دەرمانخانەکەی ئەمدا شتێکی هێنابوو، هەموو جارێ دەیدا بەلوتمدا، منیش بێ ئاگا دەبووم یان تەواو بێ هێز و لاواز دەبووم.

– ...............

– ئاخر ئەوساش هەر لەم ئابڕووچوونەی ئێستا دەترسام بەبێ تاوان دەیتوانی ئەوە بخاتە پاڵم.

- ...............

- لەوەش زیاتر چەقۆیەکی گەورەی لێ دەردەهێنام و دەیگوت دەتکوژم و دوایی دەڵێم شتی خراپم لێ بینیوە و لەسەر لەشفرۆشی کوشتوومە.

- ...............

- بۆ قورئان ناخۆم سەدان جار قورئان دەخۆم.

- قورئانیش بخوات هەر تەڵاقی دەدەدم.

- جا با تەڵاقم بدات، ئەو کاتە لە دەست دوو دڕندە، لە دەست مارێکی دوو سەر ڕزگارم دەبێت بەڵام با بوختانم بۆ نەکەن دان بەوەدا بنێت کوڕی کێیە!

- قوربان خۆتان گوێتان لێیە، چی بەباوکم دەڵێت و چی دەخاتە پاڵ، ئەوە باوکی منە چۆن وای پێ دەڵێت، ئەزانی باوکی من یانی چی؟

- دە مادەم وای لێ هات من ڕاستییەکی لەوە گەورەتریش دەدرکێنم کە ئەم کچە هەشت مانگەشم لە خەزوورمە نەک لە مێردەکەم.

کە ئەو سوێندە دەخوات دەستی هێندە توند بەسەر قورئانەکەوە گرتووە، ئەڵێی چرنووک لەپشتی کەوڵەکۆنیک گیر دەکات کە تەمەنی جوانی بەختەوەریی بەخشی بەحەزەکانی خۆی.

سەرجەم داواکارییەکان و نامەکانی کاڵێی خوێندەوە لە هەموویاندا داوای ئەو باوکە دەکات کە بەناویەوە بانگ دەکرێت، نازانی باوکی ڕاستەقینە لەگەڵ ناوی خۆیدا زنجیرەی سێهەم وەردەگرێ و پێویستە نامەکانی بنێرێت بۆ سەرقەبران.

لە پەنجەرەکەوە بۆ کاڵێ دەنوارێ، کۆلارەکەی بەرز هەڵکردووە و بەگەورەیی لەسەر باڵەکانی نووسیوە "خوایە گیان ئەگەر بۆ ئەم جەژنە باوکم نەنێریتەوە، نەکچی ئەو دەبم و نەنامەش بۆ تۆ دەنووسم".



# ئەو نامانەی بەر لە مردن نەخوێنرانەوە

١

خۆشەویستم دلارام...

لە کوێوە بتگەمێ کە تۆ دەزگیرانێکی ئەسمەرمی و تەنیا لە مانگەشەودا دەتدۆزمەوە، بەڵام ئەوە بزانە کە من هەنووکە بیست و حەوت ساڵ و نۆ مانگ و یەک دووشەممەم، وەک خۆشت دەزانیت ئارامم و توانای بەرگری کردن لەخۆم و بەرپەرچدانەوەی هەموو کوکوە دۆڕاوەکانم هەیە، بەڵام فریای ئەوە ناکەوم، چونکە تەمەنی من ڕێژنەبارانی پایزێکە و وەرزەکانی کورتە و لەوە جوانترە جێگای "ئەوانە"ی تێدا بکەمەوە، بەڵام کە تۆ بەشێک بیت لە من، پێت دەڵێم: ئەمڕۆ چەند کەسێکم لەو گرووپە دۆڕاوانە بینی، ئەوانەی گۆرانییەکیان نییە ناوی بنێن پاکی، نەدەتوانن وێنە جوانەکانی ژیان وەگرن و نەژیانیش ئەوانی بەو قێزەونییە قبووڵە سەریان کردبووە کتێبخانەی شار و هەرچی ڕستەیەکی نوێ و بەکەڵکی تێدابوو دەریان دەهێنا و دەیاندایە پاڵ یەک، ئیتر ڕیزبەندی وشە و ڕستە لە هەگبەی "ئەوان"دا لەوێوە دەستی پێ دەکرد و پاشان کتێبەکەیان لەسەر مێزەکە هەڵدەدایە خوارەوە، لە خوارەوەش ئەو مێزەی کردبوویانە ژێر خۆیان دەیخووساندەوە بۆ هەتا هەتایە ڕەسەنایەتیی ئەو ڕستانەیان کاڵ دەکردەوە

که ڕەگ و ڕیشەیان داکەتیبوو، ئیتر پرۆسەی دزین و میز بەخۆداکردن لەوێوە دەستی پێ کرد، پاشان هاتنە ناو باخچەکەوە میزبارانی دار و درەخت و گوڵەکانیشیان کرد، بۆ ئەوەی میز پیاکردنەکانیان ئاشکرا نەبێت بڕیاریان دا هەموو شتەکان، سروشت، مرۆڤەکان سەرجەمیان میزاوی بکەن، سەرەتا کۆبوونەوە لەسەر ئەوەی چۆن هەوڵبدەن خۆیان بکەن بەپاڵەوانی خەونی هەموو کچانی شار. گرێچنی جۆرەها چیرۆکیان کرد کە خۆیان پاڵەوانەکەی بوون و خۆیان بەهەموو شتێک چاندبوو لە ژیانی ئەواندا، ئەمەشیان لەو ئەزموونەوە وەرگرتبوو کە تێیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەوەی دزە بکەنە عەقڵی میرەکانی شارەوە و خۆیان و ئاکارەکانیان بەپاڵەوان لای ئەوان بچوێنن، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو بەیانییەک سەر ڕاستە شەقامەکەی شار دەگرن و هەڵدەمیزن بەمرۆڤەکاندا، ئێوارانیش دەچنە گازینۆی "حیکایەتە تەواو نەبووەکان" و حیکایەتە دروست کراوەکانیان دەگێڕنەوە، دلارامی ئازیز ئێستا شار بۆنی میزی بتە بوودەڵە و بچووکەکانی گرتووە، من لە ڕاکردندام بۆ ئەوەی بۆنی میز نەگرم، بۆیە نامەوێ هەرگیز جارێکی دی بگەڕێیتەوە سەر پیاسەی ئەو شەقامە میز گرتووانە، هەر لەبەرئەوەش بەوانەی دەیانویست بمکەن بەپرد بۆ بەستنەوەی گرێ دەروونییەکانیان بەواقعەوە پێم گوتن، کە تۆ خەونێکی هێندە جوان و پاک و بێگەردی هەموو خەونەکانی دی بەتاڵ دەبێتەوە لە ئاستتدا، بەڵام کاتێک بۆنی میزت گرت، پێت دەڵێم......

٢

بەڕێز مامۆستا دلارام...

بەڕێزم پرسیارێک زۆر ئازارم دەدات، ئەویش پەیوەستە بەڕادەی تێگەیشتنی ئێمە بۆ ژیان و لێکدانەوەمان بۆ بەهاکانی. مامۆستای بەڕێز من سەرسامی یەکێک لە نووسەرەکانی جیهان بووم هێندە مرۆڤ دۆستە دەڵێ (من ڕۆژانە ئەو دینارەی پێمە وردی دەکەمەوە بۆ بیست پەنجا فلسی، بۆ ئەوەی بیست جار بدەم بەلای سواڵکەرەکەدا و بیست جار یارمەتی بدەم و بیست جار دڵی خۆش بکەم). سەیرە سالآنێکە چاوەڕوانی گەورە مامۆستایەکی لەو جۆرەم کە مرۆڤەکان هێندەی ئەو سواڵکەرە ئومێدیان پێی هەبێت، کە سواڵکەرەکان هێندەی مرۆڤەکان جوان بکات و خاڵی گومانم لەلا دروست نەکات، جگە لە بەڕێزتان کە کردەوە و بەرهەمەکانت لە مرۆڤ دۆستیت دڵنیام دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێی کردووم دوێنێ بەلای یەکێک لەو ژێرزەمینانەدا تێ پەڕیم کە حیکایەتە لەبیرکراوەکانی تێدا دەگێڕدرێتەوە، سیخناخ بوو لە مودمینبووەکانی مادەی ئیرەیی بردن و مەرگدۆستی و ناشرینخوازی، هەندێک لە هاوتەمەنەکانت ئەوانەی خۆیان بەبلیمەتی کۆمەڵ ناوزەد دەکەن و لەناو کۆمەڵیشدا بەپیرە گورگ ناسراون، کۆمەڵێک لە سەرکێش و نوکتەباز و سەر لێشواوەکانی شاری لەخۆی کۆکردبووەوە و وروژابوون، سۆزی ناوچەگەری و گەڕەکگەری و تەنانەت کۆڵانگەریشیان دەخستە دڵیانەوە، خۆشەویستیی ڕشانەوە بەخەڵکدا و ڕێگە میزاوییەکان. سەرەتا خەڵکێکی زۆر پێیان خۆش بوو وایان دەزانی حیکایەتی بیرەوەرییە لەیادکراوەکان دەگێڕنەوە بۆیان بەمەش دەیانبەنەوە بۆ هەرێمەکانی ژیان. ئەو شوێنانەی ئەمانی لەیاد کردبوو بەڵام ئەو کوڕە نوکتەبازەکانی شاری بۆ ئەوە کۆکردبووەوە کە نوکتە لەسەر ئەو کەسانە دروست بکەن کە میزاوی نەبوون. دوا داهێنان بووە بەنوکتە نووسین لەسەر خەڵک و بەرهەمەکانی ئێوەومانان ئیتر گرنگ نییە لەسەر کام تەمەن و توانا دەنووسێت، گرنگ ئەوەیە پیرەگورگ بەنوکتە نووسینیش بێت بڵێ من هەم، بەڵام گوێ مەدەرێ وەکو جەنابیشت دەڵێیت، گەورەیی بەتەمەن نییە، بەڵکو بەناخی گەورەیە، بۆیە گەورەی بچووک هەر بچووکە.

٣

هاوڕێی ئازیزم دلارام خان...

هاوڕێ گیان تۆ بزانە ئێمە چەند بێباکانە پێ دەنێین بەدڵی هاوڕەگەزەکانی خۆماندا، هەر دوێنێ بوو هەندێ لە ژنانی سەردەم (بیرت نەچێ ئەوانەی کە بۆنی میزیان گرتووە) لەگەڵ ئەوەی هات و هاواریان گوێی ئاسمانی کەڕ کردبوو، لەخوارەوە هەتا زەوییان بەتاوانبار دەزانی لەپشتی پەردە ئەستوورەکەی دەروونیانەوە شەرەفی نیوەی ژنیان سەربڕی، پاشقولیان لە نیوەی تری گرت، داویان بۆ نیوەی تری نایەوە، منیش چەند زمان نەوەستاوم دلارام، هەر کە دەمم کردەوە و زانییان لەگەڵ ئەواندا یەک ناگرمەوە، هەزار و یەک بگرەوبەردەیان تووش کردم، دەیان ڕیزبەندیی بتە بچووکەکانیان کرد بۆ لە تەریقەت دەرکردنم، هەرچی گوناهی گێلانەیان هەبوو بەدەستی کۆمەڵێ نێرەتووتی بەمنیاندا سڕی بۆ ئەوەی لە گوناهەکانی ژیاندا یەکسان بین نەک... دوایی... بەهەرحاڵ خەریکە ئازارەکانی خۆم، ئازاری کچە نان فرۆشەکەم بیردەباتەوە.

خۆزگە بەو زووانە دەمبینیت بۆ ئەوەی حیکایەتی کچە نانفرۆشە چاوشینەکەت بۆ بگێڕمەوە، کە بەچ دەردێکیان برد تەنیا لەبەرئەوەی دڵی نێرە تووتییەکی شکاندبوو... تکایە با سبەینێ لە زەردەپەڕدا بتبینم ئەو حیکایەتە ماندووی کردووم.

٤

تێکۆشەری دێرین کاک دلارام

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

پاش ئەوەی زانیم بەڕێزتان کەسێکن لە هەموو نادروستی و ناجیزەکانی



ژیان خۆتان دەپارێزن و زۆر بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ ڕیتمەکانی مێژوو دەکەن، نەوەک لەناکاو و نادیارەوە لەکەیەکی بچووک بەر مێژووی پاک و بێگەردتان بکەوێت، ئێمە دەزانین دڵگەورەیی و خۆشەویستیت بۆ نەتەوەکەت وای کردووە، هەموو (دلارام)ەکانی شار بەهۆی تۆوە خۆشەویست بن و گەورە سەیر بکرێن، بۆیە ئەو پرسیارەی چەند وەختە لە دڵی خۆمدا بەنهێنی هێشتبوومەوە بێ سڵ کردنەوە دەیکەم، چونکە دەزانم تۆ هەرگیز لەو سیاسەتمەدارانە نیت کە لە خشتەی کارەکانیانم بڕوانیت ئێجگار سەرقاڵ و بێ کات بوون ، بەڕادەیەک، شەممە: دڕینی سکی کچۆڵەیەک کە بەناوی عەشقەوە لە خشتە براوە، یەکشەممە: لەبەردەم ئێوارە هاتنی بێوەژنێکدا ڕشانەوەی گورگێکی برسی ئێوارەکەی ڕەش داگەڕاندبوو، دووشەممە: دایکی شەهیدێک پەنجەرەکانی پاشگەزبوونەوەی بەڕوودا دەخرێتە سەر پشت، سێشەممە: گێڕانەوەی چیرۆکی نیفاق و داستانی پاڵەوانێتیی دەستکرد بۆ ڕیزی کەنیزک، چوارشەممە: چەند تێکۆشەرێکی مۆدرێن لەسەر ژمارەی مەعشووقەکانیان بەشەڕ دێن، لە یەکەم پێنجشەممەی سەرەتایتانەوە هەتا دوا پێنجشەممەی ئەم وشەیە پاڵەوانێکی دۆڕاوتان قیرەی هەموو بۆقە بەزیوەکانتانی لەگەڵدا تاقیکردمەوە هەتا گەنجێتی سەربڕاوم دابەش بکات بەسەر سمکۆڵانی ئەسپەکانی عەشیرەتاندا. بۆیە لێرەوە پرسیارەکەمت لێ دەکەم. ئەگەر ئێوە بێ گوناهن و ئەوانە کاری ئێوە نین چۆنە تا ئێستا بێ دەنگن؟ چۆن سیاسەت دەکەن؟ کە یەک ڕۆژی هەفتە بەپاکی نەماوەتەوە لەو مەملەکەتەدا خشتەی پرۆگرامی کارەکانتان لە چ ڕۆژێکدا دادەنێن؟

٥

ئازیزم دلارام...

ڕۆڵە پاک و ژیکەڵەکەم دلارام گیان، چەندم پێخۆش دەبوو ئێستا لەبەر

ئاوێنەی دیدەکانتا ئیقاعی هەموو ئاوازە نەشازەکانم بشکاندایە و فێری ئاوازی بەختەوەریم بکردیتایە، چەندم پێخۆش دەبوو منالێکی منالّ بوویتایە، نەک منالێکی گەورە، چەند لە گەورەبوونت دەترسم، چونکە دەزانم ئەو جۆرە منالییە دەتکات بەگەورەیەکی ترسناک. ئەو گەورەیییەی دەتباتە گازینۆی حیکایەتە تەواو نەکراوەکان لەوێ پێلاوی ئەو شێرانەت پێ بۆیاخ دەکات کە بە شێرە پێلاودارەکان ناسراون، داپیرە دەیگێڕایەوە کە ئەمانە پاش ئەوەی خیانەتیان لە ڕەچەڵەکی خۆیان کردووە. خوای شێران بەر نەفرەتی خۆیی خستن و لەو ڕۆژەوە یەکی دوو جووت پێلاوی بۆگەن کردووی لکاندووە بەهەر چوارپەلیانەوە، ئێستا بۆگەنی پێلاوەکانیان کەپووی شاری قانگ داوە و بەهیچ شتێک پاک نابنەوە، بۆیە بڕیاریان دا پاکترین زیندەوەر بدۆزنەوە بۆ پاککردنەوەی گەورە بۆگەن کردووەکان تەنیا منالّ کەوتە بازنەی وەدەست هێنانەوە، بەئومێدی ئەوەی ڕۆحی پاکیان بۆگەنی پێلاوەکان و قاچیان بنبڕ بکات، وەکو دەشبینی ئێستا منالآنی ئەم مەملەکەتە هەمووی بۆیاخچییە و بازووی مەردانەیان لێ هەڵکردووە ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی پاککردنەوە و بریقەدارکردنی ئەو پێلاوانەن، کەواتە دلارامی ئازیز بمبەخشە کە منالّیی تۆ دوادەخەم بۆ سەدەیەکی دی، چونکە نامەوێ لەناو دڵمت دەربێنم بۆ ناو جەنجاڵی دۆزەخی گەورە پێلاودار و شێرە ترسنۆکەکان.

٦

ببورە دلارامی...

دلارامی ئازیز، هەمیشە خۆمم لەو سێبەرانە دەشاردەوە کە تارماییی خیانەتیان لە خۆیان پێچابوو، بۆ ئەوەی هەرگیز نەچمە ژێر سایەی سێبەرە درۆزنەکانەوە.

من ئێستا تەمەنم چل ساڵ و حەوت مانگ و بیست و سێ ڕۆژە و پاش



نۆزدە ڕۆژی تر و لە بەیانێکی دووشەممەی پایزدا. هەرێمی ژیان بەجێ دەهێڵم و قەدەر بەمەرگم دەبەخشێت و تۆ تەنیا کەسێکیت قەرزاری بم و پێویستە داوای لێبووردنی لێ بکەم، چونکە تەمەنم تەواو کردووە فریا نەکەوتم نەک پاداشتت بدەمەوە، بەڵکو تەنیا خیانەتت لێ نەکەم، ئەوەندە لە خیانەت دەترسام تۆم کرد بەفریادڕەس و هاودەمی خەون و ئازارەکانم، تۆ ئەو مرۆڤانەی لە ژیاندا زۆر بۆتان دەگەڕام... تۆ پاڵەوانی ئەو چیرۆکەمی کە بەهەموو سۆزم خۆشم دەوێیت، بەڵام ئەفسووس... هێندە خیانەتکار دەرچووم... تەمەنم بەمەرگ سپارد و فریا نەکەوتم بتنووسمەوە.

*دووشەممە ٢٠٠١/١/٢٩*

# ئەو بخووری نەمری دادەگیرسێنێ

ئەم:

کچێکی بزێو و پڕ وزە و چالاکییە، لە زمانی ئینگلیزیدا شارەزایە و بەباشی قسەی پێ دەکات. لەوەتەی بیانییەکان هەموو کون و قوژبنێکی ئەو بستە خاکەیان تەنیوە و، تەنانەت کراون بە نەبەخشی سەر ڕۆبی نووستنەکانیش، ئەو لەو ڕێکخراوانەدا کاردەکات و هێندە پەیوەست بووە بەخۆیان و زمانەکەیانەوە هەندێ جار لەگەڵ دایکیشیدا کە هەموو شارەزاییەکی لە زمانی ئینگلیزدا تەنیا ئەو چەند وشەیەی لە شەشی سەرەتایی فێریبیان بووە و سێ چوارێکیانی بیر مابوو، بەئینگلیزی دەکەوتە قسە کردن، ئەویش بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکی قووڵەوە سەربادانێکی پڕ ئەندێشەی دەدایە دەست بێدەنگی.

نەیدەزانی چەند وەخت دەبێت پاش ئەوەی ڕوو لە ڕێکخراوەکە دەکات و ئەویش بەدوویدا ماڵ جێ دەهێڵێ. کاتێکیش ئەو ژنەی کە کونێکی کردبووە دیواری حەسارەکەیان و بەردەوام چاوێکی نابوو بەو کەلێنەوە، لەوێوە یا لەسەربانەوە چاودێری خەڵکی گەڕەکی دەکرد و خۆشی دەم بەهات و هاوار بوو هەواڵی هەموو گەڕەک و کەسەکان و پارتە سیاسییەکان و زۆربەی گەڕەکەکانی تر تەنانەت دەیزانی ئەو زەرفەی بەدەستی هەر



کەسێکی گەڕەکەوە بێت چیی تێدایە و چەند میوە و شمەکی تێدایە و هەموو وردەکارییەکانی تریش.

ئەمە یەکێک بوو لەو خووانەی بڵاو بوو لەو سەردەمەدا گەرچی ژنان هەوڵیان دەدا بەدوا تەرزی پۆشاکی ڕۆژئاوایی ڕووپۆشی زۆر لەو ئاکارانە بکەن، بەڵام هەر سکاڵا و ناڕەزایی بوو لە خەڵکەوە دەردبڕا، هەر خانمی ئاژانس پرێس بوو لە بری بەیانی باش لە ئەمی دەپرسی "بۆ کوێ دەچی... خێرە؟"

ئەمیش ئەوەندە لەو پرۆگرامە داڕێژراوە بێزار بووبوو زۆر جار دەیگوت (ئیتر لافیتەیەک بەسنگمدا هەڵدەواسم و لەسەری دەنووسم دەچم بۆ دەوام بەڵکو ئیتر خۆت و پرسیارەکەت دووبارە نەبێتەوە).

ئەو بەیانییە جیاواز لە بەیانانی دی، سەرەتا بەتیلەیەکی چاو سەرنجێکی پڕ واتای تێ گرت و دوایی پرسی:

"ئەرێ ئەڵێی دایکیشت دامەزراوە، وا هەر دوای تۆ ئەویش لێی دەدا و لە ماڵ دەردەچێ".

گەرچی ئەم قسەیە ساتێ سەرسامی کرد و واشی لێ کرد لەبەر خۆیەوە بڵێ "ئێمە ساویلکانە دەژین و ڕاهیبیانە دەمرین"، بەڵام قسەکانی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو بۆ سەر خۆشەویستیی ئەو و گومانی لەلا دروست نەکرد، چونکە ئەم هێشتا لە سکی دایکیدا بووە باوکی لە یەکێک لە شەڕەکاندا کوژرابوو، ئیتر هەتا ئەو کات دایکی بەبێوەژنێکی داوێن پاک و میهرەبان ناسرابوو، هەر کەسێکیش بیویستایە باسی خواستی شووکردنی لەلا گەڵاڵە بکات ئەو زوو لە مەبەستەکەی دەگەیشت و دەیگوت " من ویستوومە لە ژیاندا بۆ یەک کەس بژیم و بۆ یەک کەسیش بمرم، بۆ ئەو کەسە ژیام هەر بۆ ئەویش دەمرم".

کەم جار بایەخی بەو کەسانە دەدا کە لەسەر ئاستی خەڵکانی نەزان بنەمای بۆ دانراوە، بۆیە بایەخی بەو قسە و قسەڵۆکانە نەدا، یەک

لەبەرئەوەی ئەو ژنە جێگەی متمانە نەبوو، دوو لەبەرئەوەی خۆی لە هەشت و نیوی بەیانییەوە هەتا شەشی ئێوارە دەوامی هەبوو، زۆر ئاگای لە ماڵەوە نەبوو، هەر لەبەرئەوەش بایەخی بەزۆر شتی ناو ماڵیش نەدەدا و خۆی لە دەرەوەی ئەو چوار چێوەیە دەبینی، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە دایکی لە جاران زیاتر چاودێریی دەکا و هەوڵدەدا کاتێ ئەم تەلەفۆن دەکات خۆی لێ دابگرێ، وێڕای ئەوەی کە بەردەوام کز دەبینرا نەک ئەو، هەستێکی لا دروست دەبوو کە خۆشی بەتەواوی نەی دەزانی چییە و چۆن گوزارشتی لێ بکات.

گومانە؟... ترسە؟... پرسیارە... نازانێ چونکە ئەمیش هاوکێشەیەکی دەروونی گران دەیتلاندەوە، ئەو هاوکێشە لەوێوە هاتبووە ئاکام، کە ماوەی کارکردنی لەو ڕێکخراوە دوو ساڵی دەکرد و هەر پاش پێنج مانگی یەکەم لەگەڵ جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوەکە پەیوەندیی خۆشەویستی دەکەوێتە نێوانیان، گەرچی گەر بەیاسای ڕێکخراوەکە بوایە کاتی ئەمان پەیوەندییان بەست یەک مانگ کاتی کارکردنی مابوو لەوێ، چونکە بەکۆنتراک (عقد)ی شەش مانگی کاریان دەکرد، بەڵام ئەم دامەزراندنەکەشی وەکو خەڵکی دیکە نەبوو، ئێستاش ڕۆژی چەندین جار دێتەوە بیری دێتەوە، چۆن خەڵکانێک هەبوون بەبڕوانامەی بەکالوریوس و ماستەر و زۆربەی پزیشکەکانیش وەرنەدەگیران بەڵام کاتێک (ئێدوار)ی بەڕەگەز ئەمریکی و جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوەکە جوانییە بێ ئەندازە ڕۆژهەڵاتێکەی ئەمی بینی جگە لە چەند پرسیارێکی کەسی و تایبەتی داوای هیچ بەڵگەنامە و بڕوانامەیەکی لێ نەکرد و بەبڕوانامەی پەیمانگا وەرگیرا لە کاتێکدا مەرجی دامەزراندن دەبوو فەرمانبەرەکە بڕوانامەی لە زانکۆ کەمتری نەبێت".

کاتێکیش بەتەواوی هەستی هەماهەنگی ئەو هەستە ڕۆژئاواییە بوو شعووری کەوتە سەمایەکی بێباک و ئیتر ئەو شەرمەی جارانی نەما، کە لەبری بەیانی باش لەگەڵ کوڕە بیانییەکاندا ئەم لاو ئەو لای یەک ماچ بکەن، ئەمەش لە دەرەوەی ئەو ساختمانە لەو خەونانە بوو کە



گێڕانەوەشیان قەدەغەیە، هەر بۆیەش ئەو هەموو کاتژمێرانەی کارکردن هەستی بەماندووبوون نەدەکرد و پەیوەستبوونێکی ڕۆحی پەیوەست ببوو بەڕێکخراوەکە و کارەکەیەوە.

هەرواش بوو دەگەڕایەوە بەڕووخۆشی تینێکی سەیرەوە سڵاوی بۆ زەردەپەڕی ئێواران دەگەیاند و، وەکو پرۆگرامی ڕۆژانەش کە دەگەیشت بەماڵەوە دەبوو بەهاوڕێی تەلەفۆنەکە، بەڵام بە کوردی قسەی نەدەکرد، هەمیشە ئەو تەلەفۆنەی پاش هاتنەوەی بەزمانی بێگانە بوو، ئەمەش بوو ئەو دڵەڕاوکێیی لای دایکی دروست کردبوو، کە دەبێ یا لە مەترسیێکدابێ و کەسێک یارمەتی بدات و ڕۆژانە کە دەگاتە ماڵەوە تەلەفۆن بکا و بڵێ بەسەلامەتی گەیشتم بەماڵەوە، کە هیچی واشی نەدەدۆزییەوە بیخاتە مەترسییەوە، ئینجا دەکەوتە گومانی ئەوەی کەسێکی خۆش بوێت و ڕۆژانە ئاگاداری بکاتەوە بڵێ بەسەلامەتی گەیشتمەوە ماڵەوە و چاوەڕوانی پەیوەندی کردنی تۆم.

ئەو:

دوای نان خواردن دەچووە ژوورەکەی خۆی و خێرا دەگەیشتە بەردەم ئەو کۆمپیوتەرەی لەو کاتەوەی لەگەڵ کوڕە بیانییەکەدا پەیوەندی بەستبوو، بەهاندانی ئەو کڕیبووی بڕیاری دابوو لەبری دەفتەری یادەوەری لەسەر (دیسک) هەموو قسە و کردار و ژووان و هەست و سۆزێکی خۆیان یاداشت و کۆبکاتەوە.

هەموو کاتێکیش ئەم یاداشتانەی بە ئینگلیزی دەنووسی، کەچی دوای نووسینی ئەو چەند دێرە، غەم و دڵەڕاوکێیەکی قورس بۆ ئاکام نەگەیشتنی دوا ڕۆژ دابڕینی ئەو خۆشەویستییە لە گوڕوتینەکەی پێشتری دەخست، زۆر جار گریانێکی بەکوڵی بۆ دەکرد هەتا بەو گریانەوە خەوی لێ دەکەوت، بەو شێوەیە خۆشنوودییەکەی ڕۆژانی، ئەسرینی شەوانی کاڵ دەکردەوە، ئەم ئاکارەش ببوو بەکێشەی دایکی و هۆش و هزری سەرقاڵی غەم و شادی

کچە تەنیا و تاقانەکەی بوو، زۆرجاران بەپەیڤی پڕ پاڕانەوە لێی دەپرسی:

– کچم ئەو کارە کاتێکی زۆری گرتووی و ماندووت دەکات تۆ بەبەردەوام ماندووبوون بەڕووخسارتەوە دیارە وازی لێ بێنیت باشترە!

– دایکە تۆ ئەڵێی چی؟

من حەزم دەکرد شەویش دەوامان هەبووایە و هیچ کاتێکی بەتاڵم نەبووایە بۆ بیرکردنەوە.

– بیر لە چی دەکەیتەوە کچم؟

ئەم ڕستەیەی دوایی کچەی تووشی پەشیمانییەک دەکرد لە درکاندنی ئەو ڕاستییە و تا ڕادەیەکیش شێتگیری دەکرد و بەتووڕەبوونێکەوە دەیگوت:

– ئەبێ بیر لەچی بکەمەوە جگە لە غەم و پەژارەی دنیا؟

ئەم تووڕەبوونە دایکی لە پرسیارکردن دەکشاندەوە، خۆی وا پیشان دەدا کە غەمی ئەو تەنیا بەشتە گشتییەکان دەزانێ لە ناخیشیدا لەگەڵ غەم و پەژارە و هەڵچوون و تەلەفۆنەکانی دەژیا و ئەمانە ببوون بەکێشەی گەورەی، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها شەشی سەرەتایی خوێندبوو، ئەویش لەگەڵ غەمەکانی بە ئینگلیزی دەدوا و هەر بەو زمانەش دەینووسییەوە هیچی لێ تێ نەدەگەیشت، گەرچی بەهۆی ئەو ڕستەیەی هەر لە منالییەوە لە نەستیدا جێگیر ببوو، هەرگیز کاڵ بوونەوەی نەبوو، دەیزانی مەسەلەی خۆشەویستی لە گۆڕێدایە، ئەویش ڕستەی I love you بوو، ئەو وشانەی کە لە هەرزەکاریدا نەک پراکتیک کردنی نووسینیی فێنکی بەدڵ دەبەخشی، ئەوەبوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لەبەرئەوەی هەموو قسە و کردارێکیان لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا مەترسیی دەخرایە بەر، خەونەکانیان دەفڕی بۆ دوور، بۆ ئەو کەس و شوێنانەی خۆشەویستییان زیان نابەخشێت ئەوەبوو هونەرمەندە بەناوبانگەکانی جیهان دەبوونە شاسواری خەونەکانیان و هەمیشە وێنەیەک یا دووانیان دەنا بەدیوی ناوەوەی بەرگی



کتێبەکانیانەوە قەرەبووی ئەو دابڕانەیان پێ دەکردەوە، لەبەرئەوەی هەموو کەس بەو نەستە شاراوەیە نەزانێت ئەو وشەیەی لە زمانی ئینگلیزدا بەر لە خوێندنی هەر بابەتێک لە هزریدا جێگیر بووبوو، بەخەتێکی ورد لەژێر کەنارێکەوە دەیانووسی ئەوە یەکەم وشە و هاودەم و هاوسۆزی بوو، هەر بۆیە نە لەبیری دەچووەوە و نە هەتا ئەو تەمەنەش لەو وشەیە جاڕس نەدەبوو.

ئەم:

بەردەوام هەڵاوێردکردن و شیتەڵ کردنی دەروونی ئەو، باڵندەی بیری لە کوچەکەی خۆی وەدەرنابوو، هەموو توانای خستبووە کار بۆ ئەوەی لە کێشەی ئەو بگات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی بریندراری بکات، بەتایبەت کە دەیبینی ئەو کچەکەی جاران نییە کە هەر لە ڕێگاوە ئەم لاو ئەو لای ماچ بکا و دوایش بەدەم نان خواردنەوە زۆر ڕووداو و بینراوی ڕۆژانەی بۆ بگێڕێتەوە هەر ئەمەش بوو زێتر ئەمی خستبووە دڵەڕاوکێ ئاخر ئەو زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی بۆ باس دەکرد ئێستا بەپرسیار کردنیش هیچی بۆ باس ناکا و جگە لەوەی وەکو جاران ڕوو نادا بەدایکی و بگرە زۆر جاڕس و بێزارترە وەکو جارانیش ناچێتە سەر کۆمپیوتەرەکە وەکو خووی هەمیشەیی خۆی چەند دێرێک بنووسێ، بەڵکو هەمیشە بیرکردنەوەیەکی قووڵ ناخی ملەما دەکرد و ڕوانینی پڕ گومان پرسیارەکانی دایکیشی زیاتر برینەکانی نوێ دەکردەوە.

"دەبێ چارەسەرێک بدۆزمەوە کە لە کێشەکەی بگەم، خۆشەویستی و نەمری هاوسەنگن، دڵە مەزنەکان نەمرن، دڵە پڕ خۆشەویستییەکانیش مەزنن... پێویستە نەمری هەڵبژێرم... هەر واشە دڵی دایک نەمر و مەزنە، مەزنی لێبوردنی دەوێ نەمریش قوربانیدانی دەوێت، منیش توانای هەردووکیان".

ئەمە دوا بڕیاری دایکی بوو، بەڵام ئەو جەمسەرێکی تری جیهانی گرتبوو.

"لەبەرئەوەی خۆش دەویسترێن، هەر خۆشەویستییە پەرچوو دەخولقێنێ و دەربەدەری و بەخشندەیی و نەمری دەبەخشێ، پێ دەچێ بتەوێ نەمری بەبالآت ببڕی... بەڵام چۆن؟... ئەم تەمەنە بۆ دایکم و لەم کۆمەڵگایەدا... نا... هەرگیز وا نابێت... ئەمە دەرچوونە لە زەویی خۆشەویستی و یاری کردنە بەئاگر".

ئەوان هێندە لە غەمی یەکدا بوون لە بنەمای کێشەکەیانەوە تەواو دوورە رێگا بوون، غەمی ئەم لەو رۆژەوە بەتەواوی پەرەی سەند، کە دایکی ژنە بەئاژانس و سەتەلایت و کۆمەڵێ شتی دی ناوزەد کراوەکە ئەمجارەیان لە بری پرسیارە جێگیرەکەی رۆژانی دی پێی گوت:

– چییە، ئەڵێی دەوامی دایکت بووە بەدوو شفت!؟ دەی... ئێستا وەکو جاران نەماون، میوانتان زۆر بووە و ئۆتۆمبیلیش زۆر لەبەردەمی ماڵتاندا رادەوەستی.

هێندە بەتوێکڵ ئەو رستانەی درکاند، ئەم زمانی قفڵی لێ درا و پیتێکی پێ نەدرکا، ئەوە نەبێت بەجێی هێشت و ئیتر لەو رۆژەوە بەردەوام بەئازارەوە دەتلایەوە، سەرەتا ماندوێتی پرزەی لەبەر بڕیبوو، بەرادەیەک نەیدەزانی چی دەکات، تا لە دواجار بەناوی چوون بۆ کار هاتە دەرەوە، بەڵام لەو ئارایشگای بەرامبەری ماڵیانی گرتبوو، کچێکی هاوتەمەنی هاوەڵی قوتابخانەی خاوەنی بوو، بۆیە کارەکەی بۆ ئاسانتر دەبوو لەوێدا خۆی مەڵاس دەدا و چاودێری ماڵەوەی دەکرد، بەم شێوەیە بۆی دەرکەوت کە هەر نیو سەعات پاش دەرچوونی ئەم لە ماڵ، ئەویش ئۆتۆمبیلێک دێت بەشوێنییدا و دەیبات.

ئەم :

زیندە خەونەکانیشی پڕ بوون لە کارەسات و وێنەی ناشرین، هەموو ئەو ناو و ناتۆرانە و ئەو شورەیییانەی لە نەستیدا چەسپیبوو لەگەڵ ناوی خۆی و دایکی و خێزانەکەی بەراوردی دەکرد، هێندەی دی دەردی گران بوو، کاتێک بۆی ئاشکرا بوو کە هەر هەمان ئۆتۆمبیلی کرێ دوازدەی نیوەڕۆ دەیگەڕێنێنەوە ماڵەوە، هەروەها ئێوارانیش کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بەهەمان شێوە دەهات بەشوێنیدا و دەیبرد هەتا کاتژمێر پێنج دەیگەڕاندەوە.

ئەم ئاکارەی دوایی تەنیا تووشی گومانی نەکرد، بەڵکو هەتا سەر ئێسقان تووشی چەوساندنەوەشی کرد، دوای هێنان و بردنێکی زۆر، پەنای بردە بەر کوڕێکی هاوڕێی کارکردنی کە رۆژێکیان دەست نیشان کرد و بەئۆتۆمبیلی کوڕەکە هەوڵیان دا پاش دەرچوونی ئەو لە دوورەوە دوای کەوتن هەر دوور بەدوور چاودێرییان کرد دواجار تەکسیەکە لەبەردەم ساختمانێکی بەرزی گەورەدا وەستا و ئەمانیش بەتەنیشت درەختە گەورەکەی بەردەم ساختمانێکدا، ئۆتۆمبیلەکەیان راگرت وردتر چاودێرییان کرد.

شوفێرەکە خێرا دابەزی دەرگاکەی بۆ کردەوە، ئەویش بەنازێکەوە وەکو ئەوەی دەمێک بێت چاوەڕوانی نازکێشان بێت لەلایەن پیاوێکەوە، دابەزی، شاڵە رەشەکەی دا بەسەر شان و ملیدا و لەژێر (فستۆ)ی شاڵەکەوە، قۆڵە گۆشتن و سپیەکانی زەخرەفەیەکی دوو رەنگی دەنواند، بەهەنگاوی ورد ئاودیوی دەروازەی ئەپارتمانەکە بوو، هەر لەوێشەوە دەچوویتە نێو راڕەوێکی بچووکی تاریک لەوێوە بەپلیکانەکاندا سەردەکەوتیت، ئەو پلیکانەی بەشوێنێکی هێندە بێ دەرفەتدا سەردەکەوت و هێندە تەسک و تاریک و بەپێچ و پەنا بوو، تونەیلی نێو فلیمە ترسنکەکانی وە بیر دەهێنایتەوە، دیمەنی ژوورە تاریکەکە ترس و بێ متمانەیییەکی زۆری دەبەخشی.

ئەو بەنازتر لە جاران لە هەنگاوەکانی بەپلیکانەکاندا هەڵزنا و تەقە تەقی پێڵاوە بەرز و بن برغووەکەشی تاریکی راڕەوەکەی ئاوەدان کردبووەوە و سەدایەکی دووری بەجێ دەهێشت و هەنگاوەکانیش بەهێمنی پلیکانەکانی بەجێ دەهێشت، ئەمانیش بەئەسپایی و بێ دەنگی خۆیان بەدوودا

پەلکێش دەکرد، ئەم یەکەم جار بوو بەو شێوەیە لە جەستەی پڕ و جوانی و دەموچاوی غەم ئامێزی ئەو وردبێتەوە، بەتەواوی دیمەنی سوورەماسییەکی لێ دەچۆڕا کە شەلاڵی ئاو بێت"

ئەو جەستە شەکەت و بێ نازە سێ نهۆمی بڕی، لە نهۆمی چوارەمدا سەرەتا ڕۆیشتە ناو ژوورێکی بچووکەوە، دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، دەفتەرێک لەسەر مێزی لای ڕاستی ژوورەکە دانرابوو کردبییە شتێکی تێدا نووسی کە ئەوان پێیان وابوو ناوی خۆیەتی دوایش ئیمزایەکی کرد.

ئەم هەر لەکونی کلیلی دەرگاکەوە چاودێری دەکرد، کە ئەو پاش ئیمزا کردنەکە بەسەر چرپای لای چەپی ژوورەکەدا لەسەر پشت تلیسایەوە و خێرا و بەپەلە قۆپچەی کراسەکەی هەتا خوار کردەوە، سنگی هێشتا چرپڕی لەنێو ستیانی سووردا، لە گڵۆپێکی سوور دەچوو لە ژوورێکی تاریکدا کرابێتەوە، ئەم بەیەکجاری پەرێشان بوو، چاوەڕوان بوو تارماییی پیاوێک لەبەرئەوەی لەو کەلێنە بچووکەوە ئەم دەرفەتی نییە بیبینێ، لە قوژبنێکی ژوورەکەدا خۆی مەلاس دابێ و هەر لەوێدا لەبەر چاوی ئەم وای پیا بنووسێ چوارمێخەی بکێشێ... کە ئەم خەیاڵە هۆشی بەردا بینی ئەو زۆر ئاسایی خەریکی ئەو پشتێنە پزیشکییە کە بۆ ئازاری پشتی بەردەوام دەیبەست، کرابووەوە بەتوندکردنیەوە سەرقاڵ بوو، پاشان بەشنەی پەنجەکانی تاڵەکانی قژی لەران و لەو ڕیز ئەو چەکمەجەدا کە بەلایەکی دیوارەکەوە چەسپ کرابوون، لە یەکێکیاندا دەفتەرێکی سەد لاپەڕەی دەرهێنا، دەفتەرەکە لەسەر بەرگی لای چەپی نووسرابوو ئینگلیزی و لەلای ڕاستیشی نووسرابوو کۆمپیوتەر، پاشان ڕووی کردە ئەو ژوورەی کە لەسەر تەختەیەکی ڕەش و بەخەتێکی پەمەیی نووسرابوو ئامۆژگاری (...) بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر و هەموو زمانە بیانییەکانە.

*خەرمانانی* **۱۹۹۸**



# ژنەکانی ژەنراڵ

"هەر ئێستا دەیبینم و پێی دەڵێم مەحاڵە ئەوەی خەونی پێوە دەبینێ بێتەدی، هاتنەدیی ئەو خەونەی تۆ ئامادەباشیی منی دەوێت، منیش هەرگیز ئامادەنیم کەس تەزبیحاتم پێ بکات... چونکە من خەونی کەسێک بووم کە لێم تێ نەگەیشت و منیش لەبەرئەوەی خۆشم دەویست وازم لێی هێنا و دوورکەوتمەوە، ئاخر خۆشەویستیی بێ ئەنجام بە ڕق کۆتاییی دێت، منیش نەمدەویست ڕقم لێی بێت... خۆ لە..."

بە ژنەکانی نێو کۆشکە سپیە شووشە ڕەشەکەش ئەڵێم ئێوە خۆتان هەست بەکەمسەری دەکەن، نەخێر نێرگزین و دەتانەوێ گەر ژنانی دی خەڵکانی ئاسایی یا هەژار خۆشی دەوێت ئێوە ژەنراڵ خۆشی بوێن، یا تووشی خەمۆکی بوون و سەماکانی ژەنراڵ دەتانخاتە پێکەنین... نەخێر تووشی هستریا و ئەلکترابێت و ئۆدیب و هەموو شتە نەشیاوەکانی دنیا بوون... دەنا ژەنراڵ ئێوەی بۆ چییە لێرەدا کۆتان بکاتەوە؟ خۆ ئەوەی ئێوە خەوتان پێوە دەبینی و لە پێناویدا خۆتان تەسلیم بەو ئاکامە کرد ئەوەبوو ببن بەشاژنی نێو ژنان، هەندێکی دیشتان لە پێناوی خۆشگوزەرانیی ژیان و ڕزگاربوون لە هەژاری ئەوەتان کرد خۆ هەندێکشتان شانازی بەوەوە دەکەن کە ژەنراڵ بۆ ڕابواردن ڕای گرتوون، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بگەن بەهەموو ژەنراڵەکانی جیهان و دوایش ناویان بهێنن و بڵێن پەنجەی

پیاوێکی ناودار هەموو لەشی هەنوین، ئەی ماسوشیێتی ئەوانی دیشتان مەگەر هەر بەتەنیا نەڕە و نرکە و ناڵەی ژەنراڵ بتوانێت بەباشی ئازارتان بدات، ئەی ئەوانەتان کە کورەکانتان گیراوە و لە پێناوی مانەوەی ژیانیاندا سازش بە هەموو شتێک دەکەن، چەند بێزم لە ژەنراڵ دێتەوە خۆ تەسلیم دەبێت بە هەموو شتێک، باوەڕناکەم لەو مەملەکەتی ژنانەدا کەسێکیشیان خۆشیان بوێت، نا نا خۆ ئەمیش ئەو ژەنراڵە پاڵەوانە نییە کە سالانێک من...".

دەنگێکی نەڕە ئاسا لەو ژوورەی کە دەرگاکەی لەسەر ئەو تەلارە بوو پێیان دەگوت ژووری چاوەڕان کردن، ئەم و چەندین کەسی دی لەسەر کورسییە سارد و تەزیوەکان چاوەڕوانییان دەکرد، رای چەڵەکاند و بەئاگای هێنایەوە، بەڵام ئەو دەنگە هیچ لەلای نامۆ نەبوو، هەر بەو دەنگە دەچوو کە چەندین جار وشەی جوان و شیرینی لێ بیستبوو، حەیفی لێ دەهات دەنگێکی لەو جۆرە ئێستا هاوار ئەکات و ئەنەڕێنی.

– دەرگای تەویلەکانی ئەودیوی ماڵەکەش بکەنەوە و فتیلە بێ نەوتەکانیشی تێ بەرن با ڕووناک بێت بۆ لێشاوە ژنە تایبەتییەکانم هە ها ها... ئیتر تەواو... کانی هەر یەک جار خۆشە ئاوی لێ بخوێتەوە...... بەڵام من وەکو وتویانە "کانییێک ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ مەگرە" بەوەفا دەبم بەرامبەریان و لە ساختەمانەکەمدا کاریان بۆ دابین دەکەم، بەردیان تێ ناگرم.

ئەم دەنگە بەتەواوی لەو دەنگە دەچوو کە چەندین جار بەسەرپەی خۆشەویستی و بە ئاکام گەیشتن و دڵسۆزی دڵ و دەروونی ئەمی پڕکردبوو ئەو دەنگە دلێرە لەبێ هەڵوێستیی مرۆڤەکاندا باسی جورئەتی دەکرد و لە خیانەتدا باسی پاکیی دەکرد، ئەو دەنگە تەنیا لە سەدادا لەم دەچێت، ئەو هەرگیز لە رەفتاردا وەکو ئەم نەبوو وەکو ئەم لە ژووری چاوەڕانکردنەکەیدا ڕای نەدەگرت، بەڵکو لای سکرتێرە تایبەتییەکانی خۆی دایدەنا و هەر کە میوانەکی ژورەوە دەڕۆیشت فەرموو لەم دەکرا ئەو دەنگەی لە هەموو



پەیوەندی کردنەکاندا کاتی بەویستی ئەم دەگونجاند نەک کات و کاری خۆی " نە ئەم دەنگە تەنیا لەو دەنگە دەچێت... دەنا هەرگیز پێی ناکرێ هێندەی دەنگەکەی من دلێر و مەزن بێت، ئەو دەنگە چەندین خۆشم ئەوێی بەگوێی مندا داوە، گەر ئەو بوایە ئێستا هەر بە زانینی کە من لێرەم خێرا دەیکردمە ژوورەوە و قسەی خۆم لەگەڵ دەکرد... یا هیچ نەبێ کە دەیزانی من گوێم لێیە هەرگیز وا توندوتیژ خۆی پیشان نەدەدا، هەر بەو ناسکێی جاران دەجوولایەوە" مەبەستی لە دەنگی ئەو ژەنراڵە وەهمیەیە کە هۆش پەسەندی نەدەکرد هێندە بەنموونەیی باسی دەکرد، وەهمێک کە لە هەموو کەس بێگەردتربێت مرۆڤتربێت بەڕەوشتتر و بە هەڵوێستتر و ئاشتیخوازتر بێت، بێ سێ و دوو نەفرەتی لە هەموو ئەو قسە و قسەڵۆکانە دەکرد کە لەسەری دەکرا نەک هەر ئەوە بگرە ئەوەندەشی بەرگری لێ دەکرد بەشان و باڵی داوێنپاکی ڕەوشت و خواست چاکی ئەو دەهات خەڵک وای دەزانی نەخۆشیی دەروونیی هەیە ، بەتایبەت کە خەڵک بەجۆرێکی دی باسی سیمایان دەکرد و ئەمیش بەشێوەیەکی ئیجگار قۆز و شاسوار باسی دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی لە گەمەی ماچ و ڕاموسواندا تەزووی گەرمی ڕوومەتی ڕاستی گڕ تێ بەردا ئەمیش سەرەتا وای زانیبوو، گاڵتەی لەگەڵ دەکات. گەرچی لە دڵیشیدا دەیگوت "بە گاڵتەی بێت چۆن بە هەموو هێزی پێمدا دەماڵێت، ئاخر هەرجاری بەگاڵتە مشتەکۆڵەیەکم لێدابێ و زانیبێتم سووکە ئازارێکی پێ گەیشتووە، حەزم بە هەڵوەرینی پەنجەکانم کردووە، دەی با بڵێن، گاڵتەکردنی ئەو وایە".

نەخێر زللەلێدانی درێژەی کێشا و، بەڕادەیەک کە ئیتر ژمارەکانی لێ تێکچوو، نەیزانی چەند زللەی لێ داوە، بەڵام زۆر شتی دەهات بە دڵدا وەکو ئەوەی سەرەتا تەواو بەزەییی پێدا دەهاتەوە و دەترسا لەوەی تووشی بارێکی دەروونی بووبێت ئەو کات ئەم هەردوو ڕوومەتی خۆی دەکات بە قوربانی، چۆن هەتا کەف و کۆڵی دڵی دەمرد ماچی دەکرد با هەتا ئەو کاتەش زللەی لێ بدات، دوایش دەیگوت "من ئەوەندەم خۆش ویستوە کە

هەمیشە پاراومەتەوە بەهەر قەدەرێک دەبێت نەک تەنیا ژیانم مردنیشم بەدەستی ئەو بێت نەک ئیزرائیل دەمەوێ هەتا سنووری مردن بۆی بژیم بۆیە چاکتر وایە بەدەستی ئەو بمرم، بریا ڕۆژی بەدی هێنانی ئەو خۆزگەیەم دەبوو".

لەم کاتەدا بۆ تروسکە خۆشەویستییەک دەگەڕا لەگەڵ لێدانەکەدا بیچێژی بۆیە بەوردی نیگای لە چاوانە دەبڕی کە هی گریان نین، چاوی خۆشەویستین، لەو کاتەدا ئەم بەئاگا هاتبووەوە و زانیبووی بەمەست دەدا بەچاویدا، زانیی ئەوە لێدانی پاش تێرخواردنە، بەتایبەت بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا یەکێک پێی بڵێ "هیچ و پوچ، بێناموس، سۆزانی، "ئەم وشانە هێندە بەسەختی پەردەی گوێی دەسمی نەیدەزانی چی دیکەی پێ بڵێ کاتێکیش بەگەرووی پڕ گریانەوە پێی گوت:

– من ئێستا دەرکم بەکەسایەتیی تۆ کرد کە چییت، ئاکاری کەسانی وەکو تۆ هەر ئەوەندە حیکمەتی تێدا دەبێت.

قسەکەی تەواو نەکردبوو ژەنراڵی گەورە و مەزن جانتایەکی ژنانەی بەدەستەوە گرتبوو دەیگوت:

– خێرا برۆ دەرێ با بە فیشەکێ کاسەی سەرت لێ نەکەمەوە.

– تۆ ژەنراڵی شەڕەکان و هاوڕێی فیشەک و چەک کەی خۆشەویستیی زانیوە، کە ئەوە حاڵەت بوو لەو شانۆیەدا ڕۆڵت دیاری نەکردایە، کەسانی وەکو تۆ دەبێ هەر شانازی بەشەڕەکانەوە بکات.

"وام دەزانی گوێی لە دەنگی دڵیەتی و دەنگی ناوەوەشی ئەڵێ من لە هەموو شەڕەکاندا سەرکەوتووم تەنانەت لە شەڕەژنیشدا چونکە گوێم لێ بوو لە ژێر لێوەوە درکاندی ژن بوو بەوەی لە پیاو بدات تۆ زللە لە من دەدەیت، ئەو کات زانیم ژەنراڵ پاش تێربوون حەز ناکات سیماشم ببینێت و تەنانەت مشتەکۆڵە و زللە خۆشەویستی ئەسپاییەکانیش کە لێم دەدا بۆ ئەوەی هەست بەبوونی بکەن لە تەنیشتمەوە، بە دوژمنایەتیی دەزانی و



تۆڵەی دەکاتەوە بۆیە پێم گوت:

– ژەنراڵ تۆ بەردەوام خۆت بەبراوە دەزانیت بەڵام دەبێ ڕۆژێ ئەوەت تێ بگەیەنم کە تۆ براوەی شەڕێکی دۆڕاویت.

– ......

– بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت لە شەڕەکاندا فرمێسکی ژن و خوێنی پیاو هیچ بەها و نرخێکی نییە.

– ......

– کە هەستت بەوە کرد فرمێسکی ئێمە بەرامبەر خوێنی ئێوەیە ئەو کات دەزانیت براوەیەکی دۆڕاویت.

کە ژەنراڵ جارێکی دی دەستی کردەوە بەڕاموسانی من و... "کاتێ دەنگی سکرتێرەکە بەئاگای هێنایەوە بچێتە ژوورەوە، تەنیا یەک کەس لە هۆڵی چاوەڕوانکردنەکەدا مابوو، سەرەتا لە هۆڵەکەدا پیاوێکی کەڵەگەتی ڕەش بانگی دەکردی و دەچیتە نێو ژوورێکی بچووکتر، کچێکی زۆر جوانی نیمچە ڕووتی مناڵکار پێشوازیی لێ دەکردیت و دەیبردیتە بەر دەرگاکەی و لە دەرگای دەدا و، کچێکی دی لە سەرهەمان تەرز فەرمووی لێ دەکردیت و دەیبردیتەوە نێو ئەو ژوورەی کە کرستاڵی بنمیچ و چوارلای دیوارەکەی هێندە ئاوی ئاڵتون درابوون چاویان چەواشە دەکرد، لە ژوورەوەش چەندین ژن بەدەوری ژەنراڵدا دەهاتن و ئارەزووەکانیان جێبەجێ دەکرد هەندێکیشیان عەیب نەبێت...

ئەمیش هەرگیز بەو شێوەیە لە کەسێکی نەڕوانیبوو، چونکە یەکەمجاری بوو دەرک بەو ڕاستییە بکات کە پێشتر نەک هەر لێی یاخی بوو داکۆکیشی لێ دەکرد، ئەو کات زانیی ئەو پاڵەوانە وەهمییەی ئەو دروستی کردووە جگە لە دەموچاو سیمایەکی تێک ترشاو و نەفریناوی و تاوانکار هیچی دی نەبووە، لەوە زیاتریش فریا نەکەوت بەڕابردووی پڕ ئەندیشەدا بچێتەوە، تەنیا شتێک کە زیاتر لە هەر ئاکارێکی دیکە هۆشی

داگیر کردبوو ئەوەبوو دواجار لە ڕامووساندا بەجێی هێشت و ئێستاش بورکانێکە لە ڕق و تووڕەیی بۆ ڕاڤەکردنی ئەمەش تەنیا ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە ئەوانەی دی هەموو نواندن بوون هەتا ئەمی ڕازی کردووە، ئێستاش پاش ئەوەی کە ئەم هێشتا نەیپرسیبوو کارت بەمن چی بوو، ئەو هاواری دەکرد پێویست ناکات هیچ بڵێیت. ئەمەش هەر پاشماوەی خۆمە بیگەیەنن بە تەویلەکان خۆتان دەزانن ئەمساڵ هەموو کەڵەشێرەکانم پاش ئەوەی لە شەڕە کەڵەشێردا دەدۆڕان خەساند و مریشکەکانیش نیوەیان بەدەردی دڵەوە مرداربوونەوە و ئەوانی دیش لەبەرئەوەی لە کڕکەوتن یاخی بووبوون سەرم برین، بۆیە ئێستا ئەو تەویلانەم بۆ ئێوەومانانە هەتا لەسەر ئەو هێلکە ماوانە بنیشن و هەڵیان بهێنن، دەمەوێ سوود لە ئێوە وەرگرم بۆ ئابووریی وڵات، ئەو کات سوودتان پێ دەگەیەنم، لە هەمووتان سوود وەردەگرم هەر یەکە بەشێوەی جیاواز.

١٩٩٩/١/٤



# ئەو سێوی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم

من لێرەدا وا دەگوزەرێنم، گەرچی تەنیا هەنووکە باوەڕم بەوە هێناوە، لەم زەمەنی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەدا، هیچ کچێک بەها و نرخێک بۆ ئەو "ترس"ە دانانێت کە سەرتاپای منی تەنیوە. ئەوەتا بێ سڵەمینەوە، لە هیچ ئارەزوویەک خۆیان بێ بەش ناکەن و ئازایانەش یاداشتی دەکەن و بۆ دایکیانی دەگێڕنەوە، ئەوانیش بەچاوی گەورە گوێیان لێ دەگرن و لێیان دەنوارن.

بەڵام ئەو بڕوای نەکرد، گوتی "ئەوە کەی لە زەمەنی ئەندازە تێکشکاوەکاندا بەرجەستە بووە، ئەوێ لێرە ناچێت لەوێ ترس تەنیا لە وشەکە خۆیەتی کە (ترسە)".

ویستم ئەمجارەیان وشەکانم کۆ بکەمەوە و زووتر بڵێم "کوێ" کەچی بواری نەدام و هەر خێرا بە دوایدا گوتی:

– ئەوێندەر هەمیشە نرخی مرۆڤ لەگەڵ کردەوە هەنووکەییەکانیدا دەگرن. ئەوێی کراوە و ئێرەی داخراو. حیکمەت بە ئەزموونی وتیان دەبەخشێت.

هەوڵم دا هەندێک بواری مێشکم بدا و، لەو ئەوێیە بپرسم بەڵکو تەنیا

ئەو دەستەواژەیە بەنووسراوە سوواوەکانی سەر دیوارەکانی ئێرە بەراورد بکەم. بەڵام هەر زوو هەڵی دایە گوتی:

– هەربۆیە دایکان گوێ دەگرن و لەو هەنووکەییانە پەشیمانیان ناکەنەوە. ئەزموون بەحیکمەتی ژیان دێننە ژماردن، گەرچی ئەزموونی دۆڕاویش بێت، بەبێ ئەوەی جڵەوگیری ئەو ئێستایە بن. داهاتووش لەسەر ڕووی ئاوێنە بێ گەردەکان دەخوێننەوە بەبێ دەستەواژەی دەستکرد و تۆقێنەر.

"ئەم ڕستەیەی دوایی تووشی سڵەمینەوەی کردم، تەزوویەکی سارد ختووکەی پشتی دام، چەندە ویستم ئەو خەونەم بیر نەکەوێتەوە کە ئەو شەوە بینیم. بەڵام بەخۆم نەبوو گەڕامەوە بۆ خەوەکەی ئەوێی منالّی. ئەو خەونەی تەنیا دوو ڕۆژ بەسەر (بالّق) بوومدا تێپەڕی بوو بینم لە خەونمدا چووبوومە حەوشەی پشتەوەی قوتابخانەکەمان. کە ئەوێ تەنیا یەک دوو بن دڕکی گەورەی لێ ڕوابوو، چەند تەپە پیسیی مرۆڤ و سەگەکەی تێدا کەوتبوو، ئەو سەگەی هەمیشە لە پشتەوەی قوتابخانەکەدایە و ئەڵێی بەڕێوەبەر بەچاودێر دایناوە، نەک لە ئاسمانەوە نێرینەیەک خۆی بهاوێتە نێو قوتابخانەکە و لەگەڵ ئەو کچانەی کە بەڕێوەبەر نەیدەهێشت مامۆستای پیاوی گەنجیش وانەیان پێ بڵێتەوە ژوانێک ببەستن. هەر گوێقولاغ و چاوبز بەهەر چوار لادا دەینواڕی.

منیش لە ترسی سەگەکە و کچی باشێکیش کە هەواڵی لای بەڕێوەبەرم لێی بدات هەموو جەستەم هەڵنیشتبوو لە عارەقێکی سارد، دەترسام دوایی هەتا ئێوارە بڵێم هاتووم لە دواوە سەیرێکی (تەنوورە) خۆڵەمێشییەکەم بکەم بزانم پەڵەیەک خوێنی نەگرتووە. باوەڕم پێ نەکات و ببم بەجێگەی پێکەنین و سەرەنجی هاوەڵەکانم. دڵنیا بووم پاڕانەوەم گوێی ئاسمانی کەڕ بکردایە نەک جارێک هەزار جار ڕازی خۆم یاداشت کردایە بەڕێوەبەر باوەڕی پێ نەدەکردم. گەر بزانێ گەیشتووم بەو حەسارەی کە دیوارەکەی دوو مەتر چووە بە ئاسمانا و تەنیا پەڵەهەورەکان و سەگە سپیم



لێوە دیارە، لە دڵدا دەپاڕامەوە گەر پێی زانیم هەر لە خۆڕسک و خێرا (تەنوورەکەم) یەک دوو پەڵەی سوور بگرێت و بۆ ئەوەی بزانێت ئەو مەبەستە گەیاندوومی بە ئەوێ، جارێکی دیش تووشی گومان و دڵەڕاوکێ دەبووم و دەترسام ئەو کاتیش نهێنییەکەم نەپارێزێ و بنێرێت بەشوێنی دایکما و هەموو شتێکی تێ بگەیەنێت. ئەی ئەو قوتابییانەی کە هەمیشە بەدەوروپشتی ژووری بەڕێوەبەردا دێن و بەدوای هەرشتێکدا دەگەڕێن لە پێناوی نمرەیەکدا دە ئەوەندەی دیشی بخەنە پاڵ و بە مامۆستاکانی قوتابخانە بڵێنەوە ئاخر مامۆستاکانیش وەکو دایکم کۆمەڵێ چاودێر و سانسۆریان دانابوو بۆ ئەوەی هەر کەسێک بڵێ (لەل) پێیان بگاتەوە.

چۆن لە ماڵەوە پیاڵەیەک بەدەستمەوە بشکایە دایکم ئێوارە بۆ باوکمی دەگێڕایەوە. بەڕێوەبەریش هەر قوتابییەک ورتەیەکی لەلا بکردایە خێرا دەینارد بەشوێنی باوکماندا، کێ دەڵێ ئەم جارەش نانێرێت بەشوێنی باوکما و ئەویش پاش ئەوەی لە قوتابخانەم دەردێنێ و لەبەردەمی قوتابییەکاندا ڕیسوام دەکات دەمباتەوە، ئەو کات هەموو قوتابییەکان دەدەن لە قاقای پێکەنین و ئەوە کچە بێ ڕەوشتەکەیە، ئەوە کچە لێقەوماوەکەیە".

بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ترس فرمێسکی بەخوڕ دەهێنامە خوارێ و ڕوومەتە قڵێشاوەکانی دەکزاندمەوە. بۆ چارەسەرێک دەگەڕام، لە تیشکی ڕۆژم دەنواڕی و دەپاڕامەوە پەرچوویەک ڕووبدات و هەتا لای خۆیم ڕاکێشێت، ئیتر نەکەس ببینم لەوانەی دەیانناسم و نە گوێم لەکەس بێت... ئاخ گوێ گرتنم چەند لا گران بوو. هەموو دەنگەکان دژە ئاراستە بوون، بۆیە هەر لە نزادا بووم، ئەوەبوو ئەویش نزاکانی پەسند کردم.... بەڵام چەند عەیب بوو، کە کوڕێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ بەسواری ئەسپێکی سپییەوەی بۆ ناردمە خوارەوە، سەرەتا لێم هاتە پێشێ و بەو دەستەی نا کە قامچییەکی ڕەنگ قاوەیی پێ گرتبوو، بەدەستەکەی دی کە پەڕەیەک لەناو پەنجەکانیدا جێگیربوون فرمێسکەکانی سڕیم.

ترس هێندەی تر جەستەی هێنامە لەرزین. ئەوەندە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆم دەکرد تەنیا وەکو ڕەنگی پێست و تارماییی دەزانم نێرینە بوو، چاودێری کردنی چوار دەوری خۆم مۆڵەتی نەدام بەباشی سەیری ڕوخساری بکەم و بزانم ڕەنگی چاوی چۆنە، هەر نازانم وەکو زۆربەی پیاوانی دی سیمایەکی زبر و زمانێکی هەڵخەڵەتێنی هەبوو، خۆشی ویستم یا نا؟ ئەوەشیان هەر نازانم... من تەنیا دەمویست ڕزگارم بکات.

کەچی ئەویش بەسۆزتر لە پێشوو بە زمان ئەسرینەکانی سڕییەوە... وەی لەو ختوورەی بەدڵی مندا هات دەروونی دوژمنیش بەو شێوەیە مڵەما نەکات. ئەو شەرمەزاربوونەوەی من شەرمەزاربووم کە تارماییی باوکم بینی لە دوورەوە بەرەوڕووم دەهات، نەدەبووم بەدڵۆپێ ئاو و بەزەویدا ڕۆبچم، نەدەبووم بەباڵندەیەک و بەئاسماندا بفڕم.

بۆ نەفڕیم؟.......

جا ئەوە بوو کاتێ چاوم لەسەر تارماییی باوکم گواستەوە پەشمەکی هەورمان دەدا بەسەردا، ئەو ئاوزەنگی لە ئەسپەکە دەدا و، منیش گەرمیی دڵم (تا)ی لە پشتی ئەو هێنابوو، ترپەترپی دڵیشم بەئاشکرا دەبیسترا خەریک بوو دەگەیشتم بەوپەڕی لەزەت. کە ئاوڕم لە خوارەوە دایەوە، تارمایییەکەی باوکم گەیشتبوو بە حەساری پشتەوەی قوتابخانەکەمان و پەنجەی شایەتومانی لێ ڕادەوەشاندم، ئەمەیان هەر بەیەکجاری پرزەی لەبەربریم، خۆت دەزانی باوک بەو شێوەیە ببینێ یانی چی؟

بۆیە ئەوەندە لەرزیم هەتا دەستم لە پشتی سوارچاکەکە ترازا و بەسەردا کەوتمە خوارێ، ئەویش ئاوڕی لێ نەدامەوە و تێپەڕی، هەر لەوێدا زانیم دەردی بەجێ هێشتن چەند گرانە کەچی کاتێکیش هاتمە خوارەوە زانیم ئەوەی کە وام دەزانی باوکمە و پەنجەی لێ ڕادەوشاندم باوکم نەبوو، (پایە)ی دیوارەکە بوو نەک ئەو".

دیسان دەنگی هەڵبڕی و بردمیەوە نێو ئەو ڕستانەی کە نەمدەوێرا لەگەڵ



خۆشما و لە بیابانێکی چۆڵیشدا قسەی لەسەر بکەم ئەو ڕستانەی هێندەی سەر و بۆر بۆ دادەنا هەر لێی تێ نەدەگەیشتم، یا ڕاستر بڵێم خۆمم لێ ناحاڵی دەکرد، ئەمویست بڵێن کەسێکی هەژارە و لە هەندێ شت تێ ناگات. کەچی ئەو قاقا پێم پێکەنی و گوتی "تۆ هەر لە بەئاگابوونتا ترسنۆک نییت. لە خەونەکانیشتا هەر ترسنۆکی".

ڕاچەڵەکین خوێنی زاندە هەردوو چاوم، وام هەست دەکرد سەرم دەکوڵێت و هەڵمێکی گەرمی شێداری لێ بەرز دەبێتەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم خۆ من لای کەس ئەو خەونەم نەگێڕاوەتەوە. چۆنی زانیوە چۆن؟ وا بەو شێوەیە پێدەکەنێت.

کەچی ئەو دەنگی لە جاری پێشوتر زیاتر هەڵبڕی و هێندە پێکەنی سێ جاڕ ڕستەکەی دووپات کردەوە ئەوجا زانیم ئەڵێت:

– ئەوەی تۆ لێی ئەترسایت، سروشتی هەموو مێینەیەکە کەچی تۆ وات دەزانی دەرئەنجامی بێ ئابڕویەتییەکە کە ئەنجامت نەدابوو.

"سروشتی هەموو مێینەیەک، ئەی بۆ هەرگیز ئەو سروشتەم بەدایکم و خوشکەکەمەوە کە لە منیش گەورەتر بوو نەبینی یا جارێک باسیان لەو سروشتە نەکرد، ئەی دایکم بەمناڵی هەموو جارێ پێی نەدەگوتم:

– لە کۆڵان لەگەڵ کوڕدا یاری نەکەیت عەیبە!

– دایکە عەیبە یانی چی؟

– واتە خوا دەتخاتە جهەنەمەوە

– "جا ئیتر قسەی چی؟ من لەگەڵ کوڕی سەر ئەسپەکەدا چیم نەکرد لە قسە و ئاکار دەرچووبوو" دەنگەکە ئەمجارە پێکەنینەکەی سڕا بووە و بەهاوارێکی پڕ تەوس و ڕقەوە وتی:

– گەمژە ئەوە خەو بوو... خەو.

جا باخەونیش بێت، خۆ ئێمە چۆن نیوەی سوعبەتمان ڕاستییە، لە

دەمامکی دەپێچین، ئاواش نیوەی خەومان ڕاستییە، هەندێ جار هەر بەتەواوی ڕاستییە، ئاخر ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانیت وەکو چۆن ئەوەی تۆ دەیزانیت دەمی بەو شێوەیە گەرم کردوویت من نایزانم.

ئەوەی من لە نەخۆشخانە بینیم. تۆ نەتبینیوە، من بەچاوی خۆم بینیم و ئاگام لێ بوو ئەو کچە (٢٠) ساڵانە لە نێو نەخۆشخانەکەدا وەکو خامی سپی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، خەڵکی لێی وروژابوون، دایکیشی پاش ئەوەی پزیشکەکە کچەکەی پشکنیبوو درکاندبووی سکی پڕە. هەر ڕوومەتی دەڕنی بەدیارییەوە، نەیدەوێرا نەک کچەکە خۆشی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەر دەکڕوزایەوە دەیگوت:

– دکتۆر گیان بەڵکو شتێک بکەیت ئەوەتا ئەڵێ پاش براکانم چوومەتە حەمام و لەسەر ئەو تەختەیەی کە ئەوان خۆیان لەسەری شتووە خۆم شتووە، تووشی ئەم بەزمە بووم.

پزیشکەکەش هەندێ بەچاوی پڕ پرسیار لە کچەکەی ڕوانی و دوایی دەمی بردە لای گوێی دایکەکە و شتێکی چرپاند بە گوێیدا یەکسەر دایکە بەدەم ئەیەڕۆیەکەوە دای بەسنگیدا و ئیتر بەزمی دایک و کچ لەوێوە دەستی پێ کرد. کچەکەش هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوەی بەخەو بینیوە و لەخەودا پێی کراوە وەکو خەوەکەی منی بینیبوو.

من هەتا ئەو کات، یەک وشەم نەدرکاندبوو بەپاڵەپەستۆ هەناسەم دەدا، گەرچی ئەو کاتە مناڵ بووم و زۆر لە مەسەلەکان تێ نەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی ئەو کارە بەشتێکی ئێجگار خراپ و ئابڕووبەرە مەزەنە دەکرێت، بەتایبەت کە دایکم ڕووی لە یەکێک لەو ژنانە کرد کە لە کچەکە وروژابوون هەرکەس بەجۆرێک دەدوان، پێی گوت:

– کچ بەڵا لە شوێنە، داوێنی دوژمنێتی، بۆیە هەقە هەر لە دوازدە ساڵییەوە ملی بکەیت بەپەتی ماڵ و مێردەوە.

من ئەو کات چوار مانگم مابوو بۆ دوازدە ساڵی. ئیتر بەتەواوی لە



غەمی ئەوەدا بووم پاش ئەو چوار مانگە ملی منیش بکات بەو پەتەوەی کە باسی دەکات گەرچی هەتا ئەو کاتە بە تەواوی تێ نەدەگەشتم پەتەکان چۆنن بەڵام دەمزانی بزنێکی دابەستەمان لە ماڵەوە هەبوو ملی کرابوو بەپەتێکەوە هەموو ماڵ و مەملەکەتەکەی تەنیا یەک مەتری چوار گۆشە بوو تیایدا بجوڵێتەوە، دوای ئەو ڕووی لە من کرد و گوتی:

– ئەوە دەرئەنجامی متمانەبوونە بە پیاو.

هیچ لە مەبەستەکەی تێ نەگەیشتم و ئەویش تێبینیی حەپەسانەکەی کردبووم بۆیە زیاتر بۆی ڕوون کردمەوە (واتە لە قوتابخانە لەگەڵ کوڕدا یاریی کردووە، ئاوا سەری خۆی و خێزانەکەی شۆڕکرد، بۆیە هەزار جارم پێ وتویت و پێت ئەڵێمەوە، ئەوەی (نێر) بوو باوەڕی پێ نەکەیت تەنانەت گەر باوکیشت بوو، ئەگەر ئوتۆمبیلێک لە ڕێگا ماڵی هەر کەسێکی لێ پرسییت نزیک نەبیتەوە، بترفێنێ و وات بەسەر بێنێ. وەڵامی کەس نەدەیتەوە خێرا بەڕاکردن بگە بەماڵەوە، شەوانەش (اية الكرسي) بخوێنە خۆ بەلای ناخێرت سێ ساڵ ئەبێت فێرم کردوویت، کەچی لەوانەیە هەتا ئێستا نەتخوێندبێ و چەندین خەوت بەدێو و درنج و پیاوەوە بینیبێت.

" ئیتر بەقسەشم کرد لەو ڕۆژەوە رقم لە هەموو ڕەگەزێکی نێر بوو، هیچ کات وانەی مامۆستا پیاوەکانم لەبەر نەدەکرد و زۆربەی کاتیش ئەو وانانە هەر نەدەچوومە ناو پۆل و خۆم دەکرد بەنەخۆش، گەرچی بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستای پیاوی خانەنشین نەبوایە کە بە (محازر) وانەی دەگوتەوە، نەیدەهێشت مامۆستای گەنج ڕوو بکاتە قوتابخانەکەمان، ئەویش هەر هەمان بۆچوونی دایکمی هەیە، بۆیە نەک مامۆستاکان ڕقم لە (شوان)ی براشم بوو، کەچی بەڕێوەبەر ئەویش و هەموو شوانەکانی دیشی خۆش دەویست و بۆ هیچ سەرپێچییەکیش نەیدەنارد بەشوێنی باوکیاندا، خۆ باسی باوکم هەر مەکە، هەموو شەوێکیش بەر لە نووستن دەستنوێژم دەشت و (اية الكرسي)م دەخوێند ئەوسا دەنووستم.

بەڵام ئەو ڕۆژە نەمدەزانی ئەو خوێنەم بۆچی لێ دێت، ئەوەندە ترسام و

گریام، له دڵی خۆمدا هەر دەمگوت ئەمەیە کە خەڵک پێی دەڵێن بێ ڕەوشتی بەڵێ من تازە بێ ڕەوشت بووم.

ئەمە ئەوەیە کە بەسەر کچی نەخۆشخانەکەدا هاتبوو، ئیتر شەویش هەر ئێوارە چوومە ژێر جێگاکەم هەنسکم دا هەتا خەوم لێ کەوت، بریا خەوی مەرگم بوایە و هەر خەوم لێ نەکەوتایە، کەس نازانێ ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە چۆن هەر پێنج چرکە جارێک دەڕۆیشتم پۆشاکەکانی ژێرەوەم دەشت و هەر بەتەڕی لەبەرم دەکردنەوە، ئێستا دەزانم چەند گوناهبارم کە پێنج فەرزە، هەر بەوانەشەوە و بەو شێوەیە نوێژەکانیشم دەکرد، چوار ڕۆژ ئەوە حاڵی من بوو... کەچی دواییش.

-دواییش چی؟ تۆ خۆت، هەتا ئێستا لە گوناهی سێو خواردنەکەدای، بۆ؟ ئەوانەی تۆی پێ ترساندووە سروشتی خۆی و هەموو مێینەیەکی دیکە نەبووە، یا خۆی لە بەردەمی تۆدا دووبارە دەکردەوە، وای پیشان دەدایت لە کەسانی دی باڵاترە.

"هەر بەڕاستی وام دەزانی کەسێکە هەموو شتێکی نەک لە من بەڵکو لە هەموو ژنێکیش زیاترە، هەمیشە لە هەموو لەشی خۆمی دەتۆقاندم. نازانێ کە سنگم کردووە، نەختێ بەرز بووەوە، چۆن بەتیلەیەکی چاو لێم ڕاما و گوتی:

- بەسنگ و مەمک ژنێکی تەواوی، بەڵام نازانی خزمەتی ماڵەکە بکەیت و چوار ئیشی ڕێکوپێک بۆ من بکەیت.

هەتا ئێستاش پرسیارەکانی من بێ وەڵامن، بۆیە وامدەزانی ئەوەی ژن بێت و پیر بێت ئەبێ ئەوانەی منی بەسەر بێت، هەندێ جاریش وام دەزانی تەنیا بۆ من عەیبە و بۆ خەڵکی دی ئاساییە. چونکە زۆر جار کە سەیری ئاوێنەم دەکرد، دەیانگوت "دڵت پەیدا کردووە" ئیتر بەخۆدا دەشکامەوە دوای ئەوە پارچە ئاوێنەیەکی بچووک بەتەنیشت بەرمیلی گەرماوەکەمانەوە، دانرابوو، لەوێدا تێر سەیری دەموچاوی خۆم دەکرد و بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕام کە شوانی برامی لای دایکم شیرین کردووە و



منیشی نابووت کردووە. بۆیە بەردەوام خۆم بە کەسێکی کەمسەر و زۆر جاریش نامۆ دەبینی و هەتا پازدە ساڵیش زۆرجار لە پوورەکانم دەپرسی دایکم کەی شووی کردووە، ئەی من کەی لە دایک بووم؟ بەدوای زەمەنێکی وندا دەگەڕام کە منی پەیوەست کردووە بەئەوێوە، چونکە من خۆم بەخاوەنی ئەوان و ئەو زەمەنەش نەدەزانی".

- تۆ تاوانباری بەرامبەر بەخۆت، هێندە دەترسای بەردەوام گۆشەگیر بوویت. تێکەڵاوی کچە هاوەڵەکانت نەدەبوی هەتا لێیانەوە فێرببیت و بزانیت کە ئەوانیش وەکو تۆن و ئیتر سڵ لە سروشتی خۆت نەکەیتەوە.

"دەترسام ئەوان تێ بگەن و بەو شتانە بزانن و بچنە ماڵەوە هەموویان پێ بڵێنەوە، ئاخر دایکم بەنیوەی هاوپۆلەکانمی گوتبوو هەر شتێکیان لێ بینێ یا لە ڕێگا لەگەڵ کوڕدا قسەی کرد خێرا وەرن لە ماڵەوە بەمن بڵێنەوە، (جا ئەو کاتە چەند شتی جوانتان بۆ دەکڕم)، ئیتر دوای ئەوە ئەگەر تێکەڵاویان ببومایە دەبوو هەموو شتێکیان بەقسە بکەم، تەنانەت هەموو ڕۆژێ پارەی ڕۆژانەکەمیان لێ دەسەندم خۆ ئەگەر ڕۆژێک پارەی ڕۆژانەم وەرنەگرتایە و بەوانم بگوتایە پێم نییە وەرم نەگرتووە، دەهاتنە لای دایکم بوختانێکیان بۆ دروست دەکردم کە سزاکەی لەوان زیاتر بوو.

ئیتر بەتەواوی لە هەموو کەس دوورکەوتمەوە و ئێستا یەک هاوڕێم نییە نەکچ نەکوڕ. بەڵام تۆ چۆن بەمانەت زانی، ئاخر سەرم سوڕماوە، من ناوەوەی خۆمم هەرگیز نەدرکاندووە بۆ ئەوەی کەس پێی نەزانێت و لای ئاشکرا نەبێت کەچی تۆ هیچت لا نهێنی نییە".

- ئاخر گەر تۆش بتوێرایە پراکتیکی ئەو ڕاستییە بکەیت کە خواردنی سێوەکە گوناه نەبووە بەڵکو بەمەعریفەکردنی شتەکان بوو، ئێستا هیچت لا نهێنی نەبوو.

"نا ئیتر ناترسم ڕووبەڕووی هەموو سروشت ببمەوە، نەک تەنیا سروشتی خۆم، یا چاکتر وایە بۆ ئەوەی لە هیچ شتێک نەترسم، ئەمڕۆ لەبەردەمی

ئاوێنەیەکدا خۆم ڕووت دەکەمەوە بەوردی لە خۆم ڕادەمێنم هەتا هەموو سڵ کردنەوەکانم دەڕەوێتەوە".

ئەوەی کە تا ئەو کاتەش نەمدەزانی کێیە، جارێکی دیش قاقا دەنگی لێ هەڵبڕی گوتی:

– ئەی دەبەنگ، هەنووکە ئەوەندە ئازایت؟ حەز دەکەم خەڵاتێکی گەورەت بکەم، کە بەخۆتدا چوویتەوە بەزەمەنیشدا بچۆڕەوە، ئەو کات وەکو دەڵێی سەیری ئاوێنە بکە.

– ئاوێنە؟ بۆ من باسی ئاوێنەم کردووە؟

"وەکو وشەکانی دایکم، لە وشەی ئاوێنەش دەترسام، بۆیە خۆم سەرقاڵ کرد بەڕوانین بەهەر چوار لای خۆمدا. ئەو کورسییەی هەمیشە دایکمی لەسەر دادەنیشت و، لفکەی دەچنی و فەرمانی بەسەر مندا دەکرد هەتا هەموو کارەکانی ناوماڵی پێ تەواو دەکردم، دایکمی لەسەر نەمابوو، سەندەڵەکەش بەتەواوی قاچەکانی ڕزیبوون و یەکێکیشیان کەوتبووە خوارێ. ئەو ڕیزە لفکەش بەردەوام بەتەنافی بەردەم پەنجەرەکەدا هەڵی خستبوون، نەک خۆیان شوێنەواری تەنافەکەش نەمابوو.

ماڵێکی ئارام و بێدەنگ، وەکو ئەوەی سەدەیەک بێت، هیچ زیندەوەرێک ڕووی تێ نەکردبێ ، ژوورەکەم هەموو گەچەکەی هاتبووە خوارەوە، بەردەکانی دەرکەوتبوون سەماوەرە زیوەکەش، لەگەڵ دەسکی پەنجەرەکاندا، بەشێوەیەک ژەنگ دایڕزاندبوون، پرووش پرووش دەوەرینە خوارەوە.

دەستێکم هێنا بەسەرمدا و، ویستم ئاوێنە شکاوەکە بهێنم و لە دیمەنی خۆم بڕوانم، کەچی دوو پرچی سپیم بینی، بەسەر سنگمدا شۆڕببوونەوە لەو تەماشاکردنەش پەشیمانە بوومەوە، خێرا بەپەلە پرچەکانم خستە ژێر ملیوانی کراسەکەمەوە و شاردمەوە.

دیسان ئەو دەنگەی چەند چرکەیەک بوو وازی لێ هێنابووم لەو سەغڵەت



و ڕێگە پێگرتنە بەرستە ڕەقەکانی دووبارە هەڵی دایەوە و گوتی:

– تۆ درۆ لەگەڵ خۆشتدا دەکەیت، ئەوەتا ڕابردوو لە ژێر ملیوانی کراسەکەتەوە ئاودیو دەکەیت.

– تۆ... تۆ کێیت، خۆ جادووگەر نیت ئاگاداری هەموو شتێکمی.

– من، دەنگی ئەوێم... ئەوێی ناخت، ئەو ناخەی کە تەنیا بەرستەی کریستاڵی گوزارشتی لێ دەکەیت و ئەو ڕستانەی زۆر لە پراکتیکیان دوور دەخەیتەوە، ئەو ناخەی، لەگەڵ سێبەرەکتدا لێت هاتوونە زوبان.

هەنگاوەکانم شێلگیرانە، گەیاندمیە بەردەمی پەنجەرەکە و نەختێک شیپانەکەم وەلانا و سەیرێکی دەرەوەم کرد، بەبیرم نایەت، چەند گۆڕ بوو بەدامێنی گردەکەی بەرامبەری ماڵەوەمانەوە بوو، کە جار جار بەدەم سەعی کردنەوە سەیرێکی دەرەوەم دەکرد و دایکیشم خێرا لێم تووڕە دەبوو، دوایش خۆی لە پەنجەرەکەوە بەهەر چوارلادا چاوی دەگێڕا، دەیگوت بزانم کێت لێوە دیارە.

ئەو کات، دیمەنی گوڵاڵە و گژوگیا بووبوون بەڕووپۆشی گۆڕەکان و سەرنجی ڕادەکێشام، کە وێنەی پۆلی دۆمینە ئەو لاو لای ئەو شێوە بچووکەی گرتبوو، ئەو شێوەی بەنێوان هەردوو گردەکەدا دەڕۆیشت بەڵام ئێستا بووە بەمەملەکەتی مردووان، نە گوڵاڵە و نە گژوگیای وەکو جارانە؟ هێندەی گۆڕ لێ دراوە، مردووان جێگەیان بە گوڵاڵە و، سروشتیش لێژ کردووە، ئەڵێ چنینی ئەتەمینن هێندە لێکەوە نزیکن، لەوانەیە لە ژێرەوە دوو کەس لە گۆڕێکدا بن، کە هەرگیز لە ژیاندا بەیەکەوە نەیانکرایە. لە ناوەڕاستیشیاندا ئەوە گۆڕێکی بۆرە کە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەیڕوانێ، دیار بوو پێشتر سپی بووبوو، لەبەر کۆنی وای دەنواند ئەو ڕەنگەی گرتبوو، لەسەر کێلەکەی و ڕێک بەرامبەر پەنجەرەکەی ماڵەوەمان ناوی دایکمی لەسەر نووسرابوو...

*ئایاری* ١٩٨٨

# کچە ئازادەکە

بێ باکانە دەستی دایە هەگبەیەکی قورس هێندەی قورسیی خەمەکانی هەموو مرۆڤ، بەو هەگبەیەوە، ئەم ویستگە بۆ ئەو ویستگە دەگەڕێت و دەیەوێ بەوشە گوزارشت لەو غەمە قورسەی مرۆڤ بکات، هەڵمی وشەکان بەرز بوونەوە و لەگەڵیدا چەپڵەڕێزان و ئافەرین، کە وشەکان بوون بەڕستە و پەرەگراف و لاپەڕە و نزیکترین هاوڕێی پێی گوت:

– تۆ بۆ خۆت و خۆشنودییەکانی ژیان ناژیت، بۆیە لێرەوە ئێمە ماڵئاواییت لێ دەکەین.

***

بێ باکتر لاپەرەکانی کۆکردەوە، بوون بەسکالآ و یەخەی چەوسێنەرەکانی دەگرت، بوون بەنامە، بەکتێب و، مینبەرەکانی کرد بەماڵ بۆ هاوارکردنێکی ئێجگاری، هاوارکردنی یەکسانی و ژنی کرد بەدروشم، غەمی ژنانی هەموو جیهان لە ماڵەکەی ئەودا باس دەکرێت، ژن... ژن... ژن و...

لە رۆژێکی ژناندا کۆمەڵێک لە ژنان بە ژنێکی ناعادەتی ناوزەدیان کرد و تاوانی دابونەریت شکاندنیان دایە پاڵی گوایە ئەو یەکسانییەی ئەو داوای دەکات بۆ ئەوان زۆرە.

***



نزاکانی دەکات بەهاوارێکی بە کۆمەڵ بۆ مرۆڤ، دژی کۆنەپەرستە مرۆڤ چەوسێنەرەکان، مرۆڤکوژەکان، مرۆڤ چەواشەکەرەکان، ئەم جارەیان بەبەهانەی ئەوەی گوایە چەندین ساڵ پێش گەلەکەی خۆی کەوتووە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی مێژووی نەتەوەکەیدا ناڕوات، هاوار دەکات دەست دەخرێتە گەرووی، سەربەرز دەکاتەوە دەدرێت بەسەریدا. هەنگاو دەنێت قاچی دەکرێت بەداوادا. بەر نەفرەتی مینبەرەکانی دەخەن. گوایە ئەو پێشکەوتنەی ئەو لە نەتەوە رۆژئاوایە کافرەکانەوە وەرگیراوە.

لاسارتر دەکەوێتە وێزەی کۆشکە وەهمییەکانیان، لەلای خۆشیەوە وای لێک دەداتەوە کە "جێ هێشتنی ئەو ڕووبارە لیخنە باشترین چارەیە بۆ گوزارشت کردن".

***

زەمەنێکە سلاوی بۆ ئەو شارە نەناردووەتەوە، کە بەعیشقی ئەو دەم و چاوی دەشوات، ئێستا شارێکی سەوز لە ئامێزی گرتووە، پێی دەڵێ هەموو بۆچوونەکانت پەسەندن. ولاتی ئەو یەکسانی و ئازادییە کە باسی دەکەیت، فەرموو ئەوە دیمەنی شیرینی دەریا کە هەمیشە بەئاواتیەوەیت. دەبرێتە سەر دەریا و مەلەوانگەیەکی تێکەلاو، وەکو هێشووە ترێ پیاوان و ژنانی ڕووتی بەیەکسانی لێ هەڵنیشتووە.

هەموو خەڵکەکە تەماشای دەکەن و زەردەخەنە دەیانگرێ، چونکە تەنیا ئەو پۆشتەیە، بەزۆر چەند جارێک بەدەرگەی سارداوەکە بۆ ئەوەی ئەویش خۆی بگۆڕێ وەکو سەرجەم خەڵکەکە و خۆیان بێتە سەر دەریا بەلام هەوڵەکانیان بێ هوودە دەردەچێت، دواجاریش کە ناچار دەبێت، لە جیاتی (مایو)( بەرموودە× ) و تیشێرتێک لەبەر دەکات بۆ نێو مەلەوانگە، سەرەتا سەرسوڕمان هەمووانی بێ دەنگ کردبوو، بەلام ڕوانینە پڕواتاکانیان هێندی شەرمەزار کردبوو، لە شەرم و ڕاراییدا مەلەی بیر چووبووەوە خەریک بوو بخنکێت، لە خنکاندنی نێو مەلەوانگەکە ڕزگاری

بوو، بەڵام گاڵتە پێکردن و پێکەنینی هاوەڵە نوێیەکانی تووشی خنکاندنی ڕاستەقینەی ناخیان کرد، کاتێک گوێی لە یەکێکیان بوو:

– ئەم دواکەوتووە داوای یەکسانی دەکات، کە خۆی لەناو یەکسانیدا جێگای نابێتەوە؟

– بابە ئەمانە بەسەد ساڵی دی ناگەن بەشارستانیەتی ئێمە، هەتا دوێنێ بەشاخەوە بوون.

دووان لەو هاوەڵانەی کە بە مرۆڤ دۆست ناسراون و حەز ناکەن خۆیان و نەتەوەیان بەڕەگەزپەرست ناوزەد بکرێت، دەیبەنە (کافتریا)یەکەوە کە چەند هەنگاوێک لە مەلەوانگەوە دوورە، لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کەسانەدا دادەنیشن کە لەو شارەدا بەیاخی ناسراون، پاش ناساندن یەکێکیان جگەرەیەکی بۆ گرت:

– ناکێشم سوپاس.

یەکێکیان هەڵدەداتێ.

– ڕاستە جگەرە بۆ تەندروستی خراپە بەڵام هیچ نەبێت ژنی ڕۆشنبیر ڕابێت هەندێ جار بتوانێت لە دانیشتنە ڕۆشنبیرییەکاندا وەکو هاوەڵەکانی جگەرەیەک بکێشێت بۆ ئەوەی ئاکاری ئەو نەشاز نەبێت.

پاش چەند ساتێک (بۆیەکە) هات سەر مێزەکەی ڕێکخست و فەرمووی لێ کردن هەریەکەیان داوای (بیرە)یەکی کرد و ئەویش داوای شەربەتێکی پرتەقاڵی کرد، دووانیان وەکو ئەوەی جنێویان پێ درابێت، بەتووڕەیی هەڵیاندایە:

– بەهیچ شێوەیێک نابێت، دەترسیت دەعوەتت پێ بکەین، نەبابە بیرەیەکی بۆ بێنە.

– ببەخشە من هیچ جۆرە خواردنەوەیەک ناخۆمەوە.

– ئاخر خاتوون نابێت، جەنابتان کەسێکی ڕۆشنبیر و لەناو یانەیەکی



وادا چەند سەعات گفتوگۆ کردن هەر عەیبە لەگەڵ شەربەتدا بێت.

– لەم کاتەدا چاو بەرز دەکاتەوە بەرامبەری ژنێک دانیشتووە، سەرتاپای بەحیجاب و پەچەی ڕەش داپۆشیووە، چمکێکی پەچەکەی لادەدا و پێکەکەی بەردەمی فڕ دەکات "ئای خۆ لای ئێمە تەنیا باسی ئەم دیمەنەش بکەیت کە بەچاوی خۆت بینیوتە، بڕیاری کوشتنت دەدرێ، سەیرە من داوای ئازادی بۆ ئەو دەکەم، کەچی ئەو لەمن ئازادتر و ئازاتریشە".

– گفتوگۆ گەرمەکەی هاوەڵەکانی لەوی دابڕی و هێنایەوە نێو جیهانە جەنجاڵەکەی ئەوان، بینی هەر کەسە سەرگەرمی باسی سەرکێشی و ئەزموونی خۆشەویستیی خۆیان دەکەن، خاتوونیش ڕەنگی زەرد بووە و دەمی بووە بەتەڵەی تەقیو، وشەیەکی نییە بیدرکێنێ، تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە و دەخوازێ کەس لەو بارەیەوە هیچی لێ نەپرسێت، بۆ ئەوەی خەجاڵەت بوونی چەند جارەی دووبارە نەبێتەوە، بەڵام خواستەکەی زۆری نەخایاند کە ئەم جارەیان یەکێک لە کچەکان لێی پرسی:

– ئەی تۆ باسی چی خۆتمان بۆ دەکەیت، باسی خۆشەویستییە ڕاستەقینەکان، یان کاتییەکان؟

– من؟... من... لە ڕاستیدا ئەو ئەزموونەم تاقی نەکردووەتەوە و، بەداخەوە لای ئێمە ڕاستەقینەش تاوانە، نەک کاتی کە هەر بوونی نییە.

قاقای پێکەنین هۆڵەکە پڕ دەکات، بۆ ئەوەی بۆ دانیشتوانی یانەکەی بسەلمێنن، کە پێکەنینەکەیان لەسەروو ئیرادەی خۆیانەوە بوو، داوای لێبوردنیان لە بۆیەکەی کرد کە بەلایاندا تێپەڕی، پاش پێکەنینەکە هەموویان لەژێرەوە سەیری یەکیان دەکرد و هەندێکیشیان پەست بوون بەو هەموو ئازار و سەرکوتکردن و بێ ئەزموونییەی لە مرۆڤێکدا دەیانبینی، هەتا یەکێکی لە هەموویان بەتەمەن گەورەتر گوتی:

– بۆ کچم تۆش وەکو هەموو مرۆڤێکی دی مرۆڤ نیت.

چاوەکانی پڕ دەبێت لە فرمێسک و هەوڵدەدات بەهێز بێت و نەیەتە

خواریّ بەڵام ئەو فرمێسکانەی لەناخیەوە سەر دەکەن، ئەسفنجی دەستی بۆیەکەش کۆتایی پێ ناهێنێت. سەرەتا دەیەوێت هیچ نەڵێت چونکە هەمیشە (گوتن) کێشەی ئەو بوون، ئەو گوتنەی لە وڵاتەکەیدا بەهەڵە لێک دەدرایەوە ئێستاش لێرە پێچەوانە لێک دەدرێتەوە، بەدڵێکی پڕەوە دەڵێ:

– بەڵێ مرۆڤم... مرۆڤێکی لێوانلێو لە نەخێرەکانی ڕۆژهەڵات، مرۆڤێکم ڕەهەندی ڕوانینەکانم پڕ کراوە لە ڕشانەوەی کەسانێک کە لە دێر زەمانەوە تاوانباری مێژووی مرۆڤن.

*(*) بەرمۆدە: پانتۆڵێکی کورتی تا خوار ئەژنۆیە.*

*۲۰۰۱/۸ شام*



# نمایشکاری گۆرەوی

(بزانە کاڵاکە ژنانەیە کەچی هەموو بینەرانی پیاون) ئەمەی لەگەڵ خۆیدا بەبێزارییەکی زۆرەوە دەدرکاند، ئەو بێزارییەی پاش ساڵێک بۆ یەکەم جارە هەستی ختووکە دەدات، خۆشی دەیزانی ئەو غەم و پەژارەیە لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووەوە لەگەڵ دەروونی سەرتاتکە دەکات کە لەگەڵ هاوڕێ عەرەب و بیانییەکاندا ڕۆیشتبوو بۆ سەر دەریا بۆ ئەوەی هەندێک خۆیان بدەنە بەر تیشکی ڕۆژ و وەکو خووێکی هەمیشەیی خۆشی سەعات و نیوێک مەلە بکات، بەڵام ئەو ڕۆژە هەستی بەداهێزرانێک دەکرد کە نەیتوانی لە نیو سەعات زیاتر مەلە بکات، خۆی وای بۆ دەچوو هۆی گوڕ و تینی جارانی پێشوو سەرسام بوون و تەماشاکردنی خەڵکی سەر دەریا بوون، کە پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا و دەیانگوت (ئەوە نمایشکارە شۆخەکەیە) زیاتریشیان ڕۆژانی نمایش دەچوون بۆ هۆڵی نمایش کردنەکە و ئەو جۆرە گۆرەویانەش ئەو نمایشی دەکرد لە هەموو جۆرەکانی تر لە بازاڕدا ڕەواجی زیاتر بوو، بەڵام ئێستا شتەکانی لەلا لێڵ بوون، بەتەواوی هەست بەوە دەکات کە دانیشتووان وەکو جاران هەنگی ڕوانینیان نافڕێت بۆی وەکو ئەوەی سەیری گوڵێک بکەن هەموو شیلەکەی هەڵمژرابێت بەچاوی بەزەییەوە بۆی دەڕوانن، جار جاریش کە بەئاگا دەهاتەوە ئەو کچە نمایشکارە بەڕەگەز ئەڵمانییەی کە تازە هاتبووە ڕیزی ئەوانەوە، هەمووان

لەگەڵ ئەودا لە دیدار و خۆناساندن و سەرسام بووندان، لێرەوە دەیزانی بۆچی (ڤالان)ی هاوڕێی هەمیشە دەیگوت (من بێزار بووم، ئیتر بێزار بووم، بێزم لە گۆڕەوی دێتەوە، بێزم لەخۆم و دنیا دێتەوە(... دەیزانی کە ئەم هاتووە ئیتر ئەو پشتگوێ خراوە، وەکو چۆن ئەم ئێستا پاش ئەو نمایشکارە ئەڵمانە پشتگوێ خراوە خۆ لێرەش هەموو شتێک هەر ماوەیەک جوانە و جێگای سەرنجە، جا بۆ وانەبێت، ئاخر ساڵێک تێڕامان خۆ ئێستا دەزانن چەند گەندەموو نیشانە و تەنانەت شوێن زیپکەش بەلەشیەوەیە، هەموو هەوڵێکیش لەپێناوی بەدیارخستنی نادیارەکاندایە، پاش زانینی نەزانراوەکانیش ئەو بەهای جارانی نامێنی... خۆ پێشتریش ئەمەم دەزانی بەڵام ئەم خەراباتەش هیچ کارێکی تێدا دەست ناکەوێت بۆ ئێمە... نەک هەر ئەوە ساڵێکە ئەم کارەمان پێ دەکەن و بەناوی وڵاتەکەیانەوە شانازی و داهێنانی نوێی پێ تۆمار دەکەن و بەهاونەژادی خۆیان دەماننناسێنن، کەچی هەتا ئێستا هەقی بەهاوڵاتی بوونی پێ نەداوین، وەکو ئاژەڵ لە باڵەخانەیەکی پڕ جانەوەردا مۆڵیان داوین و هەر ئەشڵێیی ئەو کەسانە نیین کە لە کاتی نمایشەکەدا چەپڵەمان بۆ لێ دەدەن و ئافەرینمان دەکەن).

ئەم جاڕسی و بیرکردنەوانە ئەوەندە بەکاوەخۆیی دەیهێنا و دەیبرد، بینەران سەریان لەو جوڵە و ئاکارانەی سوڕ مابوو، وەکو جاران تیلەی چاو و ناز و ئاماژەی تێ ناگرێت، نازی ڕوانینی چووەتە سەر دەروازە پێنج بەچوارەوە شووشە ڕەش گەورەکەی هۆڵەکە و هەندێک جاریش ئەوەندە لە کەناری تەختەکە نزیک دەبووەوە خەریک بوو دەکەوتە خوارێ ئەگەر هەڵمی دەم و هەناسەی بینەران بەر قاچی نەکەوتایە و بەئاگایی نەهێنایەتەوە، مەلی ئاگای هێندە دوور فڕیبوو نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چ جۆرە ڕەنگە گۆڕەوییەک نمایش دەکات، بەڵام بیری دەچوو بۆ یەکەم چێژ وەرگرتنی لەم کارە، ئەو کاتەی وایدەزانی ئەم کارەی دەیکات بەپەسندترین ژنی ئەو سەردەمە و ئیتر پڕ دەبێت لە بەختەوەری و ئازادی و خەڵکانی دی هەر لە دوورەوە ئاواتی پێ دەخوازن، ئەو کاڵای وێنەی ئەمی لەسەر بێت لە



بازاڕدا ڕەواجی زیاتر ئەبێت، دەبێ بەخاتوونی جوانی و لە خۆی پەسندتر و جوانتر نایەتە ئەو بوارەوە، بەتایبەت کە مەشقکەرەکە هەمیشە بەپێستە برۆنزی و چاو و برۆ و ڕووخسارە سیحر ئامێزەکەیدا هەڵدەدا، ئەویش نوقمی مەراسیمەکانی خۆشی و خەندە دەبوو، بەتایبەت بۆ یەکەمجار کە سەرەتا بەشەرمێکی زۆرەوە چووە سەر تەختەی شانۆ، کە تەنیا جووتێ گۆڕەویی ڕەش و ستیانێک و جووتێ پیلاوی بن بەرزەوە دەسووڕایەوە و ئەو شەرمەش سەراپای گرتبوو لە ڕوومەتەکانیەوە وەک خوێنێکی ئاڵ دەردەپەڕی، بەخۆشی نەبوو کە دەیبینی نیگای بینەران هەڵی دەلووشی جار جار دەستی دەگرن بەلباسە ڕەشەکەیەوە و سەری شۆڕ دەکردەوە بۆ خوارەوە، لێرەشەوە خەیاڵی دەفڕی بۆ لای قسەی ڕاهێنەرەکەی، ئەو کاتەی ئەم ماوەیەکی زۆر بوو گەیشتبوو بەئەوێ ماوەیەکی باشیش بۆ بەدەست هێنانی کارێک گەڕابوو، بەڵام دواجار لە یەکێک لە دەزگای پەککەوتەکاندا جێگیر بووبوو، وەکو خۆشی دەیگوت: "من هەرگیز وەکو ئێستا لاواز و بەژن ڕێک نەدەبووم ئەگەر بەڵغەم و پاشەڕۆ فڕێدانی ئەو پەککەوتانە هەموو ڕۆژێ لە نان خواردنی نەتۆراندنمایە" بەڵام پاش ماوەیەک کە ڕۆژنامەنووسێک سەردانی خەڵوەتگەکەی کردبوو پرسیبووی چۆن لەو شوێنەدا کار دەکات، ئەویش وەڵامی دابووەوە...

– کاری دیکەم دەست نەکەوتووە، گەرچی دەرچووی ئادابی ئینگلیزیم و زمانەکەش باش دەزانم.

– ڕۆژنامەنووسەکە گوێی بەمەسەلەی بڕوانامەکەی نەدابوو یەکسەر گوتبووی:

– ئەو شۆخ و شەنگی و جوانییە ڕۆژهەڵاتییە لە هەموو شتێک زیاتر بۆ کاری ڕاگەیاندن دەست دەدات. من هەوڵ دەدەم لەلای برادەرێکم کارێکی باشت بۆ بدۆزمەوە.

ئەمیش لەو ساتەدا هەموو بۆشاییەکانی جیهانی لێ بووبوو بەمینبەری

خۆشی و هەر خێرا ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی ئەپارتمان و شەقامەکەی خۆی دابوویە، هەمیشەش بیری بۆ ئەوە دەچوو کارێکی باشی لە ڕۆژنامەکەی بۆ دەدۆزرێتەوە، یان لە شوێنێکدا بەفەرمانبەر دایدەنێت، هەندێ جاریش تەنیا بەچەند وشەیەکی درکاوی دەزانی و هیچی دی، بۆیە ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنی بۆ دەکات پێی دەڵێ:

– مژدەم بەرێ کارێکم بۆ دۆزیوێتەوە لە هەموو جیهاندا ناوبانگ دەردەکەیت.

بێ سێ و دووکردن ڕازی دەبێ، یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونیشی ڕاهێنەرەکەی چەند شریتێکی ڤیدیۆی دەداتێ و دەڵێ:

– بزانە ئەو کچانەی لەم شریتانەدا دەیبینی چ جوڵە و نمایشێک دەکەن لاساییان بکرەوە تا بەباشی فێر دەبیت و ماوەی شتەکانی دی خۆم فێرت دەکەم.

کە وێنە تۆمارکراوەکان دەبینێ سەرەتا تووشی حەپەسان و خەیاڵ بڵاوی دەبێ، بەڵام پاش چەند ساتێک دێتەوە سەرخۆی دەڵێ (کە چوویتە شاری کوێران دەبێت دەست بەچاوتەوە بگری) ئەم کارەش لێرە ئاساییە و ئێ منیش سەرەتا لە دەست کۆمەڵگای خۆم ناڕازیبوونم دەردەبڕی و دەمگوت دواکەوتووە، ئازاد نیم، ئێستا ئەم کارەم بۆ هێندە لەلا گرانە، هەر چۆنێک بێت لەو کارە پیسە باشترە کە دەمکرد) پاش ئەوەی گەڕابووەوە لای کە گوتبووی خۆت ڕووت بکەرەوە بەجووتێ گۆرەوەییەوە دەست بکە بەمەشق کردن، ئەمیش هەڵوێستەیەک دەکات و هەندێ لە شوێنی خۆیدا دەبێ بەدرەختی پاییز، (قەدەرم چەند سەیرە خۆ لێرەش خۆ ڕووتکردنەوەت بەفەرمانی پیاوێکە من لە یەکەم خۆ ڕووتکردنەوەدا هێندە شەرم زاڵ بوو بەسەرمدا ئیتر لە یەکەم ساتەوە ڕقم لە مێردەکەم هەڵگرت هەتا لەیەک جیابووینەوە). بۆ دووەم جار لەبەردەم پیاوێکدا خۆی ڕووت دەکاتەوە بەڵام نازانێت ئەمەیان ڕقی پێ هەڵدەگرێت یا نا. بەماوەیەکی کەم نمایشێکی



زۆر سەرکەوتوو، ئەمە و جوانییە هەست بزوێنەکەشی وای لە مەشقکارەکە کرد هەر پاش چەند هەفتەیەک لە نمایشکردنی گۆرەوی بلێ (لەنێو نمایشکاراندا لەش و لاری تۆ لە هەمووان جوانتر و سەرنج ڕاکێشترە بۆیە دەبێ ریکلامێکی باش بۆ کۆمپانیای گۆرەویی (عاج) بکەین، تۆش بەهەست بزوێنترین شێوە دەوەستی و جووڵە دەکەیت بۆ ئەوەی وێنەت بگرن بۆ سەر کاغەز و پاکەتی گۆرەوییەکان) ئیتر لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو لە نمایشکردن و وێنەگرتن بۆ سەر کریمی دەم و چاو، گۆرەوی، مەڵهەمی تووک لابردن و هەموو شمەکە ساکارەکانی تر، چەپڵەڕێزانی جەماوەر بەئاگای هێنایەوە، بینی هاوڕێکانی هەتا نیوە نوشتاونەتەوە و جار جاریش سەر هەڵدەبڕن و بینەران ماچ پەرژێن دەکەن، چەندین کەسیش دەستی سڵاوی درێژ کردووە بۆ نمایشکارە نوێیەکە و بەسەرسامییەوە داوای خۆناساندنی لێ دەکەن، ئەویش لە جاران زیاتر جاڕس بوو، گەرچی گوڵباران کردنی نمایشکارە ئەڵمانییەکە هۆڵەکەی گوڵاو پەرژێن کردبوو، بەڵام ئەو وای هەست دەکرد بۆنی گۆرەوی لووت و مێشک و هەستی قانگ داوە، بۆنی گۆرەوی دەهات بەسەریدا، بۆنی گۆرەوی هۆڵەکەی پێ بەجێ هێشت و بەرەو باڵەخانەکە گەڕایەوە، بەمێشکی کاسەوە ئەبڵەقی کەناڵی (تی ڤی)ییەکە دەبێت، دەبینی ئەوانەی بەڕووتی بانگەشە دەکەن بۆ لاوان بەتەلەفۆن قسە بکەن لەگەڵیاندا، ئەوانیش بەچەندین شێوەی بەڕووتی و بەپۆشاکەوە بانگەشەیان بۆ شامپۆ و ماکیاژ و گوێزان و شمەکی ناوماڵ دەکرد، سەمایەکی شێلگیرانە کردبوونی بەپیرە زیوانی دەم ڕەشەبا و هەور، بەتەواوی لەو مرۆڤانە دەچوون کە زەپوشێک ساز دەکەن بەر لە خۆ کوشتن بۆ شەرعیەت دان بەمردن، بەڵام هەر یەکیان تۆپەڵی لۆکەیان خستبووە کونە لووتیانەوە، پێ دەچێ بۆگەنێکی پیس قورگیان بگرێت بۆیە بەو شێوەیە دەکۆکن و ناتوانن بەباشی هەناسە بدەن، ئەو وێنانە لە ئازاری زیاد دەکەن، دێت لەسەر پشت دەنووسێت بەچرپاکەدا ئازاری سەری بەتەواوی پرزەی لەبەر بڕیوە، بەپەرت و پیسی ناو ژوورەکەی ئەوەندەی دی

تووشی داهێزران دەبوو ئەو ژوورەی بۆنی گوڵە بەدیاری هاتووەکان و کریستاڵە ڕەنگاوڕەنگەکان، ناشرینی و پیسی ساختمانەکەی بیر دەبردنەوە، ئێستا بۆنی گۆرەوی و بۆنی ڕشانەوە، کریستاڵی شکاو و شووشەی کهوول و پۆشاک و گۆرەوی بڵاوبووەوە وێنەی کەلاوەیەکی پێ دەبەخشێت (کەی من بەم ئومێدە هاتمە ئێرە، دەکرێ ئەمە خەون بێت با چاو بنوقێنم و بەڕاستی خەوم لێ بکەوێت دەگەڕێمەوە بۆ واقیع). ئەمانەی هێندە بەکزی دەردەبڕی یەکێک لێوەی نزیک نەبووایە گوێی لێ نەدەبوو چاوی لێک نا نەیدەزانی نووستووە یا بێ هۆشە بەڵام دەیزانی خەونەکەش جێگەی حەسانەوەی ئەوی تێدا نەماوە، ناگات بەو واقیعەی کە خەیاڵی دروستی کردووە، بەپەتۆکە توند لووتی دەگرت بەڵام بێ سوود بوو ناچار بەکاوەخۆیی خۆی گەیاندە بەر بەلووعەکە، ئەویش ئاوێکی لێڵ و بۆگەنی پێدا دەهاتە خوارەوە وەکو ئەوەی چەندین جووت گۆرەویی ترشاو و عارەق کردووی تێدا شۆرابێت، بۆیە دەم و چاوی نەشت ڕووی کردە چێشتخانەکە و چووە سەر مێزی نان خواردنەکە دانیشت، ویستی کوپێ شیر تێ بکات بەڵام شیرەکە ڕەنگی چڵکاو و هاڵاو و بۆنی گۆرەوی بیری دەبردەوە کە شیرە، وێنەی سەر دیوارەکە و کاڵای ناو ماڵەکە سەرجەمیان وێنەی گۆرەوی بوون و لە شێوەی میوە و قاپ و قاچاغ و کەوچک و چەتاڵدا خۆیان دەنواند، ڕووی کردە ژووری نووستنەکەشەوە چەند مناڵێک سەریان هێنابووە دەرەوە هەموویان پێپەتی و بێ گۆرەوی بوون بەڵام گۆرەوییان دەمژی، گۆرەوییان دەجووی، یەکێکیان لێی هاتە پشتی ئەو دەمە گۆرەوییەی لە دەمی خۆیدا بوو خستیە دەمی ئەم، سەری سووڕی دەخوارد و هێڵنجی دەدا، گەیشت بەسەر دەست شۆرەکە سابوونێکی شێوە گۆرەویی لەسەر دانرابوو، ڕشانەوەیەکی زۆر ڕشایەوە دواجار شتێک لە قوڕگیدا گیرابوو، بەدوو پەنجە دەستی پێ گەیاند و ڕایکێشا زانی گۆرەوییەکی ڕەشی درێژە، خۆی پەلکێش کردە هۆڵەکە، ئەو ڕاهێنەری بینی کە دڵی زۆرینەی کچە نمایشکارەکانی بردبوو بەرامبەری وەستا و قاقا پێدەکەنی و



لەبری شووشە دوو تاک گۆرەوییەکی ڕەش ڕەش دراوە لە چاویلکەکەی، لەو دیوی ئەو گۆرەویانەوە سەیری ئەم دەکا و چەند گۆرەوییەکی ڕەنگاوڕەنگی گرێداریشی بەدەستەوەیە و تەزبیحاتی پێ دەکات، ماچێکی بەیانی پڕ تام و چێژی گۆرەوی لە ئەم وەرگرت و دەستی کردەوە بەتەزبیحاتی گۆرەوی، هاواری کرد، ڕای کردە ناو ئەو بەلەکۆنەی کە چەندین گوڵی تێدا ڕوابوو، بینی ئەوانیش هێشووە گۆرەویی گرتووە، ئەمەی لا گرنگ نەبوو ئەو دەیەوێ بزانێ جیهانی ئەودیوی ماڵەکەی ئەم چۆنە، ئەو خەڵکەی بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشتن هەموو لووتیان گرتبوو، ئەو دیمەنەش هیوابڕاوی کرد لەو خەیاڵەی کە بەتەمابوو ئەو ماڵە بەجێ بهێڵێ، خۆی کرد بەو باڵەخانەی کە هەمیشە عەرەبەکانی لێ بوو، ئەمانە کە هەموویان لەوێدا خڕبوونەوە لەو وڵاتەدا بیانی ناسرابوون، بۆیە سەرجەمیان چووبوونە ساختمانێکی گەورە و هەمیشە پرس و ڕاوێژییان بەیەک دەکرد، بۆیە ئەو چوونەی لە هەلێکی باشی ڕزگاربوونی زانی و بەڵام دیسان بێ سوود بوو و ئەوە ئەو کچە ئەسمەرە چاو ڕەشە شۆخەیە کە وێنەی ڕووتی لەسەر باشترین سابوون دەردەکەوێت بە(دشداشە)یەکی پیس و پێستێکی قرچۆڵکی دواکەوتووە، هەردوو گوێ و دەم و کوونە لووتەکانی کەفاوی سابوونی لێ دەردەپەڕی، ئەو سابوونەی کە بۆنەکەی لە ئەسپەنیک و بۆنی گۆرەوی دەچوو، بەپچڕپچڕی هاواری دەکرد و لەنێوان هەر هاوارێکیشدا بڵقی کەفاو لە دەمی دەردەپەڕی بەجارێ تۆقی و خۆی گەیاندە ژووری ئەو سێ شۆخەی کە بۆن و بەرامەی خۆشیان هەتا سەر شەقام دەڕۆیشت، ئەو کچانەی هەمیشە کۆڕی یاران و سەرسام بوونیان گەرم بوو، ئەو سێ شۆخەی جوانترین وێنەیان لەسەر کەرستەکانی جوانکاری و شامپۆ و ماکیاژ دەبینرا و شەوانە درەنگ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەتەلەفۆنێکەوە دەردەکەون و جۆرەها جوڵەی بزوێنەریان پیشان دەدا، ئەو جەستە پڕ جۆشانە لەوان خراپتر تووشی داڕووخان بووبوون.

هەر سێ ترنجاونەتە قوژبنێک لەسەرخۆ دەگرین وەکو ئەوەی گریانێک

بێت هەموو یادگارە شیرین و تاڵەکانی یاد بێنیتەوە و ئێستا تەنانەت
خوازیاری تاڵەکانیش بن کە لە ئێستا تاڵتربوون، گریانێک دڵی ئاسمان و
زەوی هەڵقرنجێنی ئەو گریانەی لەلاویدا بۆ مناڵی دەیکەیت و لە پیریدا بۆ
لاوی و لەسەرە مەرگیشدا بۆ ژیان، گریانێکی هەمیشەیی بۆ کۆی
هەموویان، ئەوەشی زیاتر شێت و دەهریی دەکردن ئەوان دەگریان بۆ ئەوەی
شتێک لە غەمە کەڵەکەبووەکانی دڵیان بڕەوێتەوە کەچی یەک فرمێسکی
ئاسایی و وەکو جاران نەهاتە خوارێ، لەبری فرمێسک ئاوێک دەهاتە
خوارەوە وەکو سابوون و شامپۆ کەفی دەکرد و وەکو (فاست)یش تیژبوو،
بەرادەیەک گلێنە و چاو سەر ڕوومەتەکانیان دەقڵیشا و دەسووتایەوە
هەڵمێکی بۆن ناخۆشیش لەو فرمێسکە سەیر و سەمەرانە بەرز دەبوونەوە،
چەند هەنگاوێک پاشەکشەی کرد و گەڕایەوە بەڵام کاتێ بەئاگا هات
زانیی ئەوان هاوار دەکەن:

– بڕۆ دەرێ بۆنی گۆڕەوی کوشتینی!

شیلگیرانە هەنگاو دەنێ، خۆزگە بەشوقەکەی خۆی دەخوازێ کە تەنیا
بۆنی گۆرەوی لێ دێت نەک ئەو هەموو سەیر و سەمەرەی لە ژووری
هاوەڵەکانی دەیبینی، گەڕایەوە ماڵەوە سیما و تابلۆ و خواردن، مرۆڤ،
ڕەنگ و بۆنی گۆرەوی دەوریان تەنیوە، ئەو ماڵەی زۆر جار ئاشنایەتیی
شوێن و جێگاکانی تری بیر دەبردەوە. پاش تێڕامانێکی باش لە هەموو
شتە گۆرەوی سیماکاندا بیری لەوە کردەوە ئەو شەقامە بەجێ بهێڵێ و
هەتا شوێنێکی گونجاو دەدۆزێتەوە، ئەو ئێوارەیە لە ئێوارانی دی زووتر
بڕوات بۆ شوێنی کارەکەی. بەرەو شەقامی سیازدە هۆڵی (ماریانا)ی
بەناوبانگ کەوتەرێ، گەرچی نمایشکارەکانی ئەو وڵاتە و بەتایبەت ئەو
هۆڵەش دەوڵەمەندییەکی بێ سنووریان هەبوو، بەڵام ئەو تەنیا ساڵێک و
چەند مانگێک بوو لەوێ کاری دەکرد و ئەو پارەیەش بەنمایشکارەکانی
وڵاتی خۆیان دەدا بەوانیان نەدەدا کە بە بێگانە ناویان دەبردن، جگە لەوەی
وەکو خۆشی دەیگوت (من هەتا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوەم لە ئەستۆدا



بێت چۆن دەبم بەخاوەنی ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆم). لەم بیرانەدا بوو بینیی
ئەوانەی بەسەر شەقامەکەدا بەلایدا تێدەپەڕن لووتیان دەگرن، بۆیە خێرا
ئۆتۆمبیلێکی ڕاگرت، بەڵام کاتێ بینی شوفێرەکە توند لووتی گرتووە و لە
ئاوێنەکەشەوە هەر سەیری ئەم دەکات تەواو بەخۆدا شکاوە و شەرمەزار
بوو، هەر کە سەری بەرزکردەوە و شوفێرەکەی لە ئاوێنەکەدا بینی، کابرا
بەهەڵی زانی و خێرا چەند ڕستەیەکی بەدوای یەکدا ڕیز کرد، پێ دەچوو
زمانێکی دیکە بێت نەک ئینگلیزی، ئەمیش تەنیا ئینگلیزیی دەزانی،
بەڵام بەو لووت گرتن و بێزهاتنەوەیدا دەیزانی پرسیاری ئەو بۆگەنەی لێ
دەکات، وەڵامەکەی خۆی دایە دەم هەناسەیەکی سارد و دڵی بەوە خۆش
دەکرد کە ئەو بۆگەنەی لە بۆنی ماڵەکەوە گرتبێ لە ژێر پێست و عارەق و
هەناسەی خۆیەوە نەیەت، دەیگوت:

– "مرۆڤ کە لەناو پیسییەوە هات بۆنی ناخۆشیش دەگرێ، دەی گرنگ
نییە هەر ئێستا دەگەم لە گەرماوەکەی ئەوێ پاک خۆم دەشۆم و
ئارایشتێکی جوان دەکەم کە ئەو ماندوێتییەی ئێستام پێوە دیار نەبێت"
بەپەلە خۆی بەهۆڵەکەدا کرد، بەدەرکەوتنی ئەو ئیشکەرەکانی ئەو شوێنە
هەموو لووتیان گرت بەپەلە گەیشتنە بەردەرگای گەرماوەکە، زانیی دەرگای
گەرماوەکە داخراوە و نمایشکارە ئەڵمانییەکە دەڵێ چاوەڕوان بە،
مستەکۆڵەیەک بەردڵی دەکەوێت. یەکێ لە ئیشکەرەکان کە پێکی
(ڤودگا)ی لەسەر سینییەک بەدەستەوەیە بەلایدا تێپەڕی و لووتی گرت و
چاوێکی پڕ گاڵتە و پرسیاری تێگرت و زەردەخەنەیەکی هاتێ، ئەو
ئاماژەیە ئەوی بەجارێ شێتگیر کرد و جارێکی دی بەمشتەکۆڵە بەربووە
دەرگاکە، ئاکام بۆی دەرکەوت کە دۆخی ئەو لە ئەم باشتر نییە و لەم خراپتر
بۆگەنی دێت، بەڵام پاش خۆشتن وایان دەزانی ئەو بۆگەنە تەنیا لە مێشکی
کاس بوو بەبۆن و لووتی خۆیاندا ماوەتەوە و ئیتر بارودۆخیان ئاسایی
بووەتەوە. هۆڵەکە جمەی دێت لە خەڵک و ژمارەی پیاوانی تەماشەکەر
چوار هێندەی ژنانە و هەموو بەتامەزرۆییەوە چاویان بڕیوەتە ئەو گۆشەی

کە لەناو نمایشکارە شۆخەکانی لێوە دەردەکەوێت، دێتە ناوەڕاستی شانۆ بەسەرسامی و دڵە ڕاوکێیەوە نمایش دەکەن و بەهەر چوارلادا چاو سووڕدەدەن بۆ ئەوەی ئاکاری بینەر و جموجۆڵیان بەرامبەریان بخوێنێتەوە، بەڵام هەر زوو خواستی فریادڕەسێک هەموو لەشیان دادەهێزێ، جموجوڵیان خاو و کاوەخۆ گرتوونی و نمایشیان بیردەباتەوە کە دەبینن سەرجەم بینەر لووتیان گرتووە و دەچرپێنن بەگوێی یەکدا و خەڵکێکی زۆریش دەڕواتە دەرەوە، لە جۆر و مۆدێلی گۆرەوی هێشتا لە نمایشکردنی دووەمدا بوون، جەماوەر هاواری کرد.

– بڕۆن نامانەوێن... باهی نوێ بێت، بڕۆن، بۆگەنن.

پرزەیان لەبەر بڕابوو، دەیانویست لەو گۆشەی لێوەی هاتنە سەر شانۆ بگەڕێنەوە و خۆیان شاردەوە. کە هەموو پیاوانی نێو هۆڵەکە هەموو گۆرەویەکیان داکەند و وەکو جاران چۆن گوڵبارانیان دەکردن، ئەم جارە گۆرەوی بارانیان کردن و پیاوانی بێ گۆرەوی بەڕێز دەچوونە دەرەوە. بۆ پاراستنی ناوبانگی کۆمپانیا و هۆڵەکە بەڕێوەبەر پاش ئەوەی نمایشکارەکانی کردە دەرەوە داوای کرد بەزووترین کات ڕیکلامێک بلاوبکەنەوە و ئاماژە بەوە بکەن کە لێرە پێشبڕکێی شای جوانی و نمایشکردنی هەموو پۆشاکێک دەکەین و داوەتنامە بۆ هەموو ئەستێرە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە بنێرن ئاگاداریان بکەنەوە کە لێرە باشترین خەڵات وەردەگرن. دواییش هەڕەشەی لە نمایشکارەکان کردبوو کە لە دادگادا سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکا و داوای قەرەبووی ئەو زیانانەیان لێ دەکات کە بەهۆی ئەو ڕیکلام و پرۆگرامە نوێوە لێی دەکەوێت، ئەوان سەرسامی دەربڕین و سازیشی ڕۆژانی پێشوو و تووڕەیی و نەفرەتی ئێستای هێندە سەرسامی کردبوون زۆر ئاگایان لە قسەکانی نەما و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام بەیانی ڕۆژنامەکان لێیان کردن بەهەڵا و بەمانشێتی گەورە جگە لەوەی نووسیبوویان ئەو نمایشکارانەی بۆنی گۆرەوییان گرتووە، جۆرەها ناو و ناتۆرەی نەشیاویشیان داوەتە پاڵیان، لە



دواییشدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو بۆگەن کردووانە سەر بەنەتەوەی ئەوان نین، ئەوەش یەکێکە لەو هەڵانەی کە بەسەر کارگێڕی کۆمپانیاکەدا تێ پەڕیوە و ئێستا قەرەبووەکەی دەدات، ئەمانیش هەمان هەستیان لەلا دروست بوو کە بێگانەن و قەرەبووی شوێن دەدەن، ئەو شوێنەی کە ئاووهەواکەی ئەوان بۆگەن دەکات، بەڵام ئەمان تەنیا لە دڵی خۆیاندا دەوێران شتی وا لەیەک بدەنەوە، گەرچی خۆمانکردنیشیان بێ سوود بوو چونکە ئەو ڕۆژنامانەی جوانترین وشەی بۆ دەنووسین، ئەمڕۆ ڕای گشتییان دروست کردووە و داوای چارەسەر و بیرکردنی ئەو میکرۆبە دەکەن نەوەک لەناو نەتەوەی ئەوانیشدا بلاوبێتەوە، تا وایان کرد حکوومەت بانگهێشتنی سەرجەم پسپۆرانی پزیشکی و ژینگەناسی و بۆ ماوەیی و جینات کۆبکاتەوە، نهێنیی بۆگەنبوونی ئەو مرۆڤانە تێ بگات و بزانێت سنووری مەترسی بۆ سەر وڵاتەکەیان و تاکەکانی چەندە، پاش پشکنین و ڕاوێژ و گفتوگۆ و تاقیکردنەوە گەیشتن بەو بڕیارەی کە پێویستە ئەوانە دەربکرێن و ئەوانە بونیادی خودی و لەش و هەستیان هەوا و سروشتی ئەوانی پێ هەزم نابێ و، تووشی ئینتەلای شعووریان دەکات و هەر ساڵێک دەتوانن بەرگە بگرن و پاشان بۆگەن ئەکەن، ئەگەر......

١٩٩٩/٦/١٥

# مەیموونستان

بۆ یەکەمجار دەگەیتە ئەو خاکە، پڕ بەسییەکانت هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشیت... بەڵام پێ دەچێت مرۆڤ نەزانێت گریانەکەی خۆشییە یان پەنگ خواردنەوەی ڕابردووە، کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ لە نیشتمان دادەبڕێیت لە بری زەردەخەنە بێ ویستی خۆت گریانێکی بەکوڵ دەگریت.

تۆ دەتویست ئەوەی خۆت ناوت نابوو تەمەنی بە«بەخەسارچووم لە غەریبیدا». جارێکی تر لە خاکی دایکە سوتماکەکەتدا بیگەڕێنیتەوە... یەکەمجار هەنگاو دەنێیت بەرەوە ئەو ئاپارتمانەی کە کۆمەڵێ ژن هەر لە کۆڵانی ئەودیوی خانووە سپییەکەوە گوێت لە قیژە و هات و هاواریانە گوایە مشت و مڕ و گفتوگۆ دەکەن و کێشەی شەیماکانی کورد دەدەن بەگوێی جیهاندا و پێی دەڵێن سەندیکای شەیماکان، سەرەتا دەسڵەمێیتەوە، دەتەوێ نەچیتە ژوورەوە باوەڕ ناکەیت پیشەی ژنانێک کە خۆیان بەپێشەوای ژنان دەزانن شیرە شیڕ و هاوارکردن بێت، بەڵام لای خۆتەوە ئەڵێیت پێ دەچێت شتێکی نابەجێ بەرامبەر بەژنێک کرابێت و ئەم هات و هاوارە هەڵڕشتنی دەریای توڕەیی ئەم چالاکانەی مافەکانمان بێت کە شەپۆل بدات، هەنگاوەکانت دەتگەیەنێت بەژوورێکی بچکۆڵە، دوو تاک قەنەفەی تێدایە و مێزێکی بچووکیش بەر پەنجەرەکەی گرتووە، ژنێکی قەڵەوی قژ کورتی ڕەشتاڵەش سەر مێزەکەی گرتووە، هەرکە چویتە ژوورەوە و سەلامت کرد دڵت بەوەڵامدانەوەکەی خانمی سەر کورسییەکە کرایەوە گەرچی بەلووت بەرزییش وەڵامی دایتەوە بەڵام تۆ گوتت پێ دەچێت بەهۆی تەمەنەوە بێت تۆیەکی تەنها بیست بەهار و ئەویش سەروو سی و پێنج هەروا لەم ڕۆژگارەدا وەڵامت دەدەنەوە، بەڵام تۆ دڵت بەدیالێکتە گەرمیانییەکەی خۆش بوو.

سێ ژن لە ژوورەکەدا دانیشتوون و هەریەکە لە ئاوازێک دەخوێنن، زۆر کەم بوار بەیەک دەدەن یەکێکیان قسە تەواو بکات و ئەوجا ئەوی تریان دەست پێ بکات، خانمی سەر کورسییش بەبێزەوە لەم لاو ئەولای دەنوارێت و سووتوی جگەرەکەی پەرش دەکات، بەڵام تۆ بەسەر خۆتی ناهێنیت و بەغرووری سەفەر و هەواڵە تەزویرەکانی کە حزبەکەی بۆی بڵاو دەکاتەوە دەژمێریت. بۆیە ڕووی تێ دەکەیت و کێشەکەی خۆتی بۆ باس دەکەیت، تۆ هێشتا لەم قسانەدا بوویت کە دەتگوت پێویستە ئەوان کارەکانت بۆ جێبەجێ بکەن و پشتگیریت بکەن، پشتگیریت بکەن لەو نیشتمانەدا کە خەونەکانی منالێت تێیدا نەڕواند، بۆ ئەوەی چەتە ئاژەڵە مرۆییەکانی نیشتمان بەر قۆچت نەدەن. کەچی خاتوونی خۆ بەزلزان هێندەی تر ناوچەوانە ترشەکەی دا بەیەکدا و لەو کاتەدا هەستا و تۆی لای سێ ژنەکەی تر لە ژوورەکەدا دانیشتبوون بەجێ هێشت، شەیما کە ناویان لێ نابوو شەیمای ئاوارە، قسەی خۆی نەبڕی. تۆ هەر بەردەوام بوویت لە قسەکردن بەڵام لەو هەستانەی ئەودا خەیاڵت هەڵواسرا بەتەنوورە کورت و فشەکەیدا، ئەوەش لە حوکمی عەمامەی پێشووەوە نەبوو کە تێیدا گوزەراندبووت، بەڵکو قسەکانی شەیما ئەکتەرت وەبیر دەهاتەوە کە پێی گوتیت خاتوونی سەر کورسییەکە دەیویست خۆ هەڵبژێرێت و ببێت بەسیاسەتمەدارێکی گەورە بەناوی شەیماکان، دایە حەبیبەی خاوەنی خانووە سپییەکەش زوو زوو دەیگوت: سەر ئەو کورسییە تەنیا یەک سوودی بۆ تۆ هەبوو ئەویش ئەوەبوو لە دوو چڵ ئیسقانەوە خڕومڕی کردی، دە تەنوورەکەت زیاتر هەڵبکە خۆت دەزانیت پیاوە حەشەرییەکانی ئێمە چۆن

دەنگ بۆ ژن دەدەن و هەڵی دەبژێرن، ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ئەڵێ: «دایە حەبیبە مەترسە مسۆگەری دەکەم، سەر سەلامەت بێت، قنگ با بۆ دەسەڵات بێت»، زۆر بەو خەیاڵەوە خۆت سەرقاڵ ناکەیت و لە قسەکردن بۆ ژنەکانی تر بەردەوام دەبیت، وا دەزانیت دەروازەیەکت بۆ کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو چەند مانگە بەدەست چەتەکانی نیشتمانەوە لە دڵتدا حەشارت داوە هەڵڕژیت، کاتێکیش خاتوونی خۆ بەزلزان دەگەڕێتەوە ژوورەکەی هێندەی تر تووڕەیی دەکەوێتە ناوچەوانی کە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا گوێی لێت دەبێت تۆ ئەڵێیت:

– ئاخر بۆچی ناتوانن هاوکاریم بکەن بەکاک (شین) بڵێن هەندێک ڕێزی ئاوارەیی و دەربەدەریی چەند ساڵەمان بگرێت و هێندە سوکایەتیمان پێ نەکات، خۆ ئێمە بۆ ئەوە نەگەڕاوینەتەوە شەرەف و جەستەمان ببەخشین بەچەتەکانی نیشتمان، ئێمە هاتینەوە نیشتمان بمانپارێزێت.

خاتوونی خۆ بەزلزان دەنگی بەرز دەکاتەوە و لێت دەپرسێ:

– پێم ناڵێیت تۆ ئێستا چیت دەوێت، کێ ناردوویتی تۆمەت بۆ ئەندامانی ئێمە دروست بکەیت، پێ دەچێت لەو دەشتی ئێرانەوە ئیتلاعات ناردبێتی یان سەر بەولا بیت، وا بێ شەرمی دەکەیت بەرامبەر بەڕێز کاک (شین).

– من ئەو قسە بەپێچەوانەی ئێوە تێ ناگەم و من ئەڵێم یان وازمان لێ بێنن بەکەرامەتی خۆمانەوە بژیین یان هاوکاریمان بکەن بگەڕێینەوە چونکە بەدەست چەتەکانی نیشتمانەوە لێرە ژیانمان نەماوە.

– جا بۆ ناژیت، کوا تا ئێستا کەسێکی تر هات ئەم سکاڵایەمان بۆ بکات ئەگەر درۆ ناکەیت، هەموو کەس خۆی دەتوانێت کەرامەتی خۆی بپارێزێت، تۆش برۆ خۆت بپارێزە.

– ئەی ئێوە بۆچی لێرە دانیشتوون و ناوی خۆتان ناوە کەرامەت پارێزی شەمیاکان، ئێمە دەتوانین خۆمان لە خەڵکی ئاسایی بپارێزین بەڵام ناتوانین



بەرامبەر چەتە دەسەڵاتدارەکان خۆمان بپارێزین.

– تۆ دەمدرێژی و بێ ئابڕوویيت کرد بەرامبەر کاک (شین) لێت خۆش نابین بەرامبەر ئێمەی بکەیت.

– باشە من نامەیەکم هەیە بۆم بگەیەنن بەمیری وڵات.

– ئەوە کاری ئێمە نییە، دوایی تۆ شەرم ناکەیت، دەتەوێ کاتی زێڕین و مێشکی پڕ داهێنانی ئەو بۆ ساتێکیش بەو شتە پڕوپوچانەی خۆتەوە خەریک بکەیت و بۆ کاری نەماوە شتی وەکو تۆ نەبێت؟

بەدڵشکاوی ئەو کوچە کارتۆنییەش بەجێ دەهێڵی و دەگەڕێیتەوە لانەی سارد و بێ زەوادتان، بیر لەوە دەکەیتەوە لە خەڵک بپرسییت بزانییت کێ لەو ژنانە وەکو تۆ تووشی هەمان دەرد و مەینەتی کراون بۆ ئەوەی هەمووتان پێکەوە دەنگتان بکەن بەیەک و بینێرن بۆ لای پیاوە گرگنەکەی میری شار، بەڵکو چارەسەرێک بۆ ئەو بەدڕەفتارییە دابنێت کە بڵاو بووەتەوە لە هەرێمەکەدا.

پاشان بەخۆت دەڵێیت نا من چاکتر وایە گوێ بگرم بزانم ئەم کۆمەڵە تۆمەت بۆ کام ژن زۆر دەکات و کامیان زۆر ناو دەزڕێنێت دەچمە لای ئەوانە چونکە دڵنیام ئەوانیش وەکو من لێپرسراوێک داوای کردووە خۆی پێ بفرۆشیت ڕازی نەبووە، ئەوانیش هەمان قەوانی منیان لەگەڵدا دووبارە کردووەتەوە. لەناو سەرجەم ئەو کۆمەڵە لێشاوە دەبەنگەدا ڕسوایان کردووە و چەندین باندی مافیایی ئابڕوویان بۆ داناوە تەنیا بۆ تۆمەت و بوختان دروست کردن.

***

سۆراخکردنی ئەو ژنانەی کە وەکو تۆ بەر شاڵاوی بێ ئابڕوویی چەتەکانی نیشتمان دەکەون کارێکی گران نەبوو، چونکە ئەو ڤایرۆسە بەسەر ژنانی شاردا دابەش دەکەن، ئەوەی پێی ڕازی دەبێت و دەکرێت بەشاژنی مەیدانی سوارچاکی و پیاوچاکی خۆیان، ئەوەیشی کە ڕازی نابێت وەکو تۆ و

شەمیاکانی تر ڕسوا دەکرێن، شاربەدەر دەکرێن.

تۆش ئەمڕۆ لەگەڵ شەمیای گۆرانیبێژ و شەمیای تایپیست و شەمیای ئەکتەر و پورە شەمیای دایکی شوان و شەمیای ڕۆژنامەنووس هاتوونەتە لای من، من شەمیای مافخوازم و نە بەماف و نە بەنووسین و جورنالیست نەمتوانی مافەکانی خۆم وەربگرم، بەڵام ئەوان هاتوونەتە لام مافەکانیان بۆ وەربگرم، هاتوون نامەکانیان بگەیەنم بەمیری شار.

من زیاتر بۆ ئەوەی ئەوان بێ ئومێد نەکەم بەرامبەر ئەو خاکە سوتماکە هیچ ناڵێم، بەڵام دەریای دڵم لە تێنەگەیشتنی ئەوان بەرامبەر کارە ساکارەکان پەنگ دەخواتەوە، ئەوان بەهەموو ژیرییان پێیان وایە ئەوەی دەکرێت لە دەرەوەی ڕەزامەندیی میری شار دەکرێت، ئەوان پێیان وایە ئەگەر دەنگیان پێی بگات ئیتر لانەی شەمیاکان لە دۆزەخەوە دەگۆڕێت بۆ بەهەشتی میری هەموان، ئەو بەهەشتەی تەنیا لە وتارەکانیدا دەیدا بەگوێی شەمیا خۆش باوەڕەکاندا. ئێوە خوێنتان جۆش دەدات بۆ ئەو مەسەلەیە و منیش دەزانم هەموو خوێن گەرمییەکانتان بۆ ڕاستکردنەوەی ناچیزەکانی ئەو سوتماکە وەکو بلۆقی سەر ئاوی لێ دەکرێت، بەڵام ناچارم گوێتان لێ بگرم... ئاخر مرۆڤ هەتا شتێک خۆی نەیبینێت و بەسەری نەیەت لە کاریگەریی تەواوی تێ ناگات و نازانێ کاریگەریی لەسەر خەڵک چۆنە و چییە، ئەگەر ئەمڕۆش ئازارەکانی خۆتان گینگڵی پێ نەدانایە باوەڕتان بەئازاری من دەکرد؟ بەڵام ئەمڕۆکە خۆتان بریندارن لە برینی منیش تێ دەگەن، بۆیە ئەمڕۆ پێتان دەڵێم چۆن ئەو خەونەی ئێوە بەتاڵە و هاتنە دیشی مەحاڵە.

هەریەکەتان بەئومێدەوە لاپەڕەیەکتان لە بەردەمی خۆتاندا ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بەکورتترین شێوە و دەربڕین نامەکەی لەسەر بنووسن بۆ میری شار نەوەک لە خوێندنەوەیدا بێ کەرامەتی و داوێن پیسی و شڕەخۆریی نوێنەرەکانی لەناو گەلدا تووشی شۆکێکی وای بکات کە ڕۆحی شیرینی بەمەرگ بسپێرێت و شار بێ میر بمێنێتەوە، یان لایەنی کەم بەهۆی ئەو



چەند کەسەوە دەریای خوێن لە شارەکەدا دروست بکات، بەخوێنی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ و فایلدارەکانی ئەمڕۆ و بەعسی و چلێس و کۆنە جاشەکانی ڕابردوو و کارمەندە بەرزەکانی ئەمڕۆ کە سوکایەتی بەدایک و خوشکی نەتەوەی هەڵەبجە و ئەنفال دەکات.

پورە شەمیای دایکی شوان کە لە هەموویان بەتەمەنترە ئەو هەموویانی کۆ کردبۆوە کە بێن بەیەک دەنگ و کێشەکانی خۆیان بگەیەنن و بەر لە هەموان هەڵی دایەوە هاتە قسە.

– ئەرێ کچم بۆچی بێ دەنگی ئێمە سەعاتێکە بگرە و بەردەمانە، قسەکردنمانە، بۆ تۆش مێشێک میوانت نییە؟ هیچ وەڵامێکمان نادەیتەوە؟ گوایە ئێمە گوتمان تۆی ماوەیەکە کردووە بەکچی خۆی، لە هەموو کەس زیاتر دەتوانیت دەنگی ئێمەی پێ بگەیەنێت، بەڵام تۆ لەوەتەی ئەو کردوویتی بەکچی خۆی غروور بوویت و هەمیشە چاوت شێتانە خەیاڵت پەرش دەکات و خەیاڵت ڕۆیشتووە.

– نا... نا... پورە شەمیا ئەوە غروور نییە، ئەوە تووشی شۆک بوونە، من ئەو دۆخە شتێکی گرنگی بۆ ڕوون کردمەوە کە تا ئێستا نامەوێ بیدرکێنم و چونکە بەزەییم بەخەڵکدا دێتەوە کە هێندە بێ ئومێدیان بکەم بەرامبەر بەو دۆخە خۆماڵییەی ساڵانی ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژن، من تێگەیشتم کە دنیاکەمان درۆیەکی گەورەیە و هیچی تر.

– جا کچم تۆش خۆ بەئازا ناسراویت بەخێرێ بۆچی ئەو درۆیانە و کێشەکانی ئێمەش بێ سڵکردنەوە نابەیتە لای، من دڵنیام لێیان قبوڵ ناکات و هەر هەموویان شاربەدەر دەکات، ئەی ئەو چەند ساڵە بەو شاخەوە بۆ ئێمەی نەکرد بەئاسوودە بژین؟ خوا عەلیمە ئاگای لە هیچی نییە دەنا چۆن قبوڵی دەکات.

– هاهاهاها چیت گوت پورە شەمیا؟؟

ئەوان بەسەرسامی لە پێکەنینەکەی من دەڕوانن و وادەزانن غروورم،

بۆیە وەڵام نادەمەوە، بەڵام من هەتا ئەوکاتە هەر بێ دەنگم و نامەوێ لەو بێ ئومێدییەی خۆیانەوە بەرەو بێ ئومێدییەکی تریشیان بەرم، بەڵام ئاخ لە دەست پورە شەیما واز لە قسە ناهێنێت و پێ دەچێ بیەوێ ئەمڕۆ خۆی یەکلا بکاتەوە بۆیە پرسی.

– ئاخر کچم بەویژدانی کێ ڕەوایە ئەو هەتیوە سەرەڕۆیەم لەسەر حزب حزبێنە گیرابوو، گوایە گوتبوویان ئەو لە بەرەی ئەو لایە، بەقوربانی عەقڵی کەڵەکی کوردیش بم هەر ئەم بەر و ئەوبەر و جیاوازی دەزانێت، کاتێک ڕۆشتمە لای هینی لێپرسراو بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بۆم بەرەڵڵا بکات، گوتی ئەو کارە بەئاسانی ناکرێت تاوانەکەی زۆر گەورەیە، پێویستە واستەی گەورەی بۆ بکەم...

– گوتم باشە ئاخر چیی کردووە خۆ بەعسی نییە ئەو بەریش هەر کوردە و دواییی ئیتر خۆیشت واستەی گەورەی، دەستم دامێنت شتێکم بۆ بکە با لە زیندان دەربهێنرێت، ئەو و خوا شک دەبەم و نانی شەو لە ماڵمدا نییە.

– گوتی: دەزانم باشە هەوڵی بەردانی دەدەم بەڵام ئەم جۆرە کارانەش هیمەتی تۆی دەوێت.

– گوتم بەچاوان، من ئێستا دەچم پارە قەرز دەکەم و قەلێکی گەورە یان گیسکێکی چاکت بەدیاری بۆ دەهێنم.

– گوتی: ئەی مەزەی قەلەکە چی بێت؟

– گوتم: وەڵا من لە مەزە و شتی وا تێ ناگەم، من دەیهێنم ئیتر خۆت چۆن دەیخۆیت ئارەزووی خۆتە.

– گوتی: نا، نا شەیما خاتوون خۆت گێل مەکە، مەزەی من لەگەڵ خواردنی ئەو قەلەدا خەوتنە لەگەڵ تۆدا... ئەوە مەرجیشە.

پورە شەیما لە دەربڕینی ئەو بڕگەیەی دواییدا، نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات دای لە پرمەی گریان و بەدەم گریانەوە گوتی:

– منیش نەمکرد بەنامەردی تفێکم کردە نەوچەوانی و هاتمە دەرەوە،



ئیتر لەو ڕۆژەوە هەرچی ناوناتۆرە هەبوو لەناو کۆمەڵدا لێم نرا، هەر ئەو کەسە خۆیشی چوو بوو بۆ زیندان و کوڕەکەمی وا تێ گەیاندبوو کە دایکی لەوەتەی ئەو زیندانە بەری بۆ چۆڵ بووە و بووە بەداوێن پیسترین کەس، وەکو ئەوەی جەنابی و کوڕەکەم من لە داوێن پیسی بپارێزن.

فرمێسکەکانت بەکوڵتر دەبن و ئەڵێیت:

– خوا تۆڵەی منیان لێ بکاتەوە، کارێکیان کردبوو، کوڕەکەم گوتبووی یەک ڕۆژ بەرەڵام بکەن با بیکوژم و ئەوکات بەدوو تاوان زیندانیم بکەن، ئەویش بەرەڵای کردبوو نەک ڕۆژێک ئەوە زیاد لە مانگێک دەبێت من خوا فریام کەوتووە پۆلیسێک کە گوێی لەو زوڵمە دەبێت، پێی گوتمەوە ئیتر هەتا ئێستا خۆمم شاردووەتەوە ئێستاش بەترس و لەرز هاتووم، کچم پێ دەچێت ئەوانە باندێکی تایبەت بەتۆمەت و درۆکردنیان هەبێت بەو ژنانەی تەسلیمیان نابن...

– بەڵێ پورە شەیما ئەمەیانت پێکا و وایە باندێکی بێ ئابڕووکردنی ژنانی دژە ناوگەڵی ئەوان و دژە فکر و سیاسەتی ئەوانیان هەیە تەنیا بۆ سووککردنی ئەوانە لەناو ئەو کۆمەڵە دەبەنگەدا و، ٩٠٪ یشیان ئەندامن لەو باندەدا. ئەوەش کارێکی ئاساییە بۆ ئەوان، ئەو کاتەی ویژدان نامێنێت، مەبەدەئیش نامێنێت بەرامبەر وڵات کە مەبدەئیش نەما ئیفلاسی ئەخلاقیش دادەهێنن لەناو خەڵکدا.

شەیمای ئاوارە خۆی پێ ناگیرێ و ئەڵێ:

– ئەی هاوار کاتی ئەم بەیت و باڵۆرە و فەلسەفەیە نییە و خۆ خۆتان گوێبیتان لێ بوو پورە شەیما چی گوت، تەنانەت تەماحیان کردوەتە ئەویش ئاخر ئەوە کەی ئابڕووە ئەمانە هەیانە، دەبێ شتێک بکەین، پاشان ڕوو دەکاتە من و ئەڵێ:

– بۆ هێندە بێباک لەگەڵمان دەدوێیت، خۆ بیستوومە لە ئێمە زیاتر بێ ڕەوشتی بەرامبەر بەتۆ کراوە، کەچی دەمت قفڵ داوە، تەنانەت کە خۆیشت

میری شار دەبینی و بینیوتە دیارە پێت نەگوتوە بۆیە هەمووان ئاگامان لێیە هەر بەردەوامن، وابزانم تۆ تەنیا کەسێکیت ئەوەندە دەمێکە بەرگری دەکەیت و چوویتە سەنگەری خۆ تەسلیم نەکردنەوە پێیان، سەرجەم شارەکە زانیویەتی چییان لێت دەوێت و کەچی نەتکرد پێی بلێیت و کۆتایی بەم بەزمەیان بهێنیت...

بەخۆم نەبوو قاقا پێکەنینێکی غەمبار پێکەنیم.

– چی؟ بەکێ بلێیم؟ دیارە ئێوە زۆرتان ماوە لەم گێژاوە تێ بگەن...

شەیمای گۆرانیبێژ کە تا ئەو کاتە بێ دەنگ بوو هاتە قسە و گوتی:

– باشە من کە باسی کێشەکەی خۆمم بۆ نووسی باسی ئەو کچەش بکەم کە لەگەڵ جەنەراڵدا دەیانویست بەو دەردەم بەرن یان بیکەم بەقوربانی ئەوەی کە ناوی ژنە.

پورە شەیما دەڵێ:

– جەنراڵی چی؟ و کچی چی؟ ڕۆڵە تۆ باسی چی دەکەیت، تۆ پێوەندیت بەکچی خەڵکەوە چییە؟ ئێمە گوتمان هەموومان بێ ئابڕوویەتیمان بەرامبەر کراوە لەلایەن چەتەکانی نیشتمانەوە ئێستا ئێمەش پێویستە ئەوان بێ ئابڕوو بکەین.

شەیمای گۆرانیبێژ: بەڵێ، ئاخر منیش هەروا ئەڵێم پورە شەیما، ئاخر مەسەلەکەی من ژنێکیشی تێدا بوو.

پوورە شەیما: چۆۆۆۆن؟!

شەیمای گۆرانیبێژ: خۆتان دەزانن من سەرەتای گۆرانی گوتنمە، بەڵام سەرجەم شاهیدی ئەوەم بۆ دەدەن کە دەنگێکی ئێجگار پەسەندم هەیە، بەڵام ناهێڵن، نایەنەوێ کار بکەم بۆ هونەر، جەنراڵەکانی میری شار، هەموو ڕۆژێ یەکێک لەوانەی کە تەنیا بۆ گەوادی کردنی نێوان خۆیان و خەڵک پلە و پایەیان پێ بەخشیوون دەنێرن بەشوێنمدا و ئەڵێن ئەبێ شەو بێیت بۆ ماڵی ئێمە هەتا بەیانی گۆرانیمان بۆ بلێیت، ئەو شەوەیان لەبەر



خاتری خاتوونێکی دۆستی یەکێکیان ڕۆیشتم، چونکە خۆی هات بەشوێنمدا و داوای کرد بچم بۆ ماڵی جەنەراڵ گوایە هەردووکیان بەیەکەوە ئاهەنگێکی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، منیش گوتم مادەم ئەم جارە ئەو خاتوونەی تێدایە با لەشەڕیان خۆم لابدەم و بچم... بەڵام چیتان پێ بلێیم، شەرم دەکەم بلێیم ئەوان هەتا بەیانی لەبەردەمی مندا هەرچییەک هەبوو کردیان و گۆرانیشیان بەمن دەگوت بۆ ئەو بەزمە و کە ڕۆژیش بووەوە بە ئوتۆمبێلێک منیان ناردەوە و هەڕەشەشیان لێ کردم ئەگەر ئەم وشانەی ئێستا بۆ ئێوەم درکاند بیدرکێنم بەبێ ئابڕوویی لە سەرم دەدەن و... ئاخر چەند بێ ئابڕوون من ئەگەر ئەمە بگەیەنم بەمیری شار چۆن لێیان قبوڵ دەکات نە ڕێزی مرۆڤ بگرن و نەڕێزی هونەر.

منیش گەرچی پرسیارەکەم بەگاڵتەجاڕی بوو چونکە دەمزانی هەموو پرسیارەکان دەچنەوە لای میر، پرسیم:

– ئەی تۆیش وەکو شەیمای ئاوارە نەچوویت بۆ سەنتەری شەیماکان بۆ ئەوەی بەرگریت لێ بکەن؟

شەیمای تایپیست بەر لەوەی شەیمای گۆرانیبێژ دەم بکاتەوە گوتی:

– ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ من خۆم کارم بۆ ئەوان دەکرد کە بینییان یەکێک لەو سیخوڕانەی کە لە ڕووی خەڵکدا چەپ بوو لە ژێرەوەش سیخوڕی خۆیان بوو، دەستدرێژیم بکاتە سەر و بەئەوانم گوت...

لێرەدا قوڕگی پڕ گریان دەبێت و ناتوانێت دەربڕینەکەی تەواو بکات تەنیا ڕوو دەکاتە من و ئەڵێت تۆ خۆت دەزانی چییان بەسەرهێنام، ئاگادارم کردوویتەوە.

«بەڵێ بیرم ماوە ئەو ڕۆژەی کە بەپرتاو و گریان خۆت کرد بەلای مندا و گوتت من کچێکی کوردم کەس نەماوە دەرگای پێ نەگرم هاوکاریم بکات، کەچی هەر بەسەرمیاندا کێشاوە، هاتووم خۆمت پێ بناسێنم و پێت بلێیم لە چ کێشەیەکدام.

بەڵام کێشەی تۆ لە هەمووان جیاوازتربوو، تۆ وەکو شەیماکانی تر نەبووی هەر لە دوورەوە گۆرانیی خەوخۆشی خۆیان بجوونەوە، تۆ دەستی پۆخڵەیی و چەتەییان پێت گەیشتبوو».

– شەیمای تایپیست: ئێستا دەزانن بۆچی داخ لە دڵم و کەمن خۆم لە سەنتەری شەیماکاندا بووم، ئەوکاتە گوتیان ئێمە پێویستمان بەتۆ نەماوە تۆ کێشەت هەیە و دەریان کردم، گوتیان ئەو کەسەی کە غەدری پێ کردووی گوێڕایەڵێکی باشی خۆمانە و لەبەر خاتری تۆ ئەو لە خۆمان زیز ناکەین، واشبوو زۆربەی نووسینەکان کە بەناوی هەندێکیانەوە بڵاو دەکرایەوە ئەوی چەتە بۆی دەنووسین بۆیە دەبوو من ببم بەقوربانی نەک کەسایەتیی کارتۆنی ئەوان.

پورە شەیما: جا کچم تۆ ئێستا دەتەوێ لای میری شار شکات لە کام لایان بکەیت؟

شەیمای تایپیست: لە هەردوو لایان.

هەتا ئەوکاتە شەیمای ڕۆژنامەنووس بێدەنگ بوو، بەغەمباری لە هەمووانی دەنواڕی و بەبێ هیچ دەربڕینێک، ئەو هەموو شتەکانی لە دیدەدا یەکسان بووبوو، ئەو لە گۆڤارێکدا کاری کردبوو، پاشان بۆی دەردەکەوێت ئەو گۆڤارە دەزگای سیخوڕیی خۆیان دەری دەکات، لەبەرئەوەی خۆی ئەندامیان بوو لەلای گرنگ نەبوو و لە کارکردن لەگەڵیاندا هەر بەردەوام بوو، ئەوەندە دەزانێت ڕۆژێک چاوپێکەوتنێک بەناوی ئەوەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە کە ئەو نەیکردووە و ئاگای لێی نییە، کە لە سەرنووسەر دەپرسێ ئەڵێ: ئەوە هیچ نییە خۆم حەزم کرد بەناوی تۆوە بڵاو بێتەوە و وەکو هاندانمان بۆ هاتنە پێشەوەی ژن بۆ مەیدانەکە، هاندانی تۆشە کە تازە دەستت پێ کردوە، خۆت دەزانیت ئێمە چەند بایەخ بەو لایەنە دەدەین، بەڵام هەر پاش تەنیا دوو ڕۆژ کە دەچێتە ژوورەوە گوێی لە دەنگی سەرنووسەرە کاتێک ئەو چاوپێکەوتنەی ساز داوە، بەپێکەنینەوە بەشەیمای ڕۆژنامەنووس دەڵێ: خۆت گوێت لێ بوو، ئەوە بەڵگەم هەیە ئیتر



چی دی نازم بەسەردا مەکە یان تەسلیمم دەبیت یان ئەو بەڵگەیە بەهەزاران کۆپی لێ دروست دەکەم و بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکەمەوە.

– شەیمای ڕۆژنامەنووس: جا ئەوە کەی کێشەی منە و خۆ من نەمگووتووە بەناوی منەوە بڵاوی بکەرەوە.

– جا ئیتر لە نێوان من و تۆدا بزانین خەڵک باوەڕ بەکاممان دەکات و بۆیە دوو هەڵبژاردنت هەیە یان بەدڵی من کردن یان ئابڕووچوونی هەتا هەتاییت... بەڵام ئەوەش بزانە ئەگەر بەئارەزووی من بکەیت چیت بوێت جێبەجێ دەبێت بەڵام پێچەوانەکەی هەتا ماویت پەیمانت دەدەمێ نابیت بەهیچ...

پاش ئەم کەین و بەینە شەیمای ڕۆژنامەنووس تەنانەت واز لە مامۆستاییەکەیشی دەهێنێ نەک هەر ڕۆژنامەنووسی و دەبێت بەژنیماڵەوە، بەڵام دەزگا بەناوبانگەکەی بێ ئابڕووکردنی جەماوەر ڕۆژانە جۆرەها قەوانی هەتا ئێستا بۆ لێ دەدەن بەڕادەیەک کە لە ناوەندەکەدا هەمیشە بیری خەڵکی دەهێننەوە.

شەیمای ئاوارە کە گوێی لە قسەکانی ئەوان دەبێت گریانێکی بەکوڵتر لە پێشتر دەگری و ئەڵێ: خەریکە منیش دەچمە سەر بێ ئومێدییەکەی شەیمای مافخواز و بڵێم پێویست ناکات چیدی بیر لەوە بکەینەوە خۆمان بەئومێدی دەنگ گەیاندن بەمیری شار خەریک بکەین، ئاخر خۆ ژنانی تر چاوەڕوانن ئێوە ڕزگاریان بکەن ئەمە بارودۆخی خۆتانە، ئەی کێ خۆتان ڕزگار بکات کە پێنووس و داد و ڕۆشنبیری و دانایی بەڵایەکی گەورەترە، ئەگەر من داوای مافی خۆم و پێنج خوشک و باوکێکی پیرم کرد داوای فیفتی بەفیفتییان لێ کردم، چیم بۆ بکەن ئەوەندەیان بدەمێ، خۆ ئەوان پێویستیان بەئێوە هەیە نەک ئەوان.

– شەیمای مافخواز: نا ئەوان تەنیا پێویستیان بەشڕەخۆر و چەتە هەیە نەک ئێمە تۆ خۆت بیر بکەرەوە ئەگەر تۆ داوای مافی خۆت کرد ئەوەیان

دەوێت، ئەی کاتێک ئێمە داوای مافی نەتەوەیەک دەکەین، ئەوانەشمان هیچیان پێ نەکرێت باندی مافیای شەرەفی بۆ دەخەنە گەڕ و لایەنی کەم بەتۆمەتی شەرەف تیرۆری دەکەن هەتا بۆیان ڕێک دەکەوێت خۆشمان تیرۆر دەکەن و بۆ ئەوەی کۆمەڵ ئەو مافەیان بداتێ.

پووره شەیما: ئەرێ کچان پێتان نەگوتم شەیمای ئەکتەر بۆ نەهاتووە.

منیش لەگەڵ ئەوەی غەمەکانی ئەوان لە بنەوە هەڵی کێشابووم بەجاڕسی گوتم:

– ئەویش بوو بەقوربانی... واتە وڵاتی بەجێ هێشت...

– پووره شەیما: ئاخ لە دەست ئەمانە هەر کەس هاتوو بەجێی هێشت و لەگەڵیدا کێشەکانیان بۆ ئێمە بەجێ هێشت.

– نا پووره شەیما کێشەکان وازیان لەو نەدەهێنا، خۆت دەزانی لە یەکێک لە دەزگاکاندا کاری دەکرد، ڕۆژێک لێپرسراوی دەزگاکەی ئەوەی لە هەموان داواکراوە لەوی داوا دەکات، ئەویش هەر ئەو ڕۆژە دەست لەکار دەکێشێتەوە و ئەڵێ ئەم جۆرە دەزگایانە تەنیا بۆ خۆتان جوانن لێتان دێت لەسەر ئەو کورسییانە بن... بەڵام کاتێک ئەو دەرواتە دەرەوە لە بۆردی ئاگادارییەکاندا بۆ ئەوەی سەرجەم میوانەکانیش ببینن، دەنووسێت ئەمڕۆ کەسێکمان لە دەزگاکەمان دەرکرد بەهۆی بێ ڕەوشتی... و باندی مافیاش خۆتان دەزانن دوای ئەوە دەکەونە کار بۆیە نەک کارەکەی، وڵاتەکەشی بۆ بەجێ هێشن...

شەیمای ڕۆژنامەنووس ڕوو لە من دەکات و ئەڵێ: شەیمای مافخواز پێ دەچێت ئەمڕۆ ڕۆژی ژن هەڵهاتن بێت، ئەوە دوو مانگە میری شار تۆی کردووە بەکچی خۆی، بۆیە لەتۆ نێزیکتر نادۆزینەوە کە بەڕاستی ئەوانەی پێ بگەیەنێت و بەرژەوەندی نەبێت.

– ئاخر چی پێ بگەیەنم ئێوە لە خەیاڵدا دەژین و من دڵنیام هیچتان بۆ ناکرێت.



– پووره شەیما: شەیمای مافخواز بڵێ هیچتان بۆ ناکەم و بڕایەوە.

– ئاخخ... دیارە ئێوە بڕوام پێ ناکەن بۆیە ناچارم ئەوەی چەندێکە باسم نەکردووە لەبەرئەوەی ئەو خاکە و ئەو خەڵکەم خۆش دەوێت و هەمووی وەکو من بڕیاری بەجێ هێشتنی نەدات، پێم دەدرکێنن.

– شەیمای گۆرانیبێژ: چییییی، بۆ ناڵێیت تۆش ئەم کاولەیە بەجێ دەهێڵێت.

– نەخێر ئەو کاولەیە منی بەجێ هێشتووە.

– پوره شەیما کچم تۆ ئەڵێی چی، ئێمە دڵمان بەتۆ خۆشە بەرگریمان لێ بکەیت.

– پوره شەیما من خۆشم پێویستم بەبەرگرییە، من تازە دەرکەوتبووم کە (سین) هاتە لام گوایە (فا)ی لێپرسراویان دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە پاش ئەوەی کە وەڵامەکەم پێچەوانەی ئارەزووی ئەوان بوو، جگە لەو هەموو سوکایەتییەی ئێوە لە شارەکەدا دەیبینن و چەند جاریش سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووم، کەچی هێندە بێ ئابڕوو بوون ڕۆژێک هاتەوە جارێکی دی گوتی کاک فا ئەڵێ بەخۆمان ڕازی نابێت با زانیاریمان بۆ کۆ بکاتەوە و هاوکاریمان بکات، منیش بەڕاستی عەقڵی ئەو کاتەم منداڵ بوو وەکو گوتم سەرەتای دەرکەوتنم بوو بۆیە گوتم: من ناتوانم بۆ ئێوە بنووسم و بەرگری لە ئێوە بکەم.

ئەو کە زانی لە مەبەستە ناپاکەکەی تێ ناگەم گوتی نانا نووسینمان ناوێت، هەزاران پیاومان هەیە بە بتڵی عەرەقی فەل چۆنمان بوێت وا بۆمان دەهۆننەوە، تۆ جوانیت دەتوانیت بەزەردەخەنەیەک زانیاریمان بۆ کۆ بکەیتەوە، ئەوجا تێ گەیشتم ئەوانە دەیانەوێ ببم بەتەزبیحی دەستی ئەوان و خۆفرۆشێکی ڕەسمی، پێم وابوو دەبێ بەعەقڵ و هێمنی مامەڵە بکەم و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم و دیسان دەشمگوت دیارە ئەوان بەهەڵە لە ژنان تێ گەیشتوون، بەتایبەت کە سین پێشتر گوتبووی وەکو

فلان خاتوون و فیسار ئەوانیش وا دەکەن بزانە چۆن لای ئێمە هەموو شتێکیان بۆ دەکرێت، بۆیە بەهێمنی گوتم ئاخر ئەوەی مرۆڤ بێت ئەو داوایانەی ئێوە ڕەت دەکاتەوە، ئەوانەش مرۆڤ نین بۆیە ئەوەتان بۆ دەکەن، دوایی من:

یەکەم: ئەگەر بمەوێت لە پیاوێک نزیک ببمەوە ئەوا بەرێگەی مەشروع لەگەڵیدا دەژیم چ پێویست بە سەرئێشەی نامەشرووع دەکات.

دووەم: گەر بمەوێ پێوەندی ببەستم، هاوسەرایەتی دەکەم و کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم و بەڵام لە ئێستادا هەرووکیان لای من ڕەتکراوەیە چونکە پرۆژەی پیرۆزترم لەبەردەمدایە.

سێیەم: ژنێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و بیرمەند و مافخواز، هەریەک لەمانە بۆیە دێنە ئەو بوارانەوە چونکە وا هەست دەکەن ناشیرینییەک هەیە پێویستە جوانی بکەن، هەڵەیەک هەیە پێویستە ڕاستی بکەنەوە، چۆن ئێوە هێندە بێ شەرمن دەتانەوێ ئەم جۆرە مرۆڤە ببێت بەخۆفرۆش و قێزەون.

چوارەم: ئەوەی تۆ دەیڵێیت داب و نەریتی کورد نییە و حزبی بەعس زۆری هەوڵدا ئەو نەریتە قێزەونە لەناوماندا بچێنێت، خۆ ئێوەش وەکو بەعس دوژمنی ئەو گەلە نین دەتانەوێ ئەو جۆرە ئاکارانەمان لەناودا بڵاو بکەنەوە.

پێنج: خۆ ئەگەر ژنێکی ڕۆشنبیر بزانێت ئەوە ئاکامی کارکردنی بێت بەو کردەوانە ڕازی بێت، کارەکانی و عەقڵی نەبینرێت و تەنیا بەجەستە ببینرێت، ئەوا دەچێت دەبێت بەژنی ماڵەوە و ڕۆژانەش خۆی تووشی ئەو هەموو سەرئێشە و کێشانە ناکات بۆ ئەوەی ئەوانەی ئێوە لە کۆمەڵدا بەو شێوە ناشیرینییە دەیچێنن، ئەوان ڕیشەکێشی کەن.

شەش: من هیچ کارێکم بەئێوە نییە هەتا بەو شێوازە ناشیرینە قسەم لەگەڵدا بکەن، ئەندامی ئەو کۆمەڵەم و ئێرەش شاری خۆمە، بەڵام ئێوە



ئاوارەن و لەسەر خوانی ئەم شارە نان دەخۆن لەبەرئەوە ئەگەر ڕێزی خۆتان ناگرن هی شارەکە بگرن.

حەوت: ئێمە خێزانێکین تا سەر ئێسقان چەوساوە و خاوەن شەهیدین شەرم ناکەن بەخەڵکانێک کە سەر و ماڵ و بەختەوەریی خۆی بەخشیوە ئەڵێن کەمە، وەرن ئێستاش شەرەفتان بەئێمە بفرۆشن، ئەمە ئەو بێ ئابڕوویەتییەیە کە شۆڕشی نوێ فێری کردن...

ئیتر من عەقڵی ئەو کاتەم هەر ئەوەندەی پێ شکا و، هەر ئەوەندەم دەزانی لێکی بدەمەوە، ئێستا ڕای زۆرم لەسەر ئەو نەخۆشییەی ئەوان هەیە، بەڵام ئەوسا لەوە زیاترم نەدەزانی و بیرم ماوە هێندە ساویلکە بووم گوتم، ئیتر جارێکی دی بەو مەبەستانە قسە لەگەڵ من نەکەن، چونکە من تەنیا بەخۆشەویستییەکی گەورە و پرۆژەی هاوسەری لە پیاوێک نزیک دەبمەوە ئەویش ئێستا نا زۆری ماوە، هەتا خۆم خۆم پێ نەگەیەنم هاوسەرێتیش ناکەم بۆ ئەوەی هێندە نەڵێن ژنی کورد بێ توانایە و لە سایەی پیاوێکدا پێ دەگات و...

سەیر بوو قسەکانی پێ بڕیم و یەکسەر گوتی تۆ کەسێکی بێ مێشکیت، بەرژەوەندیی خۆت نازانیت، بۆ کێی دەکەیت؟ ئەگەر بەقسەی ئێمە بکەیت هەرچیت بوێ لە دنیادا جێبەجێ دەبێت، گەر نا ئەوا هەتا ماویت ناهێڵێن بگەیت بەهیچ و هەر خۆشت لە شارەکەدا وا تەنگ پێ هەڵدەچنین لەو قسانەی ئێستات پەشیمان بیتەوە، ئەوە دوا بڕیاری کاک (فا)یە.

ئێستاش هەمووتان دەزانن و دەبینن نە دادگا لێ گرتن و نە سووکایەتی ماوە نەیکات لەگەڵ دەستەی مافیانی خۆیاندا، هیچ جۆرە هەوڵێکیش نەماوە نەیدەن بۆ لەناوبردنی و... دەزانن مەزەندە ناکەم نە پێنووس و نە زمان بتوانێت گوزارشت لە بێ ئابڕوویەتیی ئەمانە بکات... نامەوێ لەوە زیاتر بڵێم تەنیا ئەوەندە دەڵێم من بۆیە نزیک بوونەوە لە میری شارم پێ پەسندبوو بۆ ئەوەی ئیتر ئەو شەڕی سەنگەر بەسەنگەرە لەگەڵ چەتەکانیدا

کۆتایی پێ بێنێت کە نەک بۆ پاراستنی نیشتمان بۆ پاراستنی شەرەفمان لە دەستیان گرتوومانە... لەو خاکە سوتماکەدا بمێنمەوە بەجێی نەهێڵم، بەڵام ئەفسووس...

- پورە شەما... بەڵام چی کچم نەڵێی خوانەخواستە هیچی بۆ نەکردم؟

- خۆزگە پوورە شەما، بەڵکو بەئاگاداری خۆی هەموو شتێک کرابوو من زۆربەیانم ئاگادار کردەوە.

- شەمای گۆرانیبێژ: چ‌ی‌ی؟ کەواتە چارەسەر چییە؟

- شەمای مافخواز: لە ڕاستیدا من دەمێکە ڕۆحم سەفەری کردوە و لە شارەکەی خۆمدا هەست بەغەریبیی کوشندە دەکەم، بۆیە سەری خۆم هەڵدەگرم بۆ نیشتمانێک دەگەڕێم.

- شەمای ئاوارە: منیش ناچارم بگەڕێمەوە بۆ خاکی بەعس نەک کورد، بەڵام مەرج بێت وەکو ئێوە بێدەنگ نەبم سەرجەم جیهانیان لێ تێ بگەیەنم ئەوجا بەجێی بهێڵم.

- شەمای گۆرانیبێژ: بژی ئەو کوردایەتییەی بۆیان کردین، منیش هەر سبەی دەچم بۆ دەڤەرەکەی تر بەڵکو لەوێ مەردی تێدا بێت و لەم کاولەی پڕ چەتە ڕزگارم کات دەرچم.

- شەمای ڕۆژنامەنووس: منیش بریارم دا وەکو هەر کچێکی نەریتی کە کەسێک لە هەندەران گەڕایەوە و ئەگەر ٥٠ ساڵ لە خۆیشم گەورەتر بێت شووی پێ بکەم بۆ ئەوەی شەرەفم لە دەستی چەتەکان ڕزگار بکات... ئێستا دەزانم شێت بوونی کچان بۆ هەندەران تەنیا حیکمەتی پارە و گۆڕینی لە پشتەوە نییە.

- شەمای ئەکتەر: منیش دەچمە تورکیا، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەم لەدەست چەتەکانی نیشتمان ڕزگارم بکات.

پورە شەما دەست دەکات بەگریان و ئای بێ کەس خۆم کە ئەڵێ:



- ئاخر کچەکانم ئێوە هەمووتان دەڕۆن کێشەکان چارەسەر نابێت، ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەوانە کەسی یاخیی تیدا نەمێنێت، ئێوە دەڕۆن کێشەکانیش زیاد دەبێت.

- شەمای مافخواز: کۆمەڵێک هێندە دەبەنگ بێت وەکو مێگەل چۆنیان بوێ لێیان بخورن، کەی ویژدانیان بەئاگاهات ئەوکات دەگەڕێینەوە لایان و کێشەیان لەگەڵدا چارەسەر دەکەین، لەوانەیە ڕۆژێ بەخەبەر بێن وەکو چۆن بەعسیان دەرکرد چەتەکانی نیشتمانیش دەر بکەن.

- پوورە شەما: ئەی من بچم بۆ کوێ؟

- شەمای مافخواز: بەقسەی من بکەیت دەچیتە گوندێکی ئێکجار دووری کوردستان کە هێشتا ئاوەدان نەکرابێتەوە و تەنیا مەیموونی تێدا بێت، ئاوەدانی دەکەیتەوە، ئەو کات ئەم مەیموونستانە و ئەم مەیموونە بەشەرییانە بەجێ دەهێڵیت و لەگەڵ ئەو مەیموونە ئاژەڵانەدا دەژیت، ئەو کات وەفای ئەوان بەراورد بکە بەم جۆرە ئاژەڵە بەشەرییانە هەرگیز ناگەڕێیتەوە لەوانەیە ئێمەش بانگهێشتن بکەیت بۆ ئەوێ.

***

ئێستا من زەمەنێکە مەیموونستانم بەجێ هێشتووە، تەنیا بەنامە لەگەڵ شەماکاندا ئاگامان لەیەکە، شەمای ئاوارە ئەڵێت هێندە داخ لە دڵم ئەمجارە ئەگەر ڕیش و عەمامە بوو بەدەسەلات سوێند بەعەلی و عومەر دەخۆم، ئەگەر بەعسیش بوو بالروح بالدم دەکەم

پوورە شەما و شەماکانی تر هەر لە دوورەوە گاڵتەیان بەعەقڵی زگماکی ئەو مەیموونە بەشەرییانە دێت، بەهەمووشیان لەمن دەپرسن، منیش لە دوانامەدا بۆم نووسیبوون کە خاتوونە قەڵەوەکەی سەر کورسییەکەی ئەوێ چەند ولات دەکەم بەفەرمانی میری شار دەچێتە ئەو ولاتە، سەر بیدیش نییە تاقی نەکاتەوە بۆ ئەوەی وەکو چۆن لە مەیموونستان پێنووسی بۆ دروستکرابوو بۆی دروست بکەن، بەڵام ئەفسووس دوا چالاکییەکانی

بەشداری کردنە لە پرۆسەی کوشتندا، بێ ئابرووویانە لە هەندێ وڵات دەردەکرێت، ئێوەش سەیری هەواڵە تەزویرەکانی بکەن و قاقا پێ بکەنن لە مەیموونستان کردوویانە بەشای شەیماکان، خۆ کە کاک فا کاک عین یش یارمەتیی دەدا لە غوربەتمدا بتوانن بەیارمەتی بەعس ئەوەی دەیانەوێت بیکەن، خەجاڵەت، لوتیان شکا و بۆیە ئێستا ڕۆژانە ئیمێلەکەم خەجاڵەتنامەکانیان دەهێنێ و قۆبچەیەکی بچووکیش پێ دەکەنێ و دەیسڕێتەوە.

ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێ یاخییەکەم قسە دەکەم، ئا جا لێرەش قسە نەما جگە لە باسی مەیموونستان.

شەیمای گۆرانیبێژ: دیسان چی؟

شەیمای مافخواز: هیچ نییە، چەتەکانی میری شار بۆ خانمەکەی هاوڕێمیان نووسیوە ئەگەر بەبرۆ و برژانگی هیلالیماندا نەڵێیت فایلێک و فۆڵدەرێکت بۆ دروست دەکەین، جا ئەوجا هەر بڵێ من نەبووم.

پوورە شەیما: دەک خەجاڵەت بن، خۆ هەر هەموویان یەکێک لەم مەیموونانەی ئەم ناوچە چۆڵەی من ناهێنن، ئەم مەیموونانە لە ورچیش دەمپارێزن، کەچی ئەوان...

*٤ مارس ٢٠٠٤ کەنەدا*

# ناوەڕۆک

کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟ 5
تاوانبارەکەی کەنار دەریا 14
ژنێک لە پێکی ڕابردوودا 18
ئەو نامانەی بەر لە مردن نەخوێنرانەوە 24
ئەو بخووری نەمری دادەگیرسێنێ 31
ژنەکانی ژەنراڵ 40
ئەو سێوی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم 46
کچە ئازادەکە 57
نمایشکاری گۆڕەوی 62
مەیموونستان 73